محەمەد وەسمان

# زاراوەزانی

هەولێر-٢٠٢١

ناوی کتێب: زاراوەزانی

- ن:محه مه د  وه سمان
- تیراژ: ٥٠٠ دانه
- نۆره ی چاپ: ٢٠٢١
- چاپ:سنوور-هه ولێر
- له به ڕێوه به رایه تی گشتی کتێبخانه گشتییه کان ژماره ی سپاردنی

(٢١٤)ی ساڵی (١٢|٢٤| ٢٠٢١) پێ دراوه.

# پێشەکی

زاراوەکان (مصطلحات- Terms)، لەهەموو زمانێکی زیندوودا بەشێکی زۆری وشەکانی ئەو زمانە پێکدێنن. ئەم بەشەش بابەتەکانی زانست و رۆشنبیری و ئەدەب و هونەرو ئابووری و رامیاری و... هتد دەگرێتەوە.

زاراوە کۆڵەگەی زمانی نەتەوایەتییە، بنچینەی زمانی ستانداردی نەتەوەیە. دیالێکتەکانی لەیەک نزیک دەکاتەوە، دەبێتە هۆی پێکهێنانی یەکێتی دەربڕین و بنچینەی ئامرازی گواستنەوەی هزرو بیرو داهێنان بۆ نەوەکانی داهاتوو بە یەکگرتوویی. پێشکەوتنی هزرو بیری مرۆڤ و پێداویستی ژیان و کۆمەڵ ، زیادبوونی بەرهەم... هەمیشە پێویستیان بە پەیدابوون و هاتنە کایەی وشەی نوێ هەیە. وشەکانی زمان زیاد دەبن و گەشە دەکەن و گۆڕانیان بەسەر دادێت، هەندێکیان لە بەکارهێنان دەکەون، بەڵام بزووتنەوەیەکی بێ وچان و بەردەوام لە زماندا هەیە لەسەر بنچینەی ئەو ووشانەی لەزووەوە لە زمانەکەدا هەن وشەی نوێ دروست دەبێت.

بە گشتی زاراوەگەری سێ بوار لەخۆدەگێت:

١-زاراوەزانی:لەچەمکەکان و پەیوەندییە بوونی وژیربێژییەکان (لوجیکییەکان)ی نێوانیان و زاراوە زمانیەکانی دەریان دەبڕن دەکۆلێتەوە.

٢- زاراوەسازی:بایەخ بە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگەتایبەتمەندییەکان دەدات،کاغەدی بێت،یا ئەلیکترۆنی.

٣-تۆژینەوەی زاراوەزانی:لەم بوارانە دەکۆلێتەوە: مێژووی زاراوەزانی وفێرگە زاراوە گەرییەکان وبە بەڵگەنامەکردنی زاراوەکان ودامەزراوە زاراوەگەرییەکان وزاراوەگەران وراهێنان لەزاراوەگەریدا و...هتد.

زاراوەزانی لێکۆڵینەوە لە زاراوە و چەمکەکان لە بوارەجیاجیاکانی، وەك:پزیشکی،ئەندازەیی،زانستەکانی دیکە وزانستەمرۆییەکان دەکات.

گرینگی زاراوە:

زاراوەکان کلیلی وانستەکانن،وتراوە لەزاراوەگەیشتن نیوەی زانستە،لەبەرئەوەی زاراوە بێژەیێکە چەمک(مفهوم) ێک دەردەبڕێت.

دیارە زاراوە دانان گیر وگرفتی زۆرە، لەوانە : دانانی لە یەک زاراوە زیاتر بۆ واتایەک، پەنابردنە بەر زاراوەی بیانی، داڕشتنی نادروستی زاراوەی نوێ... هتد.

بۆ روونکردنەوەی دوورایییەکانی زاراوەزانی و ئەزموونی لایەن و کۆڕ و کەسایەتیەکان لەم بوارەدا، بووەتە هەوێنی ئەم نووسینە.

پێڕۆی باسەکە:

سەرەتا بایەخی زاراوەزانی دەخاتە بەرچاو و دواتر ئاوڕێک لە هەندێک ئەزموونی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا دەداتەوە، وەک:


-ئەزموونی کۆڕی زانیاری کورد کە لە(١٩٧١/٣/١٧) دەست بەکاربوو تا پێکهێنانی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق لە (١٩٧٩/٥/٢٠).

- ئەزموونی مامۆستای گەش ژیاو مەسعود محەمەد لە بواری زاراوە داناندا.

- بەسەرکردنەوەی نامیلکەی (زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کورد)ی گەش ژیاو مامۆستا د. کامیل بەسیر


ئینجا دێینە سەر بنەماکانی زانستی زاراوەدانان و یەکخستنیان و ئەرشیف کردنی زاراوە و دەستنیشانکردنی گیروگرفتەکانی و دۆزینەوەی رێگا چارەی پێویست،بە لەبەرچاوگرتنی بیروبۆچوونەکانی د. مەمدوح محە مەد خە سارە ،لەکتێبی (علم المصطلح وطرائق وضع المصطلح فی العربية ،د. ممدوح محمد خسارة، دار الفكر،د مشق،٢٠٠٨)،بەهیوای ئەوەی سوودبەخش بێت.

# زاراوەزانی











سەرنجێك لە چەند زاراوەیەکی
تازە بەکار هاتوو و کۆڕی زانیاری کورد
chalakmuhamad@gmail.com

دوکتۆر جەمال نەبەز

لە گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات وەرگیراوە

« مستل من مجلة كلية الآداب »

ژمارە ٢٢

١٩٧٨

چاپخانەی « دار الجاحظ »

## دەسپێک

ئەمڕۆ ،زمانی کوردی  بە قۆناغێکی مەزنی گەشەسەندن و پەرەپێدان و خزمەتکردندا دەڕوات، خۆشبەختانە بووەتە زمانی پەروەردەو فێربوون، زمانی کارگێڕی و سیاسەت و زمانی دادگەو یاسادانان...

لەم سی ساڵەی رابردوودا سەدان زاراوەی نوێباو لە بوارە جیاجیاکانی زانست و تەکنۆلۆژیا و جیهانی بیر.. زمانی کوردی پێ دەوڵەمەند بووە، ئاشکرایە پاشە رۆژی زانستی و رۆشنبیریمان تا رادەیەکی زۆر پێبەستە بە کوردی کردنی پەروەردەو فێرکردن و بەرنامەکانی خوێندن، بە هەموو ئاستەکانیەوە.

لەم رۆژگارەماندا بە لێشاو زاراوەو ناوی نوێباوی داهێنراوەکان دەکەونە بەردەست و دۆزینەوەی زانستی، لە ئەزموونگەو کارگە کیمیایی و فیزیایی و پیشەسازی و ئاسمانگەری دێنە ئاراوە، هەندێ ئامار دەڵێن: لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا زانایان رۆژانە نزیکەی (١٥-٥٠) زاراوەی نوێ دادەنێن.

ئایا چۆن لەتەک ئەم بزاڤە سەرتاسەرییە، هەوڵی خۆمان هەبێت؟

نزیک و بەردەست ترین رێباز ئەوەیە لە تەک کۆڕی زانیاریداو بە رێنمایی و چاودێری ئەوەوە بواری داهێنانی تاکە کەسی و کاری بە کۆمەڵ و کاری گرووپی تایبەتمەندان بدرێت بۆ بەدوا داچوونی کاری زانستی و زاراوە دانان، تا ئەو رۆژەی دەگەینە ئەو ئاستەی خوێنەر یان مامۆستای وانەبێژ دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەیەک لە زمانێکی بیانیەوە دەخوێنێتەوە، بۆ بەیانی بتوانێت بە زمانی کوردی و بە رەوانی بیڵێتەوە.

ئا لەم ئاستەدا دەتوانین بڵێین لە پێشکەوتنی زانستی دوانەکەتووین، نەک هەر تەنیا لە دوورەوە پێی سەرسام بین؟

مێژووی دانانی زاراوە ، بە تایبەتی زاراوەی زانستی کۆنەو هەر لە یەکەم دانانی فەرهەنگەوە گەشەی کردووە و فەرهەنگ نووس و ئەدیب و وەرگێڕو رۆژنامەنووسان رۆڵی مەزنیان تێدا گێڕاوە.

(جگە لەمە شوێنی کوردستان ومێژووی چەندهەزار ساڵەی گەلی کورد کارێکی وەهایان کردووە ژمارە

یەکی زۆر وشەی بێگانە بەتایبەتی (عەرەبی و فارسی و تاڕادەیەکیش تورکی )تێکەڵی زمانەکەمان بن)(عەبدولڕەحمان زەبیحی،١٩٧٩، ل ٤٦)

زمانی کوردی زمانێکی زیندووە بڕوانە دەیان وشە و زاراوەی بیانی - جیهانی لەخۆ گرتووە، بەتایبەتی ئەوانەی لە بنجدا یۆنانی یا لاتینین، وەک: تەلەفۆن، تەلسکۆب، میکرۆفۆن، میکرۆسکۆب، کۆمپیوتەر، سەتەلایت، ئینتەرنێت، رادیۆ، ئۆزۆن،سینەما،دیموکراسی،یورانیۆم،ئۆکسجین، ......یان ئەوانەی بۆ یادی زاناو داهێنەرەکان داندراون، وەک: ڤۆڵت، ئۆم، کۆری، ئەمپێر، وات....،یا لە چەندان پیتی لێکدراو دروست بووینەو لەسەر ئاستی جیهاندا باون، وەک: (رادار، لێزەر، ناپاڵم، یۆنسکۆ، UN...).

بێ سڵەمینەوە بە بێژەو(تلفظ)ی بیانیەوە وەرگیراون و زۆر ئاساییە و زمانی کوردی پێ دەوڵەمەند بووە، وەک دەیان زاراوەی دیکەی وەک: زەکات، حەج، محەمەد...ئاشکرایە -یاسای هەڵبژاردنی لێهاتووترین و بەتواناترین - ئامرازێکی گۆڕان و مانەوەیە، وەک لە ژیاندا لە کاردایە، لە زمانیشدا لەکار دایە، زۆر زاراوەی نوێ پشت گوێ دەخرێن و هەندێکیش برەو دەسێنن و

بەکار دێن و هەندێکیش واتای دیکە، بە نموونە کۆڕی زانیاری کورد لە (١٩٧٣) دوو زاراوەی بۆ:

(ملحق الكتاب) دانا، (پاشکۆ) و(پاشەک)، یەکەمیان پەرەی سەندو بەکارهات کەچی دووەمیان پووچایەوە،یازاراوەی (ئاژیار)و(هاژۆ)ی بۆ (السائق) دانا، ئەویش لەبەکارهێناندا سەرنەکەوت، هەند ێ وشە لە واتای کۆنەوە دەگوازرێنەوە بۆ واتایەکی نو ێ بەکاردێن و واتا کۆنەکە ون دەبن.

لە هەندێ باردا واتا کۆنەکە بازنەی بەکارهێنانی تەسک دەبێتەوە وەک (تەوەر) و( دیمانە)...، لەم رووەوە فەرهەنگ رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دەست نیشانکردنی واتاکان و ئاڕاستە کردنی خوێنەر بەرەو واتای نوێ و بڵاوکردنەوەی وشەی نوێباو.

سەرەڕای رۆڵی بێ هاوتاو زۆر گرنگی ئینتەرنێت ومیدیاکان، بە راستی رۆژنامە و گۆڤار و رادیۆو تەلەفزیۆن بوونەتە زمانی خەڵک، هەنگاوێکی گرنگ بەرەو دروست کردنی زمانی ستاندارد داوێن.

لەبەر ئەوە پێویستە بایەخێکی زۆر بە زمانی رۆژناگەری بدرێت و ئاڕاستە بکرێت،سەرەڕای ئەوەیش

پێویستە بایەخ بە وەرگێڕان بدرێت، وەرگێڕان هونەرو سازکارییە، ئێمە پێویستمان بە پێگەیاندنی توێژێکی وەرگێڕی زانستی و تەکنیکی هەیە، ئەندازیاران و تایبەتمەندانی بوارەکانی دیکەی زانست ،کە بە زمانی بیانیان خوێندووە، پێوستە هان بدرێن، بۆ وەرگێڕان و کەرەسەی پێویستیان بخرێتە بەردەست لەهەمان کات هەوڵی پێگەیاندنی تایبەتمەندان لە بواری وەرگێڕانی زانستی و تەکنیکی بدرێت، ئەوەیش پرۆسەیەکی پەروەردەییە.

# بەرایيەکانی زاراوەگەری لە ڕۆژئاوا

**Eugen Wüster**



Eugen Wüster in 1967

| | |
|---|---|
| **Born** | Eugen Bernhard Casper Wüster<br>10 October 1898<br>Wieselburg, Austria |
| **Died** | 29 March 1977 (aged 78)<br>Vienna, Austria |
| **Occupation** | electrical engineer<br>industrialist<br>terminologist |




**Ferdinand de Saussure**



| | |
|---|---|
| **Born** | 26 November 1857<br>Geneva, Switzerland |
| **Died** | 22 February 1913 (aged 55)<br>Vufflens-le-Château, Vaud, Switzerland |
| **Alma mater** | University of Geneva<br>Leipzig University (PhD, 1880)<br>University of Berlin |
| **Era** | 19th-century philosophy |
| **Region** | Western philosophy |

**Ernst Drezen**



Ernst Drezen( 1892 -1937 )
Activities Interlinguistic, Esperantist, writer, engineer Member of Sovetrespublikara Esperantista Union

# سەرهەڵدانی زاراوەزانی هاوچاخ

لە دوو سەدەی هەژدەم ونۆزدەم ،زانایان پێشەنگی زاراوەدانان بوون،بەڵام بەدوای دۆزینەوەی بنچینەکانی زاراوەداناندا نەبوون.

لەسەدەی بیستەم،بەهۆی پێشکەوتنی خێرای تەکنۆلۆجیا،پێویستی بە ناونانی چەمکە نوێکان دەدا،هاوکات رێککەوتن لەسەر مەرجەکانی کاری زاراوەگەری، ئەندازیارو تەکنیککاران لەوبوارە هاوبەشیانکرد.

لەماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ،نە زانایانی زمان و نە زانایانی کۆمەڵناسی بایەخی تایبەتیان بە زاراوەکان نەدا.

زاراوەکان،وەک ئەمڕۆ دەیانزانین،یەکەم جار لەسییەکان دەرکەوتن.

پێشەنگی ئەم ناوانەی پەیوەستن بە لێکۆڵینەوە لەزاراوەکان یوجن وەستەر بوو (( Eugen Wüster ( ١٨٩٨ ــ١٩٧٧) ،زانایێکی زمانەوانی نەمساییە وبە

باوکی زاراوەزانی دادەندرێت،وەستەر کارەکانی زۆرگرنگ بوون بۆپەرەدان بە زاراوە نوێکان ،بەتایبەتی تێزی دکتۆراکەی لە ١٩٣٠ دا ،چەندان بەڵگەو بەهانەی کارکردن وژمارەیێک بنەمای کارکردن ودەستنیشانکردنی خاڵە سەرەکییەکانی بەرنامەکەی بۆ چارەکردنی زاراوەکان لەزاراوەزانیدا خستەڕوو.

وەستەر ئاماژە بە چوار زانا دەکات دەکرێت بە تیۆردانەری زاراوەزانیان بزانین:

-ئەلفرێد شلۆمان "Alfred Schlomann ،

لە ئەڵمانیا،یەکەم کەسە لە سروشتی بەرنامەیی زاراوە تایبەتییەکان کۆڵییەوە.

-زمانەوانی سویسری فێردیناند دی سوسیر

Ferdinand de Saussure،یەکەم کەسبوو سەرنجی دایە سروشتی بەرنامەیی زمان.

-یێ .درێسن E. Dresen, ,( Ernest Karlovich (Dresen

(١٨٩٢ -١٩٣٧)ی زانای زمانی رووسی وسۆڤیێتی ،پێشەنگ بوو لە بایەخدان بە پێوانەسازی.

-توێژەری ئینگلیزی جی.ئی.هۆلمسترۆم J. E. Holmstrom، رۆڵی گرنگی هەبوولە بڵاوکردنەوەی زاراوەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتان لەرێگەی یۆنیسکۆوە .هەرلەسەدی نۆزدەوە،زانایانی زیندەوەرزانی وکیمیا لەئەوروپا دەستیانکرد بە یەکخستنی رێساکانی دانانی زاراوە لە سەر ئاستی جیهان.

ئەم بزاوتە بەرە بەرە گەشەی سەند. لەنێوان دووساڵی١٩٠٦ و ١٩٢٨ دا فەرهەنگی وێنەداری(شلۆمان) بۆزاراوە تەکنۆلۆجییەکان بە شەش زمان ولە شازدە بەرگدا دەرچوو.

بەهای ئەو فەرهەنگە لەوەدایە، کە تیمێکی شارەزای نێودەوڵەتی دایناوە و زاراوەکانی ئەلفبێیانە ڕیزنەکراون ، بەڵکو بە پێی چەمکەکان و پەیوەندی نێوانیان ڕیزکراون ، بەجۆرێک کە پۆلێنی خودی چەمکەکان بەشداری دەکات لە ڕوونکردنەوەی واتای زاراوەکان و لێکدانەوەیاندا و لە ساڵی ١٩٣١ کتێبی (یەکخستنی نێودەوڵەتی زمانەکانی ئەندازە) ، بەتایبەتی ئەندازەی

کارەبایی ، دەرچوو لە لایەن (فیستەر) (Wuster) ە وە ،کە مامۆستای زانکۆی ڤییەنا بوو ، ساڵی ١٩٧٧ کۆچی دوایی کرد ، دوای ئەوەی بنەماکانی ئەم زانستە نوێیەی چەسپاند و زۆربەی زمانەوانان و ئەندازیاران ئەم کتێبەیان بەیەکێک لە چاوگە گرنگەکان دانا لە پیشەکەیاندا ، فیستەر Wüster لە کۆتایی ژیانیدا ،زاراوەزانی دەکات:ئەوزانستەیە سیستەمی فەرهەنگی تایبەت بە زانستێک لەزانستەکان لەخۆدەگرێت،شەقڵەکانی ئەمانەن:

١- زاراوەزانی لەچەمکەکان دەکۆڵێتەوە،بۆگەیشتن بە زاراوەزانی زاراوەکانی ئەمچەمکانەدەردەبڕن.

٢-لەسەر پێڕۆێکی ئادگاری(وصفی)دەڕوات.

٣- زاراوەزانی ئامانجی پلانی زمانەوانییە،پێوانەگەری وپۆلینکردە پەیڕەودەکات.

٤- زاراوەزانی زانستێکی نێو زمانانە.

٥-زۆربەی جاران پەیوەستە بە زمانی نووسراو.

ساڵی ١٩٣٦ ، لەسەر داوای یەکێتی سۆڤیەتی جاران بە نوێنەرایەتی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی (لیژنەی تەکنیکی زاراوە) پێک هات لە ناو (یەکێتی جیهانی کۆمەلی پێوانە نیشتیمانیەکان ISA) دا،کە دوای شەڕی جیهانی ، لێژنەیەکی نوێ (لیژنەی تەکنیکی)، شوێنی (لێژنەی تەکنیکی زاراوە)ی گرتەوە، کە تایبەتمەندە لە دانانی بنەماکانی زاراوەو ڕێکخستنیاندا و بەشێکە لە (ڕێکخراوی جیهانی یەکخستنی پێوانەیی ISO) کە مەڵبەندەکەی لە جنێفەو (فێرگەی نەمسایی پێوانەکان) لە ڤییەننا، ڕازگریی (لیژنەی تەکنیکی)ی گرتۆتەوە ئەستۆ.

ئەم لیژنەیە، بەهەوڵ و کۆششێکی زۆر و بەرچاوی لە بواری (یەکخستنی بنەماکانی زاراوە دانان)دا، وەک لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسی دەکەین،ناسراوە.

لە پێشەنگانی زاراوەزانی نوێی سۆڤیێتی لە ١٩٥٠ (لۆت- Lotte ) و(شابلجین ) ١٨٦٩-١٩٤٢ بوون.لە ١٩٣٣ لۆت (لێژنەی زاراوەزانستی وتەکنۆلۆژییەکان)یدامەزراند.ئۆدوین هۆڵمسترۆم(Holmstrom)، یەکێکە لە گەورە شارەزایانی یونسکۆ، کە هانی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەی دا،(فەرمانگە زاراوە نێودەوڵەتییەکان) دابمەزرێنی و

پارەی پێویستی بڵاوکردنەوەی بیبلۆگرافیایەکی دوو بەرگی تەرخان بکات، کە ناونیشانی فەرهەنگە تایبەتمەندەکانی زانست و تەکنۆلۆجیایان تێدایەو لەم ساڵانەی دواییدا چاپێکی نوێی لێ زیادکراوی بڵاوکرایەوە.

ساڵی ١٩٧١، بە هاوکری نێوان یونیسکۆ و حکومەتی نەمسا ، مەڵبەندی نێودەوڵەتی زانیاریە زاراوەییەکان (Infoterm)لە ڤییەنا دامەزراو مامۆستا هەڵمۆت فێلبەر (Felber) مامۆستای زاراوەسازیی زانکۆی ڤییەننا بەڕیوەی دەبات ، کە بەکارایی و چالاکی و فراوانی لەو بوارەدا ناسراوە ، گرنگترین ئامانجەکانی ئەو مەڵبەندە ئەمانەن :

١. هاندانی توێژینەوە زانسیەکانی بیردۆزی گشتی زاراوەسازی و دانان و تۆمارکردنی زاراوە سازکردنی خولی ڕاهێنان لەو بوارەدا.

٢. تۆمارکردنی ئەو زانیارانەی کە پەیوەندیان بە زاراوە و دامەزراوە نیشتیمانی و نێودەوڵەتییە گشتیەکانی ئەو بوارە و شارەزایان و پرۆژەکانەوە هەیە.

٣. ڕێکخستنی هاوکاری نێودەوڵەتی بواری زاراوە و ئالوگۆڕی و زانیاریگۆڕکێ لەو بوارەیەوە.

٤. لێکۆلینەوەی توانستی هاوکاری نێوان بانکەکانی زاراوە و بنچینەکانی زانیاریگۆڕکێ نێوانیان ، ئەم مەڵبەندە ، چەند کۆنگرەو کۆڕێکی جیهانیی سازکرد.

یەکەمیان : (یەکەم کۆڕی جیهانی دەربارەی هاوکاری نێودەوڵەتی بواری زاراوە) بوو کە ساڵی ١٩٧٥ لە ڤییەننا سازکراو بە روونی، پێویستیی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی هاوکاریی زانیاریگۆرکێ دەربارەی زاراوە و ئارەزووی زۆری خۆی لەو بوارەدا خستە ڕوو، یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەو کۆڕە، ئامادەکردنی رابەرێک بووبە ناوی ڕێکخراوە کاراکانی بواری زاراوە سازی و چالاکییەکانیانەوە لە بەر ئەوەی چەند کەڵە رێکخراوێکی نێودوڵەتی، بەپەرۆشەوە کۆمپیتەریان بەکارهێنا بۆ هەڵگرتن و تۆمارکردنی زاراوەو پێویستیی رێککەوتن لەسەر ئەو بنەما جیهانیانەی زانیاریگۆرکێ ئاسان دەکەن، مەڵبەندەکەی ڤییەننا، لە نیسانی ١٩٧٩دا، یەکەم کۆنگرەی ئەو بانکە نێودەوڵەتیانەی زاراوەی ڕێکخست بەمەبەستی:

( 1 ) چەسپاندنی بنەماکانی هاوکاریی نێودەوڵەتیی بواری زاراوە زانستی و تەکنۆلۆجییەکان و ئاڵوگۆڕیان و مەرجەکانی ئەم هاوکارییە.

( 2 ) گەشەپێکردنی ئەو کۆمەڵە بنچینە ڕێنماییەی دامەزراندنی بانکی نوێی زاراوە ئاسان دەکات.

( 3 ) بەرچاوخستنی بیرۆکەیەکی ڕوونی ئەو کێشە سەرەکییانەی ڕووبەڕووی بانکەکانی زاراوە دەبنەوە وپێشنیازکردنی چارەسەربۆیان.

مەڵبەندی زانیارییە نێودەوڵەتییەکانی زاراوە(Infoterm) بە هاوکاریی ئەکادیمیایی زانستی سۆڤێتی، کۆڕێکی جیهانی دەربارەی کێشە تیووری و بەرنامەییەکانی زاراوەسازی لە مۆسکۆ ڕێکخست، لە نێوان(٢٧-٣٠)ی تشرینی دووەمی١٩٧٩دا بۆ لێکۆڵینەوەی فەرهەنگسازی و بارودۆخی هەنووکەیی و توانستی گەشەپێکردنی و کێشەکانی ڕێکخستن و هاوئاهەنگی و ڕێکخستنی زاراوە و فێرکردنی زاراوەسازی و پێوەندی زاراوەسازی بە زانستەکانی ترەوە، کۆڕەکە، لە کۆتایی کۆبوونەوەکانیدا، پێویستی قووڵکردنەوەی هاوکاری و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و

شارەزایی لە هەردوو ئاستی نیشتمانی و جیهانیدا، بۆ چارەکردنی کێشە تیووری و بەرنامەییەکانی زاراوەسازی و گەشەپێکردنی نموونەیەکی بانکی زاراوەی تایبەتی چەند بوارێکی دیاریکراوی راسپارد، هەروەک خۆزگەی خواست کە ئاکاری کاروباری هەڵسووڕانی بواری زاراوەو سروشتی کارەکانیان و کۆکردنەوەی ئەو بەرنامە زانکۆیانەی کە بەکاردەهێنرێن،یان ڕەنگە لە خوێندنی زاراوەسازیدا بەکاربهێنرێن، دابنرێت و پێویستی وڵاتە گەشندەکانیش ڕەچاو بکرێت.

دوا کۆنگرە، لە بواری زاراوەسازیدا(کۆڕی جیهانی دەربارەی کێشەکانی هاوواتای و پێناساندنی زاراوەسازی بوو، کە لە (کوبیک)ی کەنەدا و لە حوزەیرانی١٩٨٢داو، کۆڕی تایبەتی زاراوەسازی،لەکۆنگرەی جیهانی فەهەنگسازان لە زانکۆی ئەکستەر کە ئەیلولی ١٩٨٣دا سازکران.

٣-پێناسەی زاراوەزانی

لەگەڵ ئەو گەشەکردنە مەزنەی زانست و تەکنەلۆجیا و نەشەنمای خێرای هاوکاریی نێودەوڵەتی،پیشەسازی و

بازرگانی و بەکارهێنانی کۆمپیوتەردا،بۆ کۆکردنەوەو هەڵگرتنی زاراوەو چارەسە و ڕێکخستنیان، ڕێگەی کۆنی کۆکردنەوەی زاراوە و ئەلفبایی ڕیزکردنی و دانانی بەرانبەرەکانیان لە زمانەکانی تردا، بەشی پێویستییەکانی سەردەمی نەدەکرد،بۆیە، زانا تایبەتمەندەکان و، زمانەوان و فەرهەنگسازان، گەشەیان بە زانستێکی نوێ کرد و ناویان نا(زاراوەزانی) کە بەگشتی دەتوانین بەم جۆرە پێناسەی بکەین:

|ئەو زانستەیە، کە لە پێوەندی نێوان چەمکە زانستییەکان و ئەو زاراوە زمانییانەدا کە دەریان دەبڕن دەدوێ و، زانستێکی هاوبەشە لەنێوان دەقی زانستەکانی زمان و لۆجیک و راگەیاندن و بوارە تایبەتمەندە زانستییەکاندا و ئەم زانستە بۆ تایبەتمەندانی زانست و تەکنۆلۆجیا و وەرگێڕو کارمەندانی

ڕاگەیاندن و هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیان بە پێوەدندییە پیشەییەکان و هاوکاری زانستییە هەیە ، گرنگە.

لە ڕاستی دا ، زاراوەی لە سێ لایەنی پەیوەستی توێژینەوەی زانستی لێکۆلینەوەی باەبتی دەدوێت ، کە ئەمانەن:

یەکەم : زاراوەسازی لە پەیوەندی نێوان چەمکە پێکداچووەکانی (ڕەگەز – جۆر – گشت - بەش) دەدوێ ، بە شێوەی سیستەمەکانی ئەو چەمکانە پیشان دەدرێت کە بنچینەی دانانی ئەو زاراوە پۆلینکراوانە پێکدێنێت کە لە زانستێک لە زانستەکاندا ، گوزارستیان لێ دەکات.

دووەم : زاراوەسازی ، لە زاراوە زمانەییەکان و پێوەندییەکانی نێوانیان و ڕیگەکانی دانانیان و ئەو سیستەمانەی کە پیشانیان دەدەن لە بنیاتی زانستێک لە زانستەکان دەدوێت بەو پێیە، زاراوەزانی لقێکی تایبەتە لە لقەکانی واژەزانی یان وشەزانی (Lexicolgy) و زانستی گەشەکردنی واتای واژەکان (Semasiology).

سێیەم : زاراوەسازی ، لەو ڕێگە گشتییانە دەدوێ کە دەبنە هۆی دروستکردنی زمانی زانستی و تەکنەلۆجی بێ گوێدانە کارپێکردنە کردەییەکانی خودی زمانێکی سروشتی ، بەوەش زاراوەسازی ، دەبێتە زانستێکی هاوبەش لە نێوانیان زانستی زمان و لۆجیک و بوون و ڕاگەیاندن و بابەتی تایبەتمەندەکان و زانیاریزانی (Epistimology) و پۆلینکردن ، هەموو ئەم زانسانە لە لایەنێک لە لایەنەکاندا لە شێوەی ڕیخستنی پێوەندی ئالۆزی نێوان چەمک و زارەوە دەدوێن. .( جەمال


عەبدول ،زاراوەسازی و زانستاندنی زمانی کوردی،گۆڤاری ئەکادیمی کوردی ژمارە٧،کوردستان- هەولێر،٢٠٠٨. ل ١٣٣)


ئەم بەشە پوختەی ئەوزانیاریانەن کەوا لەم سەرچاوەدا هاتوون:


(الدكتور علي القاسمي ،علم المصطلح : أسسه النظرية وتطبيقاته العملية


(بيروت: مكتبة لبنان ناشرون، ٢٠٠٨)(الباب الرابع،الفصل السادس عشرالمصطلحية).

# فێرگە هزرییەکانی هاوچاخ لە زاراوەزانیدا



# فێرگە هزرییەکانی هاوچاخ لە زاراوەزانیدا

لە زاراوەزانیی هاوچاخدا دەکرێ ئاماژە بکەین بۆ سێ فێرگەی هزری جیاوازدا،خاوەن سێ ئاڕاستەی جیاوازن:

یەکەم، فێرگەی ڤیەنا:ئەم فێرگەیە لە تیۆری دامەزرَنەرەکەی ئەندازیاری نەمسایی ڤیستەر Wüster سەرچاوەدەگرێت،ئەم تیوێرییەی لە وتێزەیداهاتوە،کەوا لە ١٩٣١ پێشکەشی زانکۆی بەرلینی کرد،بەناونیشانی (پێوانەی نێودەوڵەتی بۆ زمانی تەکنۆلۆجی).

ڤیستەر،خاوەن ئاڕاستەیێکی فەلسەفییە ،بەوچاوە دەڕوانێتە زاراوەکان وەک ئامرازێکی پەیوەست بە سورشتی چەمکەکان. لەبەر ئەمەیە توێژینەوەی زاراوەزانی پێویستە لەم چەمکانەو پەیوەندی نێوانیان وتایبەتمەندییەکانیان ودیارکردنی ئادگارو پێناسەکردنیان وپۆلینکردنی چەمکەکان وزار وەکان وبەنێودەوڵەتی کردنیان ودەستپێبکات.

وادەردەکەوێت بەرێوەبەرایەتی رێکخراوی یۆنیسکۆ لەسەر ئاڕاستەی ئەم فێرگەیە دەڕوات لە چالاکییەکانیدا .

دووەم فێرگە، فێرگە براگ:

ئەم فێرگەیەی زاراوەزانی لە فێرگەی زمانگەری ئەرکزانییەوە هەڵقوڵیوە،کەوا تیوٚرییەزمانەوانییەکانی لە سەر کارەکانی زمانەوانی سویسری فردیناند دی سوسیر F. De Sausure (١٨٥٧-١٩٣١ ) دامەزراون،کەوا بایەخی بەلایەنی ئەرکزانیی زمانەوە دەدا،بە دامەزرێنەری زمامزانیی هاوچاخ دادەندرێت. ئەم فێرگەیەی زاراوەزانییە ئاڕاستەیێکی زمانەوانی پەیڕەو دەکات ،لەسەر ئەم بیرزایە دامەزراوە ،کەدەڵێت:زاراوەکان بەشێک،یا کەرتێکی تایبەتن،لە واژەکانی زمان .لەبەر ئەمەیە توێژنەوە لەدیاردەکانی زاراوەکان پێویستە ئامرازی زمانەوانی بەکاربێنێت بەئامرازە فەرهەنگییەکانیشەوە

سێیەم،فێرگەی رووسی:

ئەم فێرگە زاراوەییە ،دوو لە ئەندازیارانی رووس دایانمەزراند:ئەندامی ئەکادیمیای زانستەکانی سۆیێتی پێشوو،شاپلیگین Caplygin وزاراوەزان لوتە Lotte.

ئەم فێرگە زاراوەییە ئاڕاستەیێکی بابەتیانەی گرتۆتەبەر، چەمک وپەیوەندی بە چەمکەکانی دەوروبەری،هاوکات وەک یەکی وپێکهەڵبوونی نێوان چەمک وزاراوە و تایبەتکردنی زاراوەکان بۆ چەمکەکان ،بەپلەی یەکەم دادەنێت. ئەم فێرگە زاراوەییە ،کاریگەری فێرگەی ڤیەنای لەسەرە،لە رووی :پۆلینکردن،پێوانە کردن ویەکخستنی زاراوەکان.

ئەم فێرگە زاراوەییە،پێڕۆی زاراوەیی بەکار دێنێت لەبری پێڕۆی فەرهەنگسازی،لە رووی ریزبەندیی بابەتەکان،واتە ریزکردنی زاراوەکان بەپێی بابەتەکانیان،لەبری ریزکردنی بە پێی ئەلف وبێ.

وادەردەکەوێت، فێرگەی ڤیەنا لەهەموو فێرگە کانی دیکە چالاکتربێت،بەهۆی (بنکەی زانیاری زاراوەکانی

نێودەوڵە تی INFOTERM )،کە لەساڵی ١٩٧١ بەهاوکاری رێکخراوی یونیسکۆ وحکومەتی نەمسا دامەزراوە.

ناوەندەکانی توێژینەوە لە تیۆریی گشتی زاراوەسازی:

کۆڕ وئەکادیمیەکانی زانستیی وزمان شوێنی سروشتین بۆتوێژینەوە لە تیۆری گشتیی زاراوەزانی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە، گرینگترین ناوەندەکانی توێژینەوەی زاراوەزانی ،ئەمانەن:

١-نەمسا:

سەرەتای توێژینەوە لەزاراوەزانی هاوچاخ دەگەڕێتەوە بۆ زاراوەزان ڤستەر Wuster ،کەوا بنکەی توێژینەوەی لە شاری فیزلبورگ Wieselburg لەنەمسا دامەزراند.

ئەم بنکەیە کتێبخانەیێکی گەورەی تایبەتمەندی بە زاراوەزانی هەیە ،هەرلە رۆژی دامەزراندنییەوە تۆژینەوەی زۆری تێداکراوە. گرینگترینیان ئەم تۆژینەوەیە ڤیستەر خۆی بەناونیشانی (بە وشە

جیهانی  مرۆڤ دەربڕین) و(پۆلینکردنی خودوچەمکەکان). دوای مردنی ڤیستەر ،شاگردەکەی فلبر Felber  سەرۆکایەتی تۆژینەوەی زاراوەزانی لە نەمسا لەئەستۆگرت.

٢ -کۆماری چیک:

فێرگەی زمانەوانیی براگ،گەورەترین فێرگەی هزرییە لە زمانزانیدا،کەوالێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی پەرەپێدا،زۆر توێژینەوەی لە بارەی فەرهەنگگەری وزارراوەگەری پەرەپێدا.

تیۆری گشتیی زاراوەزانی لە پەیمانگەکانی چیک دەخوێندرێت،هەروەها ئەکادیمیای چیکی لەم بوارەدا توێژنەوەدەکات.

چەندان کۆڕی زانستی لەبارەی زاراوەزانی لە پەیمانگەباڵاکانی چیک بەستران،گرینگترینیان ئەوانەبوون کۆلێجی کشتوکاڵ لەبراگ بەستی وزنجیرەیێک لێکۆڵینەوەی زاراوەگەری لە ساڵەکانی ١٩٦٦ و  ١٩٧١ و١٩٧٢ دەرچوواند.

٣-کەنەدا:

لەبەر ئەوەی لەکەنەدا جووتزمانی هەیە،هەردووزمای ئینگلیزی وفەرەنسی لەفێرکاری و کارگێڕی بەکاردێت،توێژینەوەزانستییەکانی وەرگێڕان وزاراوەزانی گرینگی پێدەدرێت.لەبەر ئەمەیە کەنەدا لەپێشەنگی ئەودەوڵەتانەیە کەوا بانکی زاراوەکانی دامەزراندووە. هەروەها (فەرمانگەی زمانی فەرەنسی)

لە ناوچەی کوبک چالاکی زۆری نواند لەتوێژینەوەکانی پەیوەست بە زاراوەزانی،چەندان کۆنگرەی نێودەولەتانی بەسست بۆتوێژینەوە لەکێشە وگیروگرفتەکانی ئەم زانستە.لەساڵی ١٩٧٣ گۆڤارێکی تایبەتمەند بەزاراوەزانی بەناوی (پێشهاتە زاراوەییەکان )ی بڵاوکردەوە.

٤-فەرەنسا:

لەفەرەنسا چەندان دامەزراوەی فەرمی توێژینەوە لە بواری زاراوەزانی کاردەکەن،وەک:کۆمەڵەی فەرەنسی بۆ یەکخستنی پێوانەیی)، (لیژنەی فەڕەنسی بۆ لێکۆلینەوە لە زاراوە تەکنۆلۆجییەکان) وچەندان لیژنەو ناوەندی دیکەَ،بەلام (لیژنەی باڵای زمانی فەرەنسی )(کۆمەلەی

فەرەنسی بۆزاراوەکان) دامەزراند بۆ رێکخستنی کارو چالاکییەکانی ئەم ناوەندانە.

ئەم کۆمەڵەیەش لە١٩٦٧ کۆنگرەییێکی نێودەوڵەتی چالاکییەکانی دەستپێکرد.

٥-روسا:

یەکییێتی سۆڤێتی پێش هەڵوەشانەوەلە ١٩٩١ ،بایەخێکی زۆری بە زاراوەگەری وتوێژینەوەکانی دەدا،لەبەر ئەوەی لە ژمارەییێکی زۆری نەتەوەی زمان جیواز پێکهاتبوو. لەبەر ئەم هۆیە (ئەکادیمیای سۆڤێتی زانستەکان )،لەبارەگای خۆی ،لیژنەی زاراوە زانستی وتەکنۆلۆجییەکانی دامەزراند.یەکێک لەئەکەکانی توێژینەوە بوولە تیۆری گشتیی زاراوەگەری . ئەم لیژنەیە لە ١٩٦١ (رێبەری ئامادەکردن ورێکخستنی زاراوەزانستیی وتەکنۆلۆجییەکان )ی دەرچواند.

ئەکادیمیا دوو کۆنگرەی جیهانی سەبارەت زاراوەزانی بەست:یەکەم لەساڵی ١٩٧٥ لە لینینگراد،دووەم لە ١٩٧٩ لە مۆسکۆ،سەبارەت گیروگرفتەکانی تیۆری وبەرنامەیی لە زاراوەگەریدا.

هەروەها زۆرلە زانکۆرووسییەکان توێژینەوە لە زاراوەزانی  دەکەن.


زانکۆی لومونوزوف لە ١٩٦٩ و  ١٩٧١ لە مۆسکۆ دوو سیمیناری لەبارەی زاراوەزانی  بەست .


٦- وڵاتە عەرەبییەکان:

 کۆڕوئەکادیمییەکانی زمان لە پایتەختە عەرەبییەکان توێژینەوە لە بنچینەکانی دانانی زاراوە زانستی وتەکنۆلۆجییەکان دەکەن لەزمانی عەرەبیدا. لەساڵی ١٩٦٩ ،(کۆمکاری دەوڵەتەعەرەبیەکان) ئەرکی رێکخستنی زاراوەکان لە وڵاتانی عەرەبی سپارد بە ( نووسینگەی رێکخستنی بەعەرەبیکردن لەریبات) ،ئەویش توێژینەوەکانی زمانەوانی وفەرهەنگی ولێکۆلینەوەکانی پەیوەست بە گیروگرفتەکانی زاراوە زانستی وتەکنۆلۆجییەکانی پەرەپێدا،زۆربەی لە گۆڤاری (زمانی عەرەبی) بڵاوکردەوە.  لە دامەزراوەکانی دیکەی چاڵاک لەبواری توێژینەوەی فەرهەنگی وزاراوەیی(کۆمەڵەی فەرهەنگیی عەرەبی لەتوونس) ودەیان وسەدان دامەزراوەی دیکە  خزمەتی ئەم پرۆسەیەدەکەن.

# پێناسەی زاراوەزانی







مقدمة في علم المصطلح ، الطبعة الثانية: ( القاهرة:
هضة، ١٩٨٨)، الطبعة الأولى: ( مكتبة
.(بغداد: الموسوعةالصغيرة، ١٩٨٥

# پێناسەی زاراوەزانی

زمان نەک هەر پەیوەستێکی نێوان رۆڵەکانی نەتەوەیە و بەس، بەڵکو هۆکارێکی بنچینەییە بۆ بەیەک بەستنەوەی رابردوو و ئێستا وئایندەی.

هەر زمانە زانست و ئەدەب و هونەر و کەلەپووری نەتەوە دەپارێزێت، ئەرکێکی زمان ئەوەیە وەک ئامرازێکی لەیەک گەیشتن بێت لەکاروباری ژیانی رۆژانەداو پێداویستیەکانیان دەربڕێت و هەست و نەستیان بخاتە روو، بەهەمان شێوە هێما وئامرازی نووسراو، یا بێژراو بداتە دەست بۆ دەربڕینی چەمکە فەلسەفی وزانستی و تەکنیکیەکان، کەبەردی بنچینەیی گۆڕان و گەشەسەندنی زانیاریی مرۆڤ و پێشکەوتنی کۆمەڵگەن لەڕووی ئابووری وکۆمەڵایەتی .

زمان نەک تەنیا کۆمەڵە هێمایەکی شارستانییە، بەڵکوئەم دەفرەیە رۆشنبیری نەتەوە لەخۆ دەگرێت و پێکیدێنێت. تۆژەران دەتوانن پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەک لەڕووی شارستانی وئادگارەکانی لەهەژماری زاراوەکانی زمان دیاری بکەن.

زمانی زیندووئەو زمانەیە، ژیان بە هەموو لایەنە مادی وهزرییەوە دەربـبڕێت.

لە بەرئەوەی ژیان لە نوێبوونەوەدایە ، کە واتە زمان پێویستە لە نوێبوونەوەدابێت،بۆئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان بڕوات، گەر وانەبێت دوا دەکەوێت وتوانای دەربڕین لەدەست دەدات و دەمرێت، وشەی نوێ، یازاراوەکان، ئامرازی هەرەکاریگەرن لە پەرەپێدان و پەرەسەندنی زمان.

زاراوەزانی :

لەزمانی عەرەبدا " مصطلح " و " اصطلاح " بەواتای زاراوە،بەکاردێت،لەبنجدا لە " اصطلح " وەرگیراوە،لەرەگی (صلح)واتە رێککەوتن،لەبە رئەوەی رێککەوتنی تایبەتمەندانە لەسەربەکارهێنانی زاراوەیێکە بۆ چەمکێکی زانستی دیاریکراو.

زاراوەگەری:

زاراوەگەری:لێکۆڵینەوەیە لە زاراوەکان و تۆمارسازی وبەبەڵگەنامە کردنیان.

لە لێکۆڵینەوە رۆژاواییەکاندا،دوولقی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە یەک جیادەکەنەوە:

یەکەم ، زاراوەزانی (Terminology/Terminologie)

دووەم، زاراوەسازی ( Terminography/Terminorgaphie )،

یەکەم ، زاراوەزانی (Terminology/Terminologie):

ئەوزانستەیە لە پەیوەندی نێوان چەمکەزانستییەکان وزاراوە کانی زمان دەکۆڵێتەوە و بایەخ بەلێکۆڵینەوەلە زاراوەکان و بەکارهێنانیان دەدات.

دووەم، وزاراوەسازی

( Terminography/Terminorgaphie ):

کارلەسەر تۆمارسازی وبەبەڵگەنامەکردنی زاراوەکان وسەرچاوەکانیان وزانیاری پەیوەست بەوان دەکات، هەروەها کارلەسەر بڵاوکردنەوەیان لەشێوەی فەرهەنگی تایبیتمەند،چی ئەلیکترۆنی،یاکاغەدی دەکات.

پێناسەی زاراوەزانی

زاراوەزانی – terminology-علم المصطلح،وشەیێکی گشتییە،بەکۆمەڵێك لە(بێژەی تایبەتمەند،یا بێژەی ئاوێتە،یا دەستەواژەی چەند بێژەیی )،یا(واتای تایبەتمەند) دەوترێت لە (بوارێکی تایبەتمەند). لەگەڵ ئەوەشدا بایەخ بە(جۆری سوودوەرگرتن) دەدات ولێکۆڵینەوە یان لەسەردەکات.

هەروەها پێناسەدەکرێت بە :ئەم رێساتایبەتیانەن پەیوەندیان بە لێکۆڵنەوەهەیە لە زاراوەکان وبەکارهێنان وپۆلینکردن وپێناسەکردنیان.

زاراوەزانی لەفەرهەنگ نووسی جیایە، زاراوەزانی پەیوەندی بە (چەمکەکان –مفاهیم – (conceptsو(

سیستەمی چەمکەکان)و (ئەو زاراوانەی دەریان دەبڕن )هەیە،کەچی  فەرهەنگ نووسی ،تەنیا بایەخ بە بێژەکان و واتاکانیان دەدات.

هەڵسەنگاندنی زاراوەکان:

دەشێ شتێك چەندان زاراوە هەبێت،هەر زاراوەییێکیش هەڵسەنگاندنی خۆی هەیە بۆ وەرگرتن، یارەتکردنەوەی

لای کۆڕەکانی زانستی:

زاراوەییێك هەیە هەرەباشە: لای کۆڕی زانستی .

زاراوەییێك هەیە باشە: لای کۆڕی زانستی بە هاوواتای زاراوە هەرەباشەکەی دادەنێت.

زاراوەییێك هەیە رەتکراوەتەوە: لای کۆڕی زانستی رەتکراوەتەوە.

زاراوەییێك هەیە وازی لێهێنراوە:واتە بەکار ناهێندرێت.

پێناسەی زاراوە:

بێژە،یا دەستەواژەییێکە،خاوەن تایبەتمەندییێکی دیاریکراو دادەنرێت بۆ ئەوەی واتاییێکی دیارکراو بگەیێنێت وئاماژەبێت بۆچەمکێکی ورد و دیارکراو،لەڕشتەییێکی (سیاق)دیاری کراودا.

یا دەوترێت، زاراوە :ئەو هێمایانەن لە هەر لکێکی زانیاری وزانستدا بەکاردێن، بۆ ئەوەی بە وردی و دیارکراوی ئەم ناوەرۆکە زانستییە،یا هزرییە دەرببڕێت لەبیری بەکاربەردا هەیە وگەیاندنی بەخوێنەر،یا بیسەر بەبێ کەم ،یازێدەیی.

پێناسەی چەمک: چەمک ،یەکەیێکی بیرکردنەوەیە،لە رەها کردن لەوتایبەتمەندییانەی هاوبەشن لەنێوان کۆمەڵە بابەتێک پێکدێت.

چەمکی زاراوە لەزمانی کوردیدا:

جگەر خوین(موسا حوسێن)(١٩٠٣-١٩٨٤)،لە(فەرهەنگا کوردی)لەلاپەڕە (١٠٨)دا،لەبارەی (زاراڤ)دەنووسێت:

لە (زارێ کورمانجی) دبن دەستێ حسین حزنی موکریانی دە بوو:کورمانج دبێژن:بارام بێ زارو زمانە.

جانزانم نە زاروزمان بداخوازەکێ نە،یان زار بداخوازا شێوەیە، بەڵام بداخوازا شێوە،بێتر نێزیک ل راستی دکی.

ئەم دکارن بێژن:- زمان =لسان،زار=لغە،زاراڤ= بداخوازاشێوە،یان (مێگلحات) هاتیە،زاراڤێ جوکا،زاراڤێ تەبا:نەزمانە ونە لغە.

ئەم دکارن بێژن:- زمان =لسان،زار=لغە،زاراڤ= بداخوازاشێوە،یان (مصطلحات) هاتیە،زاراڤێ جوکا،زاراڤێ تەبا:نەزمانە ونە لغە.

ژ تەبا وچڤیکا را تێگۆتن-یان ئەو زمانێ کۆ مرۆڤ تشتەکی ژێ نزانی .گەلەک جارا تێ گۆتن :-

ئەز بڤی زاراڤی نزانم .وادیارە زار و زمانێ کۆ مرۆڤ نزانی ناڤێ وی زاراڤە .

عربی:(مێصطلحات الحیوان واللغە التی لایعرفها المخاطب).

جەگەر خوین(موسا حوسێن)( ١٩٦٢)، فەرهەنگا کوردی جگەر خوێن، کوردی - کوردی ،لەسەر ئەرکی زانکۆی بەغداد چاپکراوە، بەرگی یەکەم وبەرگی دووەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد ١٩٦٢، ٢٥٢ لاپەڕە. لەلەلاپەڕە (١٠٨)

وشەی (زاراوە) لەزمانی کوردیدا بەواتای (المصطلح-Terme) ، لەلایەن گەش ژیاو جەمال نەبەز، لە وتارێکیدا بەناوی (زاراراوەکانی لیژنەی ریاضیات لەژێر وردبینی لێکۆڵینەوەدا) بەکارهاتووە،گۆڤاری (رۆژی نویێ)،١٩٦٠،ژمارە٦،ل١٠٢-١٠٩،دواتر فەرهەنگۆکێکی بەناوی(هەندێک زاراوەی زانستی) لەچاپدا.

کۆڕی زانیاری کورد لە ( لیستەی یەکەمی زاراوی کارگێڕی-بەرگی یەکەم-بەشی یەکەم-١٩٧٣ ،ل٤٣١ و٥١٣ )وشەی (زاراو)ی بۆ (اصطلاح-مصطلح)بە کارهێنا و دواتر هەر (زاراوە) ی پەسند کرد.

شایانی ئاماژە پێکردنە وشەی(Termes) بەواتای (زاراوەکان) لەبنجدا واتای (سنوورەکان) بووە .(د.محمود فهمی حجازی :علم المصطلح مجلە –مجمع القاهرە ٥٢\٥٩)،(د.ممدوح ١٣ ).

هێژا جەمال عەبدول زاراوەی کوردی بەمجۆرە پێناسەدەکات:

ناوێکی رەسەنە ،لەفەرهەنگی نەتەوایەتی کوردییەوە،بەپێی رێبازێکی وشەسازیی کوردی،بۆمەبەستێکی دیاریکراو،لەکۆڕی پسپۆڕیدا، سازکراوە.( جەمال عەبدول ،زاراوەسازی و زانستاندنی زمانی کوردی،گۆڤاری ئەکادیمی کوردی ژمارە٧،کوردستان-هەولێر،٢٠٠٨. ل ١٣٣).

کۆنترین پیناسەی ئەوروپی بۆئەم وشەیە:

زاراوە وشەیێکە،لەزمانی تایبەتمەندیدا واتاییێکی دیاروسنووردار و دارِشتەییێکی دیارو سنووورداری هەیە ، ئەوکاتەی لەزمانی ئاسایی دەردەکەوێت ، هەستدەکەیت ئەم وشەیە سەر بەبوارێکی دیاری کراووسنووورداره....)،یا: زاراوە وشەییێکە ، یا کۆمەڵە وشەییێکە لەزمانێکی تابەتمەندی زانستی، یا تەکنەلۆژی، پاشماکی (موروث)هەیە ، یا وەرگیراوە بۆدەرِبرِینی چەمکەکان وئاماژەبن بۆشتی ماددی سنووورداری دیار) (د. محمود فهمی حجازی ٤٩ / ٥٤ ) (ممدوح ١٤ ).

کەواتە زاراوە وشەیێکە لەواتای زمانەوانی وەرگیراوە بۆ واتاییێکی دیکە ، لەنیوان توێژێکی تایبەتمەند، لەسەری رِێککەوتون ، واتە هەبوونی وشە ، گواستنەوەی واتای نویێ، رِێککەوتن، لەکۆڵەگەکانی زاراوەیە.

شایانی باسە ،فەرهەنگ نووس وزاراوەزانی فەرەنسی ئالان رای(Aain Rey )لەپێشەنگی ئەوانەیە ئاماژەیان بەم جیاکردنەوەیەکردوە.

زمانزانە ئەمەریکییەکان پێشتر ئاماژەیان دابوو بە جیاوازی نێوان فەرهەنگزانی (Lexicology) ،تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوەلە واژەکان لەهەموورووییێکەوە:دەنگی ،گەردانی،هێماگەری،شێوازگەری ،لەگەڵ فەرهەنگسازی(Lexicography)،کەپەیوەستە بە کۆکردنەوەی داتاوهەڵبژاردنی دەرووەکان ونووسینی بابەتەکان وبڵاوکردنەوەی ئەنجامی کۆتایی لەشێوەی فەرهەنگ

بەم جۆرە(زاراوەگەری)ناوێکە دوو جۆر چالاکی لەخۆدەگرێت:

( زاراوەزانی )،بایەخ بەلایەنی تیۆری دەدات و(زاراوەسازی)، بایەخ بەلایەنی کرداری دەدات .

ئاشکرایە ئەم ئەرکە مەزنەش دەکوێتە ئەستۆی کاری بەکۆمەڵی ئەکادیمیاو کۆڕە زانیارییەکان ،لەرێی لیژنە ی زاراوەدانان وزمانزانان وتایبەتمەندانی بوارە جیاجیاکانی زانستی ،کەوا زاراوەکان بەوانەوە پەیوەستن،هەروەها بەکاربەری زاراوەکان،بۆئەوەی وردو دروست بن

لەرووی زانستی و وەرگرتنیان لەلایەن ئەو ناوەندەی بەکاریان دێنن.


بەهەمان شێوە لە بواری لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ وبەهەمهێنانی،کە ناومان نا فەرهەنگ گەری ،کەوا لە دوولک پێکهاتووە:یەکەمیان (فەرهەنگزانی )،یا زانستی وشەکان ،کەوابایەخ بە لێکۆڵینەوە دەدات لەبێژەکان لەرووی:داڕشتن،بنیات،ئاماژە،هاوواتا،دەستەواژە وبەیەکەوەهاتنیان.

لکی دووەمیان: (فەرهەنگسازی)یە،بایەخ دەدات بە: کۆکردنەوەی مایە وبابەتە زمانییەکان ،هەڵبژاردنی دەرووەکان،رێکخستنیان بەپێی پێرەوێک،نووسنی بابەتەکان ولەکۆتایدا بڵاوکرنەوەی فەرهەنگەکە،ئەلکترۆنی ،یا بەکاغەد.


ئەم بەشە پوختەی ئەوزانیاریانەن کەوا لەم سەرچاوەدا هاتوون:(الدكتور علي القاسمي ،علم المصطلح : أسسه النظرية وتطبيقاته العملية(بيروت: مكتبة لبنان ناشرون، ٢٠٠٨)(الباب الرابع،الفصل السادس عشرالمصطلحية).


# هەنگاوەکانی بەرایی زاراوە دانان


# لە زمانی کوردیدا








# هەنگاوەکانی بەرایی زاراوە دانان

# لە زمانی کوردیدا

زاراوەزانی واتە دۆزینەوە و هەڵبژاردن و وەرگێڕان و دانانی زاراوە، ئەم زانستە لە سەدەی رابردووەوە پەرەی سەندووە و رێو شوێنی بۆ دانراوە.یەکێك لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی وشەو زاراوە فەرهەنگ،فەرهەنگ یەکەم گەنجینەی وشە وزاراوەیە:

فەرهەنگ-ئەو کتێبەیە، کەوا گەنجینەی ئەم وشە وزاراوانەیە تێیدا تۆمارکراون،


هەرلە یەکەم فەرهەنگی کوردی لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە نووسرابێت، فەرهەنگی ئیتاڵی کوردییە ،کەوا لەلایەن قەشەی ئیتاڵی ماوریزۆ گارزۆنی

Maurizio Garzoni نووسراوە،لە پاشکۆی کتێبەکەی بەناوی (رێزمان ووشەناسی زمانی کوردی)، لە١٧٨٧ لەرۆما بڵاوی کردۆتەوە،(٥٠٠٠ ) وشەی ئیتاڵی کوردی تۆمارکردووە.

Grammatica e vocabolario della lingua Kurda, Rome, 1787.

هەروەها یەکەم فەرهەنگی کوردی کەوا لەلایەن کوردەوە نووسرابێت، لە ساڵی ١٦٨٣/١٦٨٢ی زایینی بەرانبەر ١٠٩٤ی ک -شاعیری مەزنی کورد ئەحمەدی خانی لە ژێر ناوی (نوبار)(نوبهار)دا، فەرهەنگۆکێکی بەشیعر بۆ منداڵانی کورد دانا بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی. کە لە پاشکۆی فەرهەنگەکەی (یوسف ضیاء الدین پاشای خالدی- الهدیه الحمیدیه فی اللغه الکردیه- استانبول-١٣١٠هـ- ١٨٩٣ز بڵاوکراوەتەوە،دواتر لەلایەن (لیکۆک Le Coq ))ی زانای ئەڵمانی لە ١٩٠٣ لەکتێبەکەیدا بەناوی (تێکستی کوردی ) (لیکۆک ١٩٠٣ Le Coq,Kurdische Texte , Berling ))لەبەرلین بڵاوی کردۆتەوە.(د.ئەورەحمانی حاجی مارف،لە بواری فەرهەنگ نووسیی کوردیدا،بەغدا-١٩٨٧)




هەرچەندە تا (١٩٦٠ ) فەرهەنگێکی ( کوردی –کوردی )مان نەبووە،بەرگی یەکەمی(فەرهەنگی خاڵ) ی شێخ محەمەدی خاڵ یەکەم فەرهەنگی ( کوردی –کوردی )یە بەرگی دووەمی لە ١٩٦٤ دەرچوو،بەڵام دواتر دەیان وسەدان فەرهەنگۆک و فەرهەنک بڵاوکراونەتەوە، واتە گەنجینەیەکی و باشمان هەیە لەم بوارەدا.

دیارە فەرهەنگ نووسی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەوڵەمەند دەبێت و ڕووەو تایبەتکاری دەچێت ،هەمیشە بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەگۆڕاندایە . فەرهنگی هەمووزمانێکیش ،بریتییە لە:وشە

بنەڕتییەکان،زاراوەکان،وشەو زاراوە وەرگیراوەکان.(رۆژان،٢٠١٣، ١٠).

زاراوە دانان، تا ساڵانی (٦٠) ئەم کارە لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی سست و سادە و ساکار بوو.

بەرهەمی ئەو دەورە بریتی بوو لە:

فەرهەنگۆکەکەی ڤ.نیکیتین، کە لە ساڵی (١٩١٦) لە ورمێ بڵاوی کردەوە، فەرهەنگۆکی زاراوەی زانستی ئەرمەنی – کوردی، کە لە ساڵی (١٩٣٥) لە یەریڤان چاپ کراوە. لیستەی ئەو زاراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی جەلادەت عالی بەدرخان لە بەشێکی تایبەتی گۆڤاری (هاوار) دا لە ژێر ناوی (فەرهەنگۆک) دا تۆماری کردووە. ئەو زاراوانەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە گۆڤاری (نزار) دا و هەروەها ئەو زاراوانەی کە لە (گەلاوێژ، ژین، دەنگی گێتی تازە، هەتاو.... ) دا خراونەتە بەر چاوی خوێندەواران.

کۆواری دەنگی گێتی تازە

دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لە عێراق، لەسەروبەندی دووەم جەنگی جیهانیدا لەلایەن (پێوەندیی گشتی

باڵوێزخانەی بەریتانیا) لە بەغدا، بڵاوکراوەیەکیان بەناوی (بڵاوکراوەی ناو بە ناو) بە کوردی دەردەکرد یەکەم ژمارەی لە ١ی نیسانی ١٩٤٢ و دوا ژمارەی (٣٢)ی لە ئابی ئەو ساتدا دەرکرد.

دواتر ناوی کرایە (بڵاوکراوەی هەفتەیی دەنگوباس)، هەفتانە دەردەچوو، یەکەم ژمارەی لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٤٢ و دوا ژمارەی (٣١) لە ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٣ دەرچووە، هاوزەمان تۆفیق وەهبی بەگ، پەخشنامەیەکی تایبەتی بەناوی (بەیانی حەقیقەت) دەردەکرد. (دەنگی گێتیی تازە) بەسەرپەرشتی تۆفیق وەهبی بەگ و بەڕێوەبەریی نووسینی حوسێن حوزنی موکریانی دەرچوو لە چاپخانەی (المعارف، اليريان، المنێور) چاپکراوە.

ژمارە (١)ی یەکەم بەرگ لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ دەرچووە، لە چاپخانەی معارف بەغدا چاپکراوە، دوا ژمارەی معارف بەغدا چاپکراوە، دواتر ژمارەی زانراوی (٣٤) لە ٢٥ی ئابی ١٩٤٧ دەرچووە.

لە یەکەم ژمارەیدا دەنووسێت: (ئەم کوواره بەشی لە لاپەڕەکانی تەرخان ئەکا بۆ زانیاری دیریک و یاسا.. ) ل٣. واتە لە یەکەم ژمارەیەوە بایەخی بە بابەتی یاسایی داوە لە تەک بابەتەکانی دیکە.

هاوکات دەیان زاراوەی نوێی بەکارهێناوە لە بابەتەکانیدا، بە نموونە: داغمە: (غرامە، چریبە (دانمە بستینە) ژ (٤).

گیریار: (منقولات)

پاڵە: عمال

قانون: قانون (لە دەقی (مەم و زین) بەشێوەی موکری، رەحمان بەکری سابڵاخی لە (١٩٠١-١٩٠٢)دا چڕیویەتی بۆ ئۆسکارمانی زانا- ل (٣٢) (ژ:٦)

(خۆشکێ، بە قانون و قاییدانە، کەس نەیدیوە، مێرد بچیی لە دوی ژنانە..)

بەشدارەکی: شرکة - ل ١٧٦، ژ (٢)، ١٩٤٤

نوێنەر: وكیل (ممثل) - ل ٢٥٣، ژ (٢) ١٩٤٤

چاولێبوو: شاهد - ل (٤٩٩)، ژ (٦) ١٩٤٤

دواندەر: خطیب - ل (١٩٧)، ژ (٣) ١٩٤٤

پێکهاتن: اتفاق - (ل (٢٠٠)، ژ(٣) ١٩٤٤

لوارە: محامی- ل (٣٧٠، ژ (٤) ١٩٤٥

دەستاویز: سند - ل (٣٧٧، ژ (٤) ١٩٤٥

مزە: اجزە - ل (٣٧٧، ژ (٤) ١٩٤٥

کیشوەر: الدولە - ل (٥٠٤، ژ (٦) ١٩٤٥

کۆواری دەنگی گێتی تازە، خولی یەکەم، بەرگی یەکەم ژمارە ١-٦ تشرینی یەکەمی ١٩٤٤- مارتی ١٩٤٤، ئا: سدیق ساڵح رەفیق ساڵح، عەبدوڵڵا زەنگەنە، چ ئاراس، ٢٠١٠.

دەوری دووەم لە شۆڕشی چواردەی تەمووزەوە دەست پێ دەکات، بەرهەمی ئەم دەورە بریتی یە لە: ئەو زاراوە زانستیانەی لە لایەن چەند لیژنەیەکی تایبەتی جیاوازەوە دانراون و دارێژراون و لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (رۆژی نوێ) ی ساڵی (١٩٦٠) دا بڵاو کرایەوە، راستە

لە وەرگێران و داڕشتن و داتاشینی ئەم زاراوانە دا ناتەواوی و کەم و کورتی ئێجگار زۆرن، وەک لە وتارەکەی مامۆستا جەمال نەبەز دا، کە لە زاراوەکانی لیژنەی ریازیاتی گرتووە خراوەتە پێش چاو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەرهەمە دەوری خۆی بینیوە و دەبینێت. دوا بە دوای ئەم زاراوانە لە لایەن نەقابەی مامۆستایانی سلێمانییەوە فەرهەنگۆکی (زاراوەی زانستی) دەرچوو، کە ٩٧ لاپەڕەیە.

لە زاراوەکانی بەشی جوگرافیا مامۆستا غەفور رەشید لێی کۆلیوەتەوە و رەخنەی بە جێی گرتووە.

لە ساڵی (١٩٦٠) دا مامۆستا جەمال نەبەز لە ژێر ناوی (هەندێک زاراوەی زانستی)دا فەرهەنگۆکێکی لە چاپدا، لە ساڵی (١٩٦٠-١٩٦١) یشدا بە رۆنیۆ سەد نوسخەیێکی لە ژێر ناوی (فەرهەنگۆکی زانستی) دا بڵاوکردەوە.

یەکەم نزیکەی سێ سەدو دووەم نزیکەی سێ هەزار زاراویەێک دەبن.

دوای بڵاو کردنەوەی ئەو چەند بەرهەمەی لە سەرەوە ناومان بردن- ماوەی دە ساڵێک لەم رووەوە هیچ شتێکی وەها لە چاپ نەدراوە کە شایەنی باس بێت. بەڵام پاش

ڕێکەوتنەکەی ئاداری مێژوویی هەست بە بزووتنەوەی ئەم کارە دەکەین.


ساڵی (١٩٧١) لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتییەوە، کە ژمارەیەک لە زاناو کوردی زانی بەتوانا هاوبەشیان تێداکردووە فەرهەنگۆکێک، کە بریتییە لە کۆمەڵە وشە و زاراوەی عەربیی – کوردی لە ژێر ناوی (فەرهەنگۆکی زاراوەی پارێزگای سلێمانی)دا لە چاپدرا. ئەم فەرهەنگۆکە نزیکەی (١٤٠٠) وشەیەک دەبێت کە بۆمەبەست نوسین لە نێوان و دام و دەزگاکانی فەرمانیدا دانراوە.بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی لە ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٧٢) ی گۆڤارەکەیدا – (پەروەردە و زانست) کە ١٣٦ لاپەرەیە فەرهەنگێکی کوردی – عەرەبی، کە بریتییە لەو زاراوانەی بۆ فێرگەکان پێویستن بڵاو کردۆتەوە.(د.ئەورەحمانی حاجی مارف،لە بواری فەرهەنگ نووسیی کوردیدا،بەغدا-١٩٨٧)

## کۆڕی زانیاری کورد:

پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ چەند دامەزراوێکی زانستی و فەرهەنگیی دامەزرا، کۆڕی زانیاری کورد یەکێك بوو لەوانە، کە بەشێوەیێکی فەرمی لە ڕۆژی ٢٩/٨/١٩٧٠ دامەزرا. کۆڕی زانیاری کورد لەبوارەکانی زمان و ئەدەب و مێژوودا، چەندین زانای کوردی بەناوبانگ و لێزانی بەخۆوە گرت لە ساڵانی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٤)دا ئەندامانی ئەو کۆڕە توانیان بەرنامەی خۆیان ئەنجام بدەن و چەندین کتێبی چاپکراو و نامیلکەی زۆر لەبارەی زمان و زاراوەسازی بخەنە بەر دەستی خوێنەران و سەرەتایەك بۆ ڕێنووسی کوردی دابنێن و گەلێك بابەتی زمانەوانیان وروووژاند.
گۆڤاری وەرزیی (کۆڕی زانیاری کورد) ی بڵاوکردەوە و لێکۆڵینەوە و بەرهەمی نووسەرانی کورد و بیانی بڵاو دەکردەوە. کتێبخانەیەکی تایبەت بە کۆڕ دامەزرا، ئەوەندەی زانراوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە کتێب و نامیلکە و دەستنووس لەو کتێبخانەیە هەبووە.
حکوومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٨ بە بڕیار (کۆڕی

زانیاری کورد)ی کرد بە (دەستەی کوردی)، کرا بە بەشێك لە (المجمع العلمی العراقی)، کۆڕ لەو دەمەوە بوو بە دامەزراوەیەکی عێراقی.کۆڕی زانیاری کورد بە شێوەیەکی زانستی و فراوان گرنگی بەم مەسەلەیە داوە و چەمکی مەردایەتی بەلادا کردووە، رێبازێکی زانستی دیار کردووە بۆ ئەوەی لە سنووری تونادا بتوانێت بەرهەمێکی کامڵ بخاتە بەردەست، کۆڕی زانیاری کورد ئەزمونێکی دەوڵەمەندە و بە تەنیا تیشکی دەخەینە سەر.دوا بەدوای ئەویش چەندان ئەزموونی دیکەش هەن، بەڵام دوای راپەڕینە مەزنەکەی میللەتەکەمان و بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی رابردوو دا زاراوە دانان گوڕ و تنێکی مەزنی بە خۆوە بینیوە و گۆران و گەشەی سەندووە و پێ بە پێی پێشکەوتنی زانست و زانیاری و فراوان بوونی بواری راگەیاندن لە تەلەڤزیۆن و رادیۆ و چاپەمەنی لە گۆڤار و رۆژنامەی رۆژانە و هەفتانە و تایبەتمەندی لەو چاپەمەنیانەدا سەرەڕای کەش و هەوای ئازادی هەموو ئەو هۆکارانەو ئازادی ئاڵوگۆڕ کردنی زانیاری لەگەڵ وولاتاندا لە رێگای سەتەلایت و ئینتەرنێت و ئامرازەکانی دیکەی گەیاندن،بەرضاوترین ئەزموونی ئەم ماوەیەوبەردەوامة.

# ئەكادیمیای كوردی




<u>ئەكادیمیای كوردی</u>

كورتەیەك لە مێژووی ئەكادیمیای كوردی

ئەكادیمیای كوردی دەزگایەكی زانستییە، لە ڕووی قانوونییەوە خاوەنی كەسایەتی خۆیەتی، بەڵام لە ڕووی كارگێڕییەوە سەر بە سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانە لە حكوومەتی هەرێمی كوردستان. ئەكادیمیا لەبارەی هەموو ئەو بابەتانەی، كە پێوەندییان بە زمانی كوردی و شێوەزارەكان و پاراستن و دەوڵەمەندكردنییانەوە هەیە، یەكێكە لە چاوگە باڵاكان و كار بۆ گەیشتن بە زمانێكی یەكگرتووی فەرمی لە هەرێمی كوردستان دەكات.

پاش راپەرینی ساڵی ۱۹۹۱ پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە ۳۷ لە ۲۸/۱۲/۱۹۹۷دا قانوونی ژمارە (۱۲)ی ساڵی ۱۹۹۷ی (کۆڕی زانیاری کوردستان)ی دەرهێنا. دواتر بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ۹۵ لە ۱۳/۱۱/۲۰۰۰، د. شەفیق قەزاز وەك سەرۆکی (کۆڕی زانیاری کوردستان) بە وەکالەت دەستنیشان کرا ئەم ناوانەیش وەك ئەندامی کارای ئەندامانی کۆڕ و بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (۱۱۱۷ی رۆژی ۲۲/۱۱/۲۰۰۰) دەست بەکاربوون:

١ -د. شەفیق قەزاز
٢ -رەشید فندی
٣ -د. کوردستان موکریانی
٤ -شوکر مستەفا
٥ -بایز عومەر

لێژنەکانی ئەکادیمیا:
بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامە و کارە سەرەکییەکانی ئەکادیمیا، ئەنجومەنی ئەکادیمیا چەند لێژنەیەکی تایبەتی دروستکردووە لە کەسانی پسپۆر و شارەزا لە هەموو دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی، کە دەبێ ئەندامێکی کارای ئەکادیمیا سەرپەرشتی ئەم لێژنانە بکات:
١ -لێژنەی زاراوە: یەکێکە لە لێژنە سەرەکییەکانی ئەکادیمیا، کاری سەرەکی دۆزینەوە و داهێنانی

زاراوەگەلی ڕەسەنی کوردییە لە هەموو بوارە جیاجیایەکاندا
٢ -لێژنەی فەرهەنگ: تایبەتە بە دەرکردن و ئامادەکردنی فەرهەنگی تایبەت لە بواری دیالێکتە جیاوازاەکانی زمانی کوردی، تا ئێستا فەرهەنگی (کرمانجی سەروو - کرمانجی خواروو) و فەرهەنگی (هەورامی - سۆرانی) بڵاوکراونەتەوە، جگە لە بڵاوکردنەوەی دەیان فەرهەنگی تایبەتمەندی دوو زمانە و سێزمانە لە هەموو بوارە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوەی کوردی.
٣ -لێژنەی مێژوو: ئەرکی نووسینەوەی سەرلەبەری مێژووی کوردییە بە میتۆدێکی ئەکادیمی.
٤ -لێژنەی گۆڤار :تایبەتە بە دەرکردنی گۆڤارێکی وەرزی زانستیی ئەکادیمی.
٥ -لێژنەی بیبیلۆگرافیا: تایبەتە بە سازکردن و ئامادەکردنی بیبلیۆگارفیا بۆ بوارە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوەی کوردی.
٦ -لێژنەی چاپ و بڵاوکردنەوە: ئەرکی بڵاوکردنەوە و بە چاپ گەیاندنی ئەو لێکۆڵینەوە ئەکادیمی و زانستیانەیە کە لە ماددەی چوارەمی قانوونی ئەکادیمیا ئاماژویان پێکراوە.
٧ -لێژنەی زمان: تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و دیراساتی تایبەت بە کێشە و ئاریشەکانی زمانی کوردی بە هەموو شێوەزارەکانییەوە بە بێ جیاوازی.
٨ -لێژنەی دەسنووس و بەڵگەنامە: تایبەتە بە کۆکردنەوەی هەموو دەسنووسە کوردییەکان لە هەر

شوێنێک بن، هەروەها کۆکردنەوە و بە ئەرشیڤکردنی هەموو بەڵگەنامانەی تایبەتن بە کورد و کوردستان.( hewalname)
لەبەر ئەم هەموو هۆکارانە ئەم زانستە لە رووی ئاسانکردنی گەیاندنی نێوان دەوڵەتان و میللەتان و هێنانەدی هاوکاری جیهانی بایەخێکی زۆری پێدەدرێت.

ئاکامەکانی ئەم زانستەو جێبەجێ کردی نەک هەر بۆ ئاسان گواستنەوەی زانیاری و زانست و تەکنۆلۆژیای نوێ بەڵکو بۆ یەکخستنی زاراوەکان وەک ینچینەیەک بۆ دروست بوونی زمانی ستانداردی کوردی هەنگاوێکی مەزن و پیرۆزە لەبەر ئەوەی ئەم زاراوانەو یەکخستنیان دەبنە پردی بەیەک گەیشتنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کە سەرەتای یەکخستنی زمانی کوردییە.


# ئەزموونی کۆڕی زانیاری کورد


# لە زاراوەداناندا









## ئەزموونی کۆڕی زانیاری کورد

## لە زاراوەداناندا

( کۆڕی زانیاری کورد) بە پێی یاسای ژمارە (١٨٣)ی ساڵی (١٩٧٠) دامەزرێنرا (١٩٧٠/٨/٢٩) یاسای دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد دەرچوو، کە یەکێک بوو لە دەستکەوتە رۆشنبیرییە هەرە گەورەکانی بەیاننامەی ١١ی ئادار .

ئەنجوومەنی کۆڕ دوای هەڵبژاردنی یەکەم دە ئەندامی رۆژی (١٩٧١/٣/١٧) بۆ جاری یەکەم کۆبۆوە، سەرەتا بە کارو باری کارگێڕی و خۆ دامەزراندنەوە خەریک بوو و بارەگا و کتێبخانە و چاپخانەیەکی رێک و پێکی دامەزراندو چەندان لیژنەی دانا وەک : لیژنەی زمان و زانستەکانی و لیژنەی ئەدەب و فۆلکلۆر و لیژنەی فەرهەنگ و لیژنەی گۆڤار و کتێبخانە و لیژنەکانی دی، گۆڤاری تایبەتی خۆی دەر کرد ، بە نموونە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆڕ (٧٩٩) و ژمارە دووی نزیکەی هەزار لاپەرە بوون ، سەرەڕای چاپ کردنی کتێب وەک (شەرەفنامە) و (حاجی قادری کۆیی) .... هتد. و

یارمەتی دانانی نوسەرانی کورد بۆ چاپ کردنی بەرهەمەکانیان و دەیان بەخششی دیکە.

لەبارەی دانان و دارِشتن و وەرگێرانی زاراوەوە، کۆرِ نەک تەنها بایەخێکی تەواوی پێدا بوو ، بەڵکو بەشی زۆری کاتی خۆی بۆ ئەم کارە گرنگە تەرخان کردبوو وە چەند لیژنەیەکی تایبەتیشی بۆ لێکۆڵینەوە لە زاراوەی زانستی دانا بوو کە ئەنجامی ئەم هەوڵ و کۆششتانەش لیستەیەک لە دوایەکە فراوانەکانی کۆرِن.

ئەوەتا لە بەرگی یەکەمی و بەشی یەکەمی گۆڤاری (کۆرِی زانیاری کورد) (١٩٧٣)دا دەنووسێت، (ئەنجومەنی کۆرِ لە کاتی دانان و هەڵبژاردنی زاراوەکانی دا هەوڵی دا و لە هەموو روویەکەوە کەڵک لە بەرهەمی شاعیرە کۆنەکانی و فۆلکلۆر و قسەی باوی ناو لادێ و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و فەرهەنگە کوردییەکان وەربگرێت)، هەروەها دەڵێت (لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەوەش بخەینە بەر چاو کەوا ئەنجومەنی کۆرِ بە دانانی زاراوەی نوێ نایەوێن زاراو و وتە بەکار هێنراوەکانی تر لە ناو بچێت وە ئەمە بە هەڵەیەکی گەورە دادەنێت) لیستەی یەکەمی زاراوەکانی کۆرِ بە ناوی (زاراوەی کارگێرِی ) دەرکرد کە دەورو

بوری ١٥٠٠ زاراوەی تێدا بڵاو کراوەتەوە، بەرهەمی گەلێک کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆڕ بوون لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات گفتو گۆی زۆری لەسەر کراو دەنگ دانەوەیەکی باش هەبوو. دواتر لیستی دووەم و سێیەمی بەدوادا هات، لیستەی سێیەم لە سێ بەش پێکهاتبوو:

١- ئەو زاراوە هەمەجۆر و بابەتانەی، کە ئەنجامی لێدوان و لێکۆڵینەوەی ئەنجومەنی کۆڕن.

٢-زاراوەی زمان، کە ئەنجامی رەنج و تەقەلای لیژنەی زمان و زانستەکانی و لیژنەی لێکۆڵینەوەی زمانن.

٣-زاراوەی پزیشکی ، بەرهەمی ئەو لیژنەیەیە کە لە دوو پزیشکی شارەزاو چەند کوردی زانێکی بەتوانا دروست بوو.

دوا بە دوای ئەویش لیستی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم (١٩٧٥) بڵاو کرایەوە، کە تێکرای زاراوەکانی زمان و بەشێک لە زاراوەی کتێبی فێرگەکان و هەندێک زاراوەی کارگێری تیادا خراونەتە روو کە لە سێ بەش پێک هاتبوون:

١- زاراوەی زمان ٢- زاراوەی کارگێڕی ٣- زاراوەی کتێبی فێرگەکان.

دوا بە دوای ئەویش لیستەی پێنجەمی زاراوەکانی کۆڕی بە دوادا هات کە لە بەرگی سێیەم بەشی دووەم ، (١٩٧٥) دا بڵاو کراونەوە. کە بریتی بوون لە زاراوەی هەمە جۆرە لە بەرگی چوارەمی (١٩٧٦) لیستەی زاراوە زانستی یەکان بڵاو کراونەوە کەوا بە ناوی (لیستەی زاراوەکانی فەلسەفە و ژیر بێژی) بیە سەرەڕای لیستەی شەشەمی زاراوەکانی کۆڕ، لە دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ. سەبارەت بە رێبازی هەڵبژاردن و داتاشینی زاراوە دا لە بەرگی دووەم، بەشی یەکەم (١٩٧٤)، لاپەرە (٨٨٤) دا هاتووە:

(بەر لە هەموو کارێک ئەو زاراوە عەرەبییانەی بە پێویست دەزانرێت کۆدەکرێنەوە و بەریز دەخرێنە بەردەمی ئەنجومەن کە ئەندامانی زۆر بەووردی یەک لە دوای یەک لێیان دەکۆڵنەوە، واش بووە سەعاتێک وتووێژ و گفتوگۆ لەسەر وشەیەک کاری بە ئەنجام نەگەیاندووە. بۆ هەر وشە و زاراوەیەک ئەندامانی ئەنجومەن بیر لەوە دەکەنەوە ئاخۆ لە شێوە جیاوازەکانی زمانی کوردی دا، یان لە ناوچە کەلاو دوورەکانی کوردستان دا لە ناو

هۆزو تیرە کوردەکاندا چی بەکار دەهێنن، لە بەیت و بەندی باودا، لە پەندی پێشیناندا، لە وتەی شاعیران دا چیمان هەن دەست بدەن دوای ئەوەی بیری ئەندامان لەبارەی وشەیا زاراوەیە روون دەبێتەوە سەیری ئەو فەرهەنگانەش دەکەین کە خاوەنە بەڕێزەکانیان جێی بڕوان و کارەکانیان بەرهەمی زانین و پشکنین و شەونخونین، جا ئەگەر بیری ئەوانیشی وەک بڕیارەکەی ئەنجومەن بوو دەیکەینە بەڵگەو یاریدەی قسەمان).

هەروەها لە لاپەڕە (٨٩٦)ی هەمان ژمارە دا هاتووە (لێرەدا بە پێویستی دەزانین سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کەوا هەڵبژاردنی وشە یان زاراوەیێک مانای پشت گوێ خستن یا مراندنی وشە و زاراوە هاوواتاکانی نییە و کارێکی وا هەر بۆ خۆشی لە دەسەڵاتی هیچ کەس و لایەنێکدا نییە، بەڵام زمانی کوردیش، وەک هەموو زمانێکی تر ــ گەلێک وشەو زاراوەی لەو بابەتەی تێدایە بۆیەکا هیچ نەبێ بۆ کتێبی فێرگەکان دەبێ وشەی ئاسان و باو و لە بارەکەیان بۆ هەڵبژێردرێ یا وشەیەکی ئەوتۆ کە یارمەتی نزیک گوتنەوە و تێکەڵ بوونی شێوەکانی زمانەکان بدا یا لە دەستە خوشکەکی رەسەن و پەتی تر بێت .

بۆ نموونە: دیارە لە وڵاتێکی شاخاوی پڕ دا و درەختی وەک کوردستان گەلێک وشە بەرامبەر (غابة) دروست دەبێ، وەک لێڕ و جەنگەڵ و دارستان و بێشە و هی تر کە لە قسە و کاری رۆژانەدا لە وانەیە هەموویان بەکار بهێنرێن، پێویستیشە یەک بە یەکیان لە فەرهەنگی فراوانی کوردیدا تۆمار بکرێن، بەڵام وەک زاراو ئەنجومەن (لێڕ) ی لا پەسند ترە، چونکە لە هەموویان باوتر و لە ناو کرمانجانیش و سۆرانیشدا بەکار دەهێندرێت و لە (جەنگەڵ) پەتی ترە. هەروەها دەڵێت: (تێهەڵکێشی کردنی سۆرانی بە وشەی کرمانجی، یا بە پێچەوانەوە، هەنگاوێکی گەورە و مەرجێکی پێویستە بۆ دروست بوونی و جێگیر بوون و بڵاو بوونەوەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوومان، دوو هەمیشیان ئەوەیە کە لە رێگەی ئەو جۆرە کارەوە دەتوانین سامانێکی زمانەکەمان نیشان بدەین و بیپارێزین، چونکە کە (بەرد) مان بۆ (حجر) دانا دەتوانین (کەڤر) بۆ (صخر) بەکار بهێنین و کوردیش لەم مەیدانەدا دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە).
لاپەرە ٨٩٨ هەمان ژمارە.

تا لە پێشەکی لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕدا، لاپەرە (٤٩٩) بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم (١٩٧٥)

دەڵێت: (بە داخەوە تاوەکو ئەمڕۆ لە زمانی کوردیدا هیچ نوسراوێکی وەها نییە کە بە شێوەیەکی تیۆری رێڕەوێک بۆ چۆسێتی دانان و وەرگێرانی و داڕشتنی زاراو، بەڵام ئەگەر تەماشای مێژووی ئەم کارە بکەین، ئەوە پێشکەوتن و گەشە کردنی ئەوەمان نیشان دەدەن کە لە ژیانی پرکتیکدا شارەزا بوون و پسپۆری پەیدا کردن بوونەتە هۆی سەرکەوتنی ). لە پێشەکی لیستەی پێنجەمی زاراوەکانی کۆڕدا ،لاپەرە (٩٨)ی بەرگی سێیەمی، بەشی دووەم (١٩٧٥) دا هاتووە: (زۆر لەهجە لە زمانەکەماندا بۆتە مایەی دەوڵەمەندی بۆی، بەڵام هەر ئەوەش بۆ خۆی جارو بار کاری دانانی زاراوە گرانتر دەکات بۆ یەک مەبەست لە وشەیک زیاتر پێش نیار بکەین.

دیارە لەمەدا مەترسی نییەو پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕ چارەی هێمنی ئەو جۆرە کێشانە دەسەپێنێ. جگە لەوە باسی واتای جیاواز وشە و زاراواەکان و جۆری بەکارهێنانمان بۆ فەرهەنگناسی کارێکی بە کەڵک و بایەخدارە. بەلای ئەنجومەنی کۆڕەوە سووکی وشە لەسەر زمان و بۆ گوێ مەرجێکی پێویستە بۆ چەسپ کردن و بڵاوبوونەوەی

زاراوی نوێ و رەچاو کردنی ئەم مەرجە بۆ قۆناغی دوا کەوتووی ئێمە لە خەڵکی تر پێویستترە).

لە بواری (زاراوە زانستییەکان)دا، کۆڕ لیژنەیەکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە و دانانی زاراوە زانستییەکان لە سەرتای ساڵی (١٩٧٥)دا ساز کرد وەک لە بەرگی چوارەم (١٩٧٦)دا لاپەڕەکانی (٤٣٤-٤٤٢)دا هاتووە.

لیژنەکە پێک هاتبوولە:

مەسعود محەمەد – دەمڕاست (مقرر)، شوکور مستەفا – سکرتێر

هێمن موکریانی – ئەندام، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف – ئەندام

لە لاپەڕە (٤٣٤) دا هاتووە: (لێژنە بە پێی بۆچوونی خۆی ڕێبازێکی زانستیانەی گرتەبەر بۆ دانانی زاراوە لە مەشدا ڕەچاوی ئەو دەستورانەی کر کە لە زمانی پێشکەوتوەکاندا لێرەدا بە پێشەوە لە دانانی زاراوە پێڕەوی کراون. لەم کارەدا ڵێژنە ئەو ئەنجامانە کە پێڕەویی کردنی دەستوورەکان بە دەستەوەی دەدەن هەروەک زمانە پێشکەتووەکان دوو دڵیان نەکردووە پێڕەوکردنی دەستوور

گەلێک ئەرکی بە زیادەوە لە کیسەدا دهێڵێتەوە. زۆر ڕێگەی دریژیشی کورت دەکاتەوە، چونکە بەکارهێنانی دەستوور لە هەموو ئەو شێونانەی بۆی دەست دەدەن بە یەکجاری لە هەموویان دەبێتەوە و پێویست بەو ناهێڵێی بۆ هەر شوێنە ئەرکێکی تایبەت هەلبگیرێ. لێرەدا نموونەی پێڕەویی کردنی دەستووری زاراوە داتاشین لە چەند ڕێبازێکی زمانی کوردییەوە دەخەینە بەرچاو. بەشێکی زۆری لە زاراوەکان لەوانەن لە عەرەبیدا بەهۆی ڕێژەی (مصدر صناعی)یەوە پێک هاتوون کە لە زمانەکانی ڕۆژئاوادا دەبن بە وشەی ئەوتۆ کۆتاییان بە ( ism) دێت. دەزانین هەردوو ڕێژەی عەرەبی و ڕۆژئاوایی ڕێژەیی دروست کردنی ناوی ئەبسراکتن. لێژنە لە نێوان ئەو پاشگرانەی کە لە زمانی کوردییدا واتای Abstract دروست دەکەن پاشگری (ایەتی) هەڵبژارد). وەک لە زاراوەی: مارکسیەتی، ڕەوشتایەتی، هاوبەشتایەتی ... هتد.

(لێژنە ڕەچاوی ئەوەی کرد کە ئەگەر لە زمانەی پێشکەوتووەکاندا وشەی ئەبستراکت کرابێ بە (وێف Adjective)و ئەوجا پاشگری (ism)ی بە دوادا هاتبێ وەیا (مێدر ێناعی) لێ دروست کرابێ دەبێ لە کوردیشدا

ئەم لایەنە بە دەستور بگیرێت. بە نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا (From) بە واتای (شێوە) دێت کە لە عەرەبیدا (صورە)یە. وشەی (Formal) کە بووە بە وەێف لە کوردی (شێوە پەروەر)مان بۆ دانا کە بە عەرەبی دەبێتە (صوري).

بە دوای ئەمەدا لە ئینگلیزی (Formalism) داڕێژراوە بە پێی دەستووری بەکارهێنانی پاشگری (ایەتی) لە کوردیدا دەبێتە (شێوە پەروەرایەتی) کە لە عەرەبیدا بەرانبەر (الصورية) دەوەستێ.

دەستورێکی دی وشەسازی کە لێژنە بۆ دانانی زاراوەکان بەکاری هێناوە لە داڕشتنی (مذهب، فلسفه الشک Sceptism) دا ڕوون دەبێتەو کە لە کوردیدا دەکاتە (گومانایەتی)و چەند وشەیەکی دیکەیشی بە سەرکردەوە کە لە (گومان) وەردەگیرێت بۆ (مشکوک):
(گوماناوی)ی داناوە کەوا کەسێک وەیا شتێک دەگرێتەوە گومانی تێکەڵ بوبێت.

بۆ (شاک): (گوماندار)ی داناوە کە کەسێک دەگرێتەوە گومانی پەیدا کردبێت لە شتێک، دەشێ پاش سەعاتێک گومانەکەی بڕەوێتەوە.

بۆ (متشكك): (گومانگر)ی بەكارهێناوە كەوا كەسێكە پەیڕەوی فەلسفەی Sceptism دەكات (لەم كارەی داهێنانی زاراوە كەوا گەلێک جار ڕێژەی نسبەتی بەكاردێت لێژنە خۆی لە (ی) تەقلیدی دزیووەتەوە بۆ پاشگرێكی تر كە ئەویش هەر بۆ نسبەتەو زۆریشی لە تاكە دەنگی (ی) لەبار ترە بۆ هاتن لە دوای زۆربەی ئەو وشانە.

لە كوردیدا دەگوترێت (لاوەكی، دەرەكی، ناوەكی، سەرزارەكی، شەوەكی، بەیانەكی، ڕۆژەكی، ئاوەكی، پێشەكی، پاشەكی، ڕەمەكی...) كە هەموویان ڕێژەی نسبەتن گونجاوتریشن لەوەی بەهۆی (ی) كۆتایی پێک هاتبان. ئەوەی ڕاستی بێ پاشگری (ی) نسبەت لە بنەڕەتدا بۆ دەربڕینی نسبەت لە گەلێ شار وڵات عەشیرەت و گەل شتی ئەوتۆییدا بەكارهاتووە، ئێستا نووسران خەریكن لەگەڵ وشەی وەهای بەكاربێنن كە هەرگیز كورد لەگەڵیان بەكاری نەهێناوە وەكو وشەی ئاوەڵناوی عادەتی (جوان، ئازا، سوور، زەرد ...) ئەم وشانە كە پاشگری (ی) یان چووە دواوە دەبنە ئەبستراكت هەرچەندە پاشگرە لە هەمان كاتدا بۆ نسبەتیش بەكار دێت. لێژنە وای پەسند كرد لە جیاتی پاشگری (ی) لەم

شوێنانەو شوێنی وەک ئەوان دا پاشگری (ەکی) بەکاربێنێت.) وەک (جوانەکی، ئازایەکی، سوورەکی، ...) ناوی ئەبستراکتەکەشیان دەبێتە (جوانەکیەتی، ئازایەکیەتی، سوورەکیەتی...) ئاشکرایە زمانی کوردیش وەک زمانە زیندوەکانی دونیا وشە سازی بکات بە پێی دەستورە زمانییەکان کە زادەی هەناوی خۆیەتی. (هەر لەم ڕێبازەوە گەیشتە ئەم ئەنجامە لە ئاست وشەی (خۆی) بە واتای (ذات): (خۆ) کە نسبەت درا (ی) دەبێتە (خۆیی) بە واتای خزم و ئاشنا دێت. زاراوایەک لە (خۆ) وە وەربگیرێت بە واتای (ذاتی **Subjective**) دەبێ بەهۆی پاشگری (ەکی) وە بێت. بەو پێیە وشەی خۆیەکی پەیدا دەبێت کە زاراوەیەکی زانستی یا فەلسەفییە دیارە بەرانبەر (الذاتیە **Subjectivity**) یش (خۆیەکیەتی) دادەڕێژرێت بە پێی دەستورێکی وشەسازی. بەهەمان شێوە بەرانبەر (موضوعي، **Objective**) زاراوەی (بابەتەکی) دروست دەبێ بۆ زاراوەی (الموضوعیة **objecvtivity**) یش ڕاستەوخۆ وشەی (بابەتەکیەتی) دادەڕێرێت.

پوختەی قسە ئەمەیە لێژنە ویستوویەتی بە ڕێبازی قیاس (پێوانەکی)دا بەرەو داڕشتنی زاراوەی کوردی هەنگاو

باوێت، لەوەش دا قیاس و پێوانەکە بۆ کوێی برد بەدوای بکەوێت و بە ئەنجامەکانی. لێژنە داوا لە خوێنەری کورد دەکات کە ئەویش بە نیازی ڕێ هەموار کردن دەوڵەمەند کردن سەیری زاراودانان بکات نەک لە گۆشەی بە زەحمەت خستن و ئاڵۆزکاندنەوە. (ل ٤٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو).

# زاراوە وەرگیراوەکان لە
# ئەزمونی کۆڕی زانیاری کورد
# لەزاراوەداناندا

شێوازەکانی زاراوە دانان:ئایا شێوازەکانی زاراوە دانان چین ؟

لەوەڵامدا و بەپێی لۆجیکی زمان و بەرنامە سازیەکەی دەتوانین بڵێین ، بە گشتی سێ شێوازی زاراوەدانان پەیڕەودەکرێن :

١-وەرگێڕان : بۆئەم وشانەی بەرانبەرێکی زانراوی (کوردیان ) هەبێت ،کۆن، یانوێ .واتە: دۆزینەوەی بەرانبەرێکی کوردی کە واتای زاراوە بیانییەکە بدات.

٢-دانان: واتا دانانی بێژەیەکی نوێ بەرانبەر زاراوە بیانیەکە بەڕێبازێکی ڕۆنانی وشەی کوردی: دانان، یان دروست کردنی وشەیەک لە پێشدا نەبووبێت، بەرامبەر وشە بیانییەکە،بە داڕشتن و لێکدان و داتاشینی وشەی

نویَ لە رەگی  وشەی کوردی یان رەگی  وشەی کوردی و بیانی.

٣-وەرگرتن : ئەمیشیان دووجۆرە:

١-سازدانی بێژەیی(زاراوەی سازێندراو) :

واتا وشە بیانیەکە بەکاربێنین دوای گونجاندنی لەگەڵ سیستەمی دەنگیی زمانی کوردی، بەگونجاندنی هەندێ لە کێش ،یا پیت ،یادەنگەکانی ،وەک :سەروەت ،تەیارە،زاڵم،زەلیل،حەوز، فەلسەفە ..

٢ –خواستنەوە (زاراوەی خوازراوە): بە واتای گوازتنەوەی زاراوە کە بە بێژەو(تلفظ)ی خۆیەوە (بێژەوی بیانی) بۆ زمانی کوردی،واتا وشە بیانیەکە وەک خۆی بەکار بێنین ، لەبەر بێتوانایی سازاندن یا لەبەر پەلەکردن ، بەڵام بە هاوردە دەژمێردرێت ، وەک: رادیۆ، پانکە، زەکات، ئۆکسجین ،پەرلەمان ، تەلەفۆن .

(ممدوح٢٠١٩\).

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد،بەرگی یەکەم ،بەشی یەکەم ،١٩٧٣،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ــبەغدا

-زاراوەی کارگێڕی

هەڵبژاردن و دانان وداتاشینی زاراو ، یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی کۆڕگرتوونییە ئەستۆی خۆی .

لیستەی یەکەمی زاراوی کارگێڕی ،ل٤٢٣

-ا-

-امر الحامیة : سەرئۆردی /ل٤٢٦

-الحامیة:ئۆردی /وەرگرتن /تورکی (هۆردوو)ل٤٦١(تورکیە)

دائرة البرید والبرق والتلفون: فەرمانگەی پۆستەو تەلەگراف و تەلەفۆن /دانان+وەرگرتن (وشەی خوازراو) (پۆستەو تەلەگراف و تەلەفۆن) ــل ٤٤١

تخطیط : پلاندانان/وەرگرتن +دانان /ل٤٤٥

تقرير :ڕاپۆرت /وەرگرتن /ل٤٥١ لەزمانی فەڕەنسی دواپیتی وشەی (rwport ) ناخوێندرێتەوە ،لەکوردیش دەتوانیت (راپۆر ) بەکاربێنێت.

خطة :پلان /وەرگرتن /ل٤٦٦

درجة:نومرە /وەرگرتن /ل ٤٦٨

سفارة:باڵێوزخانە

سفير :باڵێوز

شعبة المحاسبة : دەفتەر داری / دەفتەر -وەرگرتن + داری - دانان \ ل٤٨٠+ (دەفتەر )یۆنانی

فن:تەکنیک technic/ وەرگیراو /ل٤٩٣

-فني (خبير فني ): تەکنیکار/ ل ٤٩٣ ) ( technicist) (technical (technician))

فني: تەکنیکی /٤٩٣ /وەرگیراو.

قائد القوات المسلحة:سوپاسالار /وەرگیراو لەفارسی \ل ٤٩٣

قانون :یاسا (لەسەردەمی تەتارو مەغۆلەوە تێکەڵی زمانی کوردی بووە ، ئەسڵەکەی (یاسون)ە /وەرگیراو /ل ٤٩٥.

قرض : قەرز ،وام /٤٩٥ /عربی ،فارسی )وەرگیراوە .

کاتب الحسابات : دەفتەر گر\ ل ٤٩٧ )\دەفتەر +گر

کاغەز (ورق) : کاغەز /(هندی) /٤٩٧

کمرک :گومرگ /ل ٤٩٩

محفظة : دۆسیە ، فایل /ل ٥٠٥/

مستشفی : خەستەخانە /ل ٥٠٩خەستە /تورکی

مستشفی الامراض العقلیة :بیمار ستان /فارسی\ ل ٥١٠

مستشفی العزل: نەخۆشخانە ،کەرەنتینە /ل ٥١٠

میناء : بەندە ر/فارسی /٥١٩

وزارة:وەزارەت /فارسی /٥٢٣

وزیر :وەزیر /فارسی/٥٢٤

-گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ،بەرگی دوەم ،بەشی یەکەم ،١٩٧٤ ،بەغدا چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

سایلو:سایلۆ \ل ٨٩٠

لیستەی دووەمی زاراوەکانی کۆڕ \ل ٨٩٩

حزب الاحرار : پارتی لیبڕالی ، پارتی ئازاد \ل ٩١١

خط: خەت / ل٩١٣

رخصة : ئیزن /ل٩١٤

طب البیطرە : بەیتاڵی /ل ٩٢٠

قصدیر: توتیا /ل ٩٢٤

کمالیات : فەنتازی /ل ٩٢٦

معمار (معماڕی ): ئارکتێکت ،ڕەنگڕێژ /architect

نظریة :تیۆری /ل ٩٣٧/

وکالة(الانباء): ئاژانس\ل ٤٦٩

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد

بەرگی دووهەم ،بەشی دووهەم /١٩٧٤ ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد –بەغدا لیستەی سێهەمی زاراوەکانی کۆڕ.

بين النهرين (وادى الرافدين):مێزۆپۆتاميا \ ل ١٧٢(بەرگی ٢)

جغرافي : جوگرافناس\ ل ١٧٢(ب٢)

فسيفساء : کاشيکاری (کاشی) لە (کاشانی ) یەوە هاتووە / ل١٧٨(ب٢)

مكننة: میکانیزم

واحة :واحە (لەبەر ئەوەی لەکوردیدا نییە( مێرگ) مانای تەواوی (واحە) ناگەیەنێ.

فقه اللغة: فیلۆلۆژی / ل ١٨٦ (ب٢)

الوحدة الصوتية :فۆنیم / ل ١٨٧ (ب٢)

ارث:میرات / ل ١٨٩(ب٢)

اندوكارديوم : ئەندۆكارديۆم . ناو بەرگە دڵ ،ناو پەردەی دڵ / ل ١٩١(ب٢)

بروتوبلازم : پرۆتۆپلازم/ل ١٩٢(ب٢)

بروستات : پڕۆستات ل١٩٢(ب٢)

بلهارزيا: بەلهارزيا، خوێن ميزە(١٩٢) (ب٢)

الحمى الباراتيفوئيدية: پاراتيفۆ\ ل١٩٨(ب٢)

زلاليات :پڕۆتين /ل ٢٠١(ب٢)

زهري: سفليس/٢٠١(ب٢)

مخدر:بەنج /ل ٢١٤(ب٢)

مصل الدم:پلازما ،زڕەخوێن/ ل٢١٥(ب٢)

گۆڤاری كۆڕی زانياری كورد ،بەرگی سێيەم ،بەشی يەكەم،١٩٧٥،

چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد –بەغدا.

ليستەی چوارەمی زاراوەكانی كۆڕ

الاسماء المحايدة: ناوی بێ جنس /ل٥٠٧(ب٣)

الاسماء المشتركة:ناوی دووجنس /لە٥٠٧(ب٣)

الجملة الاخبارية :ڕستەی خەبەری /ل٥٠٩(ب٣)

الجملة غير الرئيسية:كلۆز clause /ل٥٠٩(ب٣)

العقدة : فێز / ل٥١٥(ب٣)

علم اصل الكلمة :ئێتیمۆلۆژی etymology ل٥١٥(ب٣)

علم الصرف:مۆرفۆلۆژی morphology/ ل٥١٥(ب٣)

الفعل الماضي الالزامي (الانشائي) :كاری رابردووی ئینشائی /ل٥١٦(ب٣)

المورفيم: مۆرفیم morpheme /ل٥١٩(ب٣)

نقطة الاتصال : جەمسەر juncture / ل٥٢٠(ب٣) (جمع+سەر)

الوحدة الصوتية : فۆنیم phoneme /ل٥٢٠(ب٣)

الاوقاف : ئەوقاف /ل٥٢٣(ب٣)

تسجيل السيارات : تۆماركردنی ئۆتۆمۆبێل / ل ٥٢٤(ب٣)

الحكم الذاتي :ئۆتۆنۆمی /ل٥٢٥(ب٣)

ضريبة العقار : ئاقارانە/ ل ٥٢٩(ب٣)

مكتب: مەکتەب /ل٥٣١(ب٣)

ميزانية : بووجە/ل ٥٣٢(ب٣)

اسفنج: ئەسفەنج/ل ٥٣٧(ب٣)

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ،بەرگ سێیەم ،بەشی دووەم ،١٩٧٥ ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد –بەغدا.

لیستەی پێنجەمی زاراوەکان کۆڕ

جو: جەو / ل٥٣٣(ب٣)

حمام (حامضي) : گەرمە ئەسید

سرنج: شرینقە ،دەرزی لە (syringe) وەرگیراوە

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ،بەرگی چوارەم ،١٩٧٦،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ،بەغدا .

زاراوە زانستییەکان

قیاسی :پێوانەکی

لیستەی زاراوەکانی فەلسەفە و ژیربێژی

الابد :ئەبەد /(ب٤)

الاحوال (عند الصوفية) : حاڵ /٤٤٢(ب٤)

الشيوعية: کۆمیونایەتی ،کۆمیونیزم communism /٤٥٠(ب٤)

الفلسفة التحليلية : فەلسەفەی شیکار /ل٤٥٢(ب٤)

المثالية : نمونە گەری (ئایدیالیزم )
idealism(نمونایەتی) /٤٥٤(ب٤)

المثل الافلاطونية : نمونەکانی ئەفلاتونی ideal platonic ٤٥٤١(ب٤)

المذهب البيروني (مذهب الشك المطلق): راڕەوی پیرۆنایەتی pyrrhonism /٤٥٥(ب٤)

مذهب الجواهر الفردة: راڕەوی ئاتۆمایەتی atomism/ ٤٥٥(ب٤)

المذهب الرومانسي : راڕەوی رۆمانتیکایەتی

Sen timetalism= romanticism/ ٤٥٦(ب٤)

المسلمات : سەلمێنە/ ٤٥٧(ب٤)

المصادرة : سەلمێنەكاری /٤٥٧(ب٤)

المنطق الجبری : ژیربێژیی جەبری logistic algebraic ٤٥٨(ب٤)

المنطق اللوغاریتمی : ژیربێژیی لۆغاریتمی

Algorithmic logistic /٤٥٨(ب٤)

لیستەی زاراوەكانی نەفس

اختبار تفهم الموضوع: ئەزموونی بابەت فامی\ ل ٤٦٣(ب٤)

اخصائي القياس النفسي : پسپۆڕی پێوانەی نەفس

جنون الاغتسال : ئاشقە ئاوی /٤٦٨(ب٤)

الخطة : پلان /٤٦٩ ب٤


دائرة المعارف :زانیارستان ،ئینسیكلۆپیدیا encyclopedia

الصبغة الوجدانية : شێوەی هێدۆنی hedonic tone

الهستريا : هيستريا hysteria


# ئەزموونی مامۆستای گەش ژیاو مەسعود محەمەد


# لە ئەزموونی زاراوەسازیدا









## ئەزموونی مامۆستای گەش ژیاو مەسعود محەمەد

## لە ئەزموونی زاراوەسازیدا

زمان وەک دارێکی بە بەر وایە، پێویستی بە چاودێری و چاک کردن و رێکخستن هەیە، بە دەستێکی کارامەو لێزان، بەهەمان شێوە زمان بەردەوام پێویستی بە زاناوپسپۆر هەیە بۆ خزمەتکردنی، بە تایبەتی لە بواری زاراوەسازیدا پێویستە رەچاوی ئەوەی تێدا بکرێت:

١- زاراوەساز پێویستە لە زانستێک یان هونەرێک تایبەتمەند بێت لە رووی تیوری و کرداریەوە شارەزایی بوارەکەی بێت.

٢- شارەزا بێت، لە زمانی کوردی. بە تایبەتی لەلایەنی پەیوەندار لەو زانستە یان هونەرە.

٣- چاکزانی زمانێکی ئەوروپی دەوڵەمەند لە زانست و ئەدەب بێت.

٤- شارەزاو ئاگاداری کولتووری کوردی بێت بەلایەنی کەم لە بواری تایبەتمەندییەکی خۆی.

٥- لە چوارچێوەی کۆڕێکی زماندا کار بکات، وا تیشک دەخەینە سەر لایەنیکی بچووکی خامەگێڕانی مامۆستای فرەزان (مەسعود محەمەد) وەک لە کتێبی (زاراوەسازی پێوانە)دا دەردەکەوێت.

لای هەمووان ئاشکرایە مامۆستای بەڕێزمان هەموو مەرجەکانی پێشووی تێدابووەو بە زێدەییەوە.

# (زاراوەسازی پێوانە)ی

## مامۆستای گەش ژیاو مەسعود محەمەد

لە ساڵی (١٩٨٨) ئەم کتێبەی بە چاپ گەیشتووە کە تیایدا مامۆستای گەش ژیاو مەسعود محەمەد لە بارەی ڕۆنانی زاراوە دواوەو خامەی رەنگینی خۆی تێدا گێڕاوە و حەشارگەکانی بەسەر کردۆتەوە، لە (٤٤٥)لاپەڕەدا لە وردەکاری زاراوە دانان دواوەو ئەوەتا دەڵێت: (تاکە وشەی ئاسایی و تاکە وشەی زاراوە بەوەدا لەیەکدی جودا دەبنەوە کە:

١- وشەی ئاسایی لە دوو زمان یاخود سێ زماندا بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیە کە وەک چۆلەکە و قاسپەی کەو، تاکە مەبەستی راگەیاندنی زانیاری ئاخێوەری رەچاو کردووە. بآ ئەوەی گوێی دابێتە زمانێکی دیکە، لەوەدا ئایا بۆ ئەو راگەیاندنە چ وشەیەکی هەڵ ناوە و لەسەرەتاوە مەبەستێکی نائاسایی بە ملەخۆیەوە گرتووە، ئەوجا بە زۆریش لە رێی چاولێکەری سەقافەتێکی

پێشکەوتووە وە پێوانەو کێشانەی زانستی و هونەری و ئەدەبی لەگەڵدا کردووە...)).

٢- ...ئێمە ئەگەر بتوانین بەرە شرەی خۆمان لە ئاو دەربهێنین بەسمانە، کە دەشیەم بۆ ئەو تەرزە تێبینیانەوە دەڕۆم مەبەستم روون کردنەوەی لایەنە ئەستەمەکانی زاراوەسازییە، دەبآ بزانین زاراوە دانان بەوەندە پێک نایەن، دەست بدەینە قەڵەم و بە پێی هۆش پآ شکان و دەستەڵاتی زمان زانیمان بۆ (سيارة) گەڕۆک و بۆ (طيارة) فڕۆک، فرۆکە، دابنێین. زاراوەدانان بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە زانستی فەرهەنگسازی هەیە چونکە لە ئاکامدا بایی فەرهەنگێک وشە رۆ دەنێیت، ئەوجا وەکو گوتم، پێویستی بەو زانستە هەیە کە زاراوەی بۆ دادەنرێت. دوای ئەمە پێویستی هەیە بە زانستی زمان و دەنگناسی و هەموو لکەکانی دیکە کە زمان باوەشی پێدا دەگرێت، دەبێ بەلای کەمەوە شارەزایی لە زمانێکی پێشکەوتووی ئەم سەردەمە پاڵپشتی زاراوەساز بێت، دەبێ زاراوەساز هەستیار و مووقلاش وردبین و سەلیقەدار بێت) ل٣ و٧. هەروەها دەڵێت: ((زاراوەساز، پاش شارەزایی لە زانستی زمان و زاراوە جوداکانی زمانی کوردی دەبآ لە بەرنامەی دابێت

رووەو ئاسانی و کەم ئەرکیەوە رێگە دەر بکات هەتا زاراوە کورت ترو سادەتر بێت پەسندترە. کە سادەیی و کورتی دەست نەکەوت پێویستە هەتا بلوێ زاراوە لە کەمترین ژمارەی کەرت ساز بدرآ نەک خۆی لێک بکێشێتەوە بۆ دەستەواژە)) ل١٩.

ئینجا دەڵێ:

((هەتا بشێ تاکە وشە پەسندە بۆ زاراوە، کە نەشیا ئینجا داڕێژراو کە بریتیە لە وشەیەکی سەربەخۆو زیادی وەکو پێشگرو پاشگر، کە ئەو مومکین نەبوو ئینجا وشەی لێکدراو و ئاوێتە و دەستەواژەکە بریتین لە دوو وشەی سەربەخۆو لە دوو وشەی زیادیو...هتد، دەبآ ئەمە دەستووری گشتیمان بێ)).

ئینجا دێتە سەر وشەی داڕێژراو و بەم شێوەیە پێناسەی دەکات، "داڕێژراو ئەو وشەیەیە کە لە وشەیەکی سەربەخۆو لە زیادەی ئەوتۆ پێکهاتبێت کە سەربەخۆ واتا نەبەخشێت، بە نموونە دەڵێین: حەفت- حەفتوو، چل- چلە، کار- کارا،..." بە وردی رووچۆتە ناو بابەتەکەو دەیان زاراوەی نوێی بە پێی دەستوورو قالبی وشەسازی رۆنەناوە، دەیان گرێی زمانەوانی لە زاراوەسازیدا

شیکردۆتەوە تا لە دوا کایە لیستێکی نزیکەی (٢٨٨) زاراوەی فرە جۆری بە پێی دەستووری زاراوەسازی بەسەر کردۆتەوە و وشەی تازەی بۆ واتای تازە لێ رۆناون، وەک دەڵێت: "لێرە بەدواوە فەرهەنگۆکێک بۆ ئەو زاراوانەی کە لە پێوانەمان وەرگرت دەنووسمەوە بە پێی سڕەی هاتنیان بۆ ناو نووسینەکە..." ل١٢٢.

دواتر دێتە سەر ناوی داڕێژراو..ل١٣٦ :

لەم بارەیەوە دەڵێ:

"وشەیەکی لە یەکگرتنی ناوو زیادەیەکی کە بە تەنها واتا نابەخشێ پێک بێت، بە داڕێژراو دادەنرێ. زیادیش کە بێت یا بە پێشەوە یا بە دواوە، ناوەناوەیش بەناو کلێشەی وشەوە دەلکێت.

پێشگر و پاشگر لەو مەیدانەدا بایەخدارن، ناوگر زێدە دەگمەنە".

دواتر دێتە سەر پاشگرەکانی سەر بەناو (ل١٤٤). لیستێکی (٦٢) دانەیی ساز دەکات. "لەو لیستەی خوارەوەدا چەندێکی بەبیرمدا بێتەوە لەو پاشگرانە

دەياننووسم، دواتريش پاشگرى  وشەى تاک و تەرا دێتەوە پێشمان کە هی لیستە بۆ گرتن نین.. ل١٥٢".

پتەوە: پتەوێنە، Condencer

گەڕێنە: محرک

وەستێنە: برێک

زیخەڵان: Beach

گەندەڵی: مرض باطني (گەندەڵ رووەکێکە لە ژوورەوەی یاخود لە رەگەکانی عەیبی هێنابێ)

کۆتەڵ: Robot

شڕەڵان: مكان النفايات

خوردەڵان: مكان السكراب

"هەر زاراوەیەک کە لە وشەی هاوکێش و هاورێژگەوە هاتبن، قیاسی لەسەر دەکرێت" ئەم تێبینیە شایانی لەبەر چاو گرتنە.

هەژەند: كارثة، Catastrophe

تەژەندەر: عملاق

تەژەند: تەژاو: ضخم

پرسن: محب الاستطلاع

سەیرەک: علامة التعجب

پرسەک: علامه الاستفهام

نایەک: علامه سالبة

ئایەک: علامة موجبة

جەلوو: (جەلە کردن): قطار

رەشوو: جانجرین

سۆسە: الحدس

سۆسەوەر: ذات حدس قوي

دیدەوار: روونبین

بینەوار: نیگافراوان

بینەوەر: هێزی دیتنی هەبێ (آله)

دیدەوەر: خاوەن چاو

زیندەوەر: هەمیشە زیندوو

ئاستەوار: الاثار

ئاستەجێ: الاماكن الاثرية

قایمقام: کارەوان

القضاء: (قائمقامية): کارەوانی

ڕۆڵ: نۆرە

(ئەو پێنج پاشگرە " چی، مەند، ەوەر، ەوار، ەوان" بەهێزو پێزن).

الغظروف: کرتۆڵ

تا ئەو رادەیەی بەڕێزیان دەڵێت: "پەحا، توێژینەوە لە زمان چ شەڕێک بە مرۆ دەفرۆشێ"

پلاجە: بەفرانگە ل٢٢٨

المراجع: خوازگار ل٢٤٠

عريضة: خوازنامە

المراجعة: خوازگاری

خوازپرسی: (کەسێکە کە لە خوازنامە بپرسێتەوە)

دادپرس : قاضي، حاكم

دادخواز: المرافع

دادخوازی: المرافعة

محاكمة: دادخوازی

مدعي: داواكار

مدعي عليه : داواگیر

دادستان : محكمة

دادگە: محكمة

خوێندگار/ مبشر: دینگار، موژدەگار

دیندار/ دینزان- دینگار

ل٢٤٣ لیستی پێشنیازکراو/ زیاتر لە (١٠٠) زاراوە

وشەی لێکدراو: زاراوەی وشەی دارێژراو کە بریتیە لە تاکە وشەیەکی واتادار و ئەو زیادییەی بە تەنها واتا

نابەخشێت چ پێشگر بێت و چ ناوگر و چ پاشگر، کە بەو وشەوە بلکێت چ بە کارەوە چ بە ناوەوە داڕێژراوی لێ پێکدێت.

پارە: بێ پارە پێشگر

بەرد: بەردەڵان پاشگر

گنج: گرنج ناوگر

پشکووت: پشکاوتی ناوگر

پارە: پارەداری / دوو پاشگر

پرژا: پرژاندمانەوە / دوو پاشگر

دان: هەڵدانەوە / دوو پێشگر

چوون: تێهەڵچوونەوە / دوو پێشگر

پسکووتن: راپسکاوتن / پێشگرو ناوگر

لە وشەی لێکدراودا پتر لە وشەیەکی واتادار بەشدار دەبێ لە پێکهاتن، چەند زیادیی بآ واتاش پێوە بلکێت هەر لێکدراو دەمینێتەوە.

زمانی کوردی تایبەتمەندی زمانی لکێنەیی (الصاقي) و دارِشتنەکی (اشتقاقي) تێدایە، سەرەڕای ناوگر سەرنج بدە:

لە عەرەبی/ دار- دور

لە کوردی/ گەڕان، گەڕا/ گێڕای

عد: ژماردن

تعدد: ژمران

پشکوتن: پشکاوتن (ناوگر)

ژماردن: ژماران- (ژمران)

لێرەدا رەوا بوونی دارِێژراو بۆ زمانی کوردی مەبەستە/ کە تواناو بە پێزی رێزمانی دارِشتنی زاراوە لە زمانی کوردی دەردەخات.

"دەقی (کار)/ ئایندەو فەرمان، نەهی و نەفی، دەکات، بکە، مەکەن- نەڕۆین، ناکەن"

مەکە/ نەکە

صریح/ ناصریح

داربەڕووو/ سەرئاسنە

کە وشەی واتادار بریتی بێ لە بەرەی کار، ناو، وشەی لێکدراو بە سێ جۆر دابەش دەکات کە ناشێ پتر لەو سێجۆرە پەیدا ببێ.

١- لێکدراوی کاروکار ٢- لێکدراوی ناوو ناو ٣- لێکدراوی کارو ناو (چاووگ و چاوگ).

هات وچۆ، بگرەو بەردە، شیرمژ: ناوی بەرکار، سەرشکێن: ناوی بەرکار.

کارە دەستووریەکانی رێژەی رووان و (اندن) و کارەکانی رێداری (سپاردن، پاڵاوتن، کێڵان، خزین).

((خواردن: نانخۆر، ناوی کار)).

١-زاراوەی لێکدراوی ناووکار (بەرتیل خۆر/ سەربڕ/گوڵ چن/ ئاودێر/ بلوێرژەن/ مەودابڕ/ سەرکەوتە/ ژێرپۆش/ بنکۆڵ/ بنگرە/ تێکەڵاندن/ دادپرسی/ داواگیر/ دەستبڕ/ قۆڵبڕ/دەستکەوت/ بەرهەڵست/ شەوو رۆژ

٢- زاراوەی لێکدراوی ناوو ناو.

٣- زاراوەی لێکدراوی (ناو) (کار) + زیادییەک (دەستکەوت، دەستکەوتوو/ دارەتوو/ دارەبەن/ لامژ/ گۆشت خۆر/ تەڕپۆش/ گوڵ چنیو/ گەنم پێو/ تایەکێش/بازنەکێش/ هەمەکێش/ سەنجکێش: معجنات: هەویرەمەنی/ چاوگیر بوو/چاوگیری/چاوگرە/ چەرخەبەرە: عەرەبانە/ لابژی ٢٦٨

هۆشخواز: عقلانی

خباطة: ناوشێل (ئاسان و کورت و پەسندە)

خبطة: گیرەوە

عقل باطن: هۆش ون

عالم الغیب: ونبین

المخرج: کاربین director

تشبیط: دنەکوتان

قطارة: دڵۆپڕێژ، تنۆکڕێژ

تدشین: ڕەنگڕێژ کردن

خزنة: پوول سپێرک

ودیعة: سپێرکە

وشەی لیکدراوی ناو وناو:

بڕبڕە، فیت فیتە، سەرسەری، گرمەگرم، جاڵجالۆکە، رێژەی هەرە سادە و کورت لیکدراوی ناوبەناو کە بریتی بێت لە دوو وشەی سادەی بێ زیادی و پێوەندی وەکو: بەدبەخت، سوورگوڵ، دەست کورت.

دوا بەشی کتێبەکە کە بەناوی (بایی پەیینکە لە باراش زمانی کۆنینەمان)ە لەم بەشەی کتێبەکەدا بیروبۆچوونێکی گرنگ دەخاتە روو، ئاماژە بە سەرچاوەو بنەمای چەندان وشەی رەسەنی کوردی دا دەکات، بە رۆ چوون لە مێژوودا، ئەوەتا دەڵێت: "ئاڤێستا بە کۆنترین فەرهەنگی زمانە ئێرانیەکان دەژمێردرێت چونکە هەرچی نووسینی دیکەی ئێرانی هەبێ بە دوا ئاڤێستادا هاتووە.. هەر لە پێغەمبەرایەتی زەردەشتەوە (ساڵی ٦١٨ پ. ز) هەتا (٥٠-١٠٠) ساڵێکیش دوای یەزد کورد کە لە (٦٥٢ز) کوژرا، تاکە سەرچاوەی باوەڕو ویژدان و گوزەران بوو بە تایبەتی لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی (ئەشکانی و ساسانی) هەتا هاتنی ئیسلام.

لەم خەرمانە بە پیزەدا مامۆستا (مەسعود محەمەد) دەڵێت: "ئێستا ئێمە لەلاوە بە دەوری خەرمانی زەرەدەشتایەتی و ئاڤێستادا سواڵی گەڵە گەنم دەکەین بەڵکو بایی پەیینکەی تەشتە هەویرێکی لێ کۆبکەینەوە (پەیینکە ئەو ئاردەیە کە نانکەر ناوە ناوە دەستی تێوەر دەدا هەتا هەویری پێوە نەنووسێت. (ل ٣٧١ زاراوەسازی).


دیسان دەڵێت: "ئەوەی دەمینێتەوە خۆمی پێوە خەریک بکەم، وەک کە کردوومە، ئەوەیە کە وشەی ئاڤێستایی لە زمانی کوردیدا، بدۆزمەوە بەڵکو نیگای تۆژەرەوەیەکی کورد بەلای ڕێبازی دروستدا بابداتەوە" ئینجا هاتووە (٩١) وشەی بە وردی لەسەر ئەم بنەما و بۆچوونەدا لێکداوەتەوە کەوا لە لاپەڕە (٣٠٠-٤٤٥)ی گرتۆتەوە.

لە کۆتایدا دەڵێین: ئەم کتێبە گەر تاکە سەرچاوەی بەردەست نەبێت بۆ دانانی زاراوە ئەوا کلیلی کردنەوەی ئەم دەرگا مەزنە لە گەنجینەی پڕ دوڕو گەوهەری زمانی کوردی.

# ئەزمونی مامۆستای گەش ژیاو

# د. کامل بصیر لە زاراوە داناندا



لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کوردی

ئەندامی یاریدەر : کامیل بەصیر

لە بەشی یەکەمی بەرگی دوەمی
«گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»
دەرهێنراوە

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد
بەغدا — ١٩٧٤

## ئەزموونی مامۆستای گەش ژیاو

## د. کامل بصیر لە زاراوە داناندا

بەسەرکردنەوەی نامیلکەی (زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کوردی)ی خوالێخۆشبوو مامۆستا د. کامیل بەصیر

بیرو بۆچوونەکانی بەچڕو پڕی لە وتارێکدا بەرجەستە بوون کە لە بەشی یەکەمی بەرگی دووەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد دەرهێندراوە وەک نامیلکە بەناوی (زمانی عەربی و کێشەی زاراوەی کوردی) لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا- ١٩٧٤ چاپ کراوە.

لەم وتارەیدا مامۆستا هەوڵیداوە وەڵامی پرسیارێک بداتەوە (تا چ رادەیەک زمانی عەرەبی، ئەتوانێ کێشەی زاراوە لە زمانی کوردیدا چارەسەر بکات؟) .

بۆ ئەو مەبەستە لەرێبازی زمانی عەرەبی لە داهێنانی وشەی نوێباوی کۆڵیوەتەوەو چوار رێبازی سەرەکی زاراوەدانانی بەسەرکردۆتەوە کە ئەمانەن:

١- رێگای مەجاز (Metaphor).

٢- رێگای داڕشتن بە هەموو جۆرەکانیەوە (الاشتقاق).

٣- رێگای داتاشین (النحت ).

٤- رێگای لێکدان (الترکیب).

ئینجا دەڵێت:

(ئەوەی لەم رێگایانە پەیوەندی بەڵێکۆلینەوەکەمانەوە هەبێ رێگای مەجازە، چونکە زمانی عەرەبی ئەم رێگایەی گرتۆتەبەر بۆ داهێنانی زاراوەکانی کە هەندێ لە زمانەوانەکانی کورد بەسەرچاوەی زاراوەی کوردی دایان ئەنین و پشتیان پ ێ ئەبەستن بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی زمانی کوردی بە وشەی نو ێ بۆ دەربڕینی واتا تازەکان) ل ٧٥٤ .

دواتر دێتە سەر (شی کردنەوەی چەند زاراوەیەکی عەرەبی): لە شیکردەنەوەی وشەی (عەقیلە)(العقیلة) کە لەبناغەدا بۆ واتای – بەپەت بەستراو- بەکارهێنراوە، واتای نوێی ئەم وشەیە (کەیبانوو= السیدة) دەگەیێنیت...

زاراوەی دووەم : وشەی (مسرح)ە. مەسرح لە زمانی عەرەبی دێریندا بە واتای لەوەڕگا دێت، عەرەب دەڵێن (سرح الابل): چوون بۆ لەوەڕگا، لەم ڕۆژانەدا عەرەب ئەم وشەیە بەواتای (شانۆ) بەکار ئەهێنیت.

زاراوەی سێیەم: وشەی (فنان)ە، لەهەندێ دەقی عەرەبی کۆندا وشەی (فنان) بەواتای چەشنێک لە کەر، کە پیستەکەی بەڵەک و رازاوەیە، بەکارهێنراوە، لەم ڕۆژانەدا بەواتای هونەرمەند بەکاردێت. دواتر لەرێگاکانی وەرگرتنی زاراوەی عەرەبی بۆ زمانی کوردی کۆلیوەتەوە:

-(وەرگرتنی زاراوی عەربی بەبێ دەستکاری)، وەک وشەی (ئەدەب) کە لەزمانی عەرەبی کۆندا (میوانداری و خوو رەوشت و فیرکردنی خووی باش)ی دەگایاند. لێرەدا پرسیارێک دەکات کە ئایا ( لەبەر چ هۆیەک هەر ئەبێت زمانی کوردی زاراوەی (ئەدەب) بەئەو مێژووەوە وەربگرێت و پشت بکاتە گەنجینەی وشەکانی؟ واتە لەبەر ئەوەی ئەم زاراوانە دوو واتایان هەیە کە وەک دەڵێت ڕەنگدانەوەی (سروشتی زمانی عەرەبیو دەروون و نەریت و خووی عەرەب و وڵاتەکەیەتی)، ل ٧٥٨ ، پێویستە بە تازەکانیانیشەوە وەرنەگیرێت.

واتە لە جیاتی وشەی (ئەدەب) وشەی (وێژە) پەسند بکەین.

بەگشتی کە زاراوەیەک بە واتایەکی نوێ لە زمانێکەوە دەگوازرێتەوە زمانێکی دیکە وەک وشەی (زەکات ) کە دوورایی ئاینی هەیەو لەناو خەڵکدا بەچەندان هۆکارو بڵاودەبنەوە ناکرێ وشەیەکی تازەکردی وا بەئاسانی بخرێتە شوێن، لە هەمان کات نابێ رەت کرێتەوە لەبەر ئەوەی لەمێژووی دێرینی وشەکەدا واتایەکی دیکەی هەبووە یان بۆ مەبەستی دیکە بەکارهاتووە لە زمانی یەکەمدا.

- گۆڕینی یەکێک یان پتر لە دەنگەکانی زاراوە عەربیەکە: نموونە بۆ ئەم رێگایە وشەی (کتێب)، کە لە وشەی (کتاب)ی عەرەبیەوە بە دەسکارییەوە وەرگیراوە.

مامۆستا دەڵێت :(ئەگەر سەرنجێک لە فەرهەنگەکانی عەرەبی بدەین بە مەبەستی دەستنیشان کردنی واتاکانی (کتب) بۆمان دەردەکەوێ ئەم وشەیە لە بناغەدا بە واتای رازانەوەی کونە بە مووروو بەکارهاتوە، لە عەرەبیدا ئەوترێ : (کتبت القربة اذا زینتها بالخرز).)ل (٧٦٠) ئینجا دەپرسێت:

زمانی کوردی چ پێویستییەکی بە وشەی (کتاب ) هەیە؟ ئەگەر هاتوو دەنگی (ڕ)مان گۆڕی بەدەنگی (ێـ)ی کوردی مێژووی واتای ئەم وشەیە ئەگۆڕێ و لەگە ڵ زەوقی نەتەوەکەمان و سروشتی زمانی کوردیدا ئەگونجی؟) ل (٦٧١) دواتر دەڵێت: (ئێمە لەو بڕوایەداین کە کردن بەکوردی دەنگی وشەی عەرەبی لە بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ بۆ زمانەکەمان رێگایەکی سەرکەوتوو نییە) (ل٧٦٢) ئەم بۆ چوونە زێدە رۆیی تێدایە لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە بەهۆکاری مێَژوویی کەوتۆتە ناو زمانی کوردی و (پەرتووک) بە هیچ شێویەک نەیتوانیوەو ناشتوانێت جێگەی پێ لەق بکات، لەبەر چەندان هۆ، وەک وشەی (پەرتووک) داتاشراوەو دوورایی تەواوی واتای (کتیب) تێدا نیە، دووهەم زۆربەی خەڵک لە وشەی (کتێب) دەگەن و لەگەڵ سازگەی زمانی کوردی گونجێندراوە وەک هاوشانەکانی لە (سەروەت)و (قیامەت) (کەوسەر).. هتد. ئەم رێگایەش رێگایەکی رەواو زانستییە لەداڕشتن و دانانی زاراوەی نوێ بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی.

- وەرگێڕانی زاراوەی عەرەبی: مامۆستا هاتووە رەخنەی لە وەرگێرانی وشەی (المظاهرة) بە (خۆپیشاندان)

گرتووە لەسەر بنچینەی واتای زمانەوانی وشەی (ظاهره= پشت گرتن)، (ع

عەرەب دەڵێت: (ظاهر فلان فلانا اي سند ظهره وآزره) وشەی (خۆپیشاندان) کە بۆ واتا نوێیەکەی عەرەبی بە چەمکە نوێیە وەرگێردراوەکەی کە بۆ واتای دیاردەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای رۆژئاوایە لە هەمان کات پشتگیری و ناڕەزایی تیدایەو لەگەڵ واتاو چەمکە نوێیەکە دەگونجێت، وەرگێرانی زاراوە مەرج نییە هەموو واتاکانی زاراوە بیانییەکە لە خۆبگرێت.

- داتاشینی زاراوەی کوردی بەرامبەر زاراوەی عەرەبی: نموونەی ئەم بابەتەش وشەی (زانکۆ) یە بەرامبەر (الجامعة)(کە عەرەب مەبەستی: المدرسة  الجامعة: واتە خوێندگای کۆکەرەوە)یە، جا ئەم خوێندگایە خوێندکاران کۆ ئەکاتەوە یا خود چەشەنکانی زانیاری و وێژە؟)(وشەی زانکۆی کوردی ئەوە دەردەخات کە کۆکراوەکە زانیارییە) بەرامبەر ئەوە وشەی (زانستگا) پەسند دەکات.

(زانکۆ) ئەم زاراوەیە لە لیستەی یەکەمی زاراوەکانی کۆڕی زانیاری کورددا هاتوو، ل ٤٥٤ بەرگی یەکەم

بەشی یەکەم –١٩٧٣- لە تیبینیەکاندا هاتووە (رستەی کۆکەرەوەی زانین) (جامعه العلوم والمعارف) هێنراوەو لە وشەی یەکەم (کۆ)و لە وشەی دووهەم (زان) وەرگیراوە بەرودوایان پێ کراوەو بوو بە (زانکۆ) ئاشکرایە ئەم زاراوەیە ئەمڕۆ لەوە چووەتە دەرەوە کە بەنامۆ بزاندرێت. لە دوا کایە مامۆستای خوالێخۆشبوو دەڵێت: ( ئەم پێنج رێگایە- هەروەکو لە شیکردنەوەی بەرهەمەکانیان دەرئەکەوێت – کێشەی زاراوە لە زمانی کوردیدا چارەسەرناکەن و فەرهەنگی کوردەواریمان ئەئالۆزێنی لەمەش سامناکتر ئەوەیە ئەگەر زمانەوانی کورد ئەم رێگایانە بگرێتەبەر دەرووازەکانی زمانی نەتەوەکەی لە رووی خۆیدا دائەخات و سەرچاوەی وشەو زاراوە داتاشراوەکان و لێکدراوەکان کە لە سروشتی زمانی کوردیدا هەڵقوڵاوە وشک ئەکات) ل ٧٦٥.

ئاشکرایە هەر رێگایەک گەر زانیستیانەو لەکات و شوێنی خۆی و لەزاراوەی پێویستدا بەکارهات بێگومان سوودی خۆی دەبێت و پێویستە سوود لە هەموو رێگایەکی زانیستی ،کەوا نەتەوەکانی دیکە سوودیان لێ بینیوەو لەگەڵ دەستوورەکانی زمانی کوردی دەگونجێت ئێمەش سوودیان لێ وەرگرین و لێیان بەگومان نەبین.


# تیۆری گشتی زاراوەسازی





مقدمة في علم المصطلح ، الطبعة الثانية: ( القاهرة: هضة، ١٩٨٨)، الطبعة الأولى: ( مكتبة بغداد: الموسوعةالصغيرة، ١٩٨٥).



د. علي القاسمي




زاراوەزانی - terminology - بەشی چوارەم



# تیۆری گشتی زاراوەسازی

وەک چۆن زانستی گشتی زمان باس لە سروشتی زمان و سیستەمەکەی بە گشتی دەکات. بەهەمان شێوە (زانستی تایبەتی زمان) باس لە زمانێکی تایبەتی دەکات بە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە، ئەوا تیۆری گشتی زاراوەسازی ،باس لە بنەما گشتیەکان دەکات، کە سنووری دانانی زاراوە دیاری دەکەن ، بە پێی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان چەمکە زانستیەکاندا هەیە، هەروەها گیروگرفتەکانی هاوبەش لە نێوان گشت زمانەکان و بوارە زانیاریەکان و هەموویان دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و بەسەردا راگەیشتن.

کەچی تیۆری تایبەتی زاراوەسازی ،لە گیروگرفتی تایبەت بە زاراوەکانی بوارێک لە بوارەکانی زانیاری دەکۆڵێتەوە، وەک زاراوەکانی کیمیا، زیندەوەرزانی،...هتد. ئاکامی ئەم توێژەوانانەش وەک بنچینەیەک بەکار دێنێت بۆ پەرەپێدانی بنەما فەرهەنگییە زاراوەییەکان و یەکخستنیان لەسەر ئاستی جیهاندا.

گرنگترین بابەتەکانی توێژینەوە لە تیۆری گشتی زاراوەسازی ،ئەمانەن:

سروشتی چەمکەکان، پێکهاتن و تایبەتییەکانیان، پەیوەندی نێوانیان، سروشتی پەیوەندی نێوان چەمک و شتی تایبەت، پێناسەکانی چەمک، چۆنیەتی تایبەتکردنی زاراوە بۆ چەمک و پێچەوانەش راستە و سروشتی زاراوە و چۆنیەتی دانانی زاراوەکان. بەڵام تیۆری گشتی تایبەت بە زاراوەسازی ئەوا لە بارەی ئەو بنەمایانە دەدوێت کە سنووری دانانی زاراوە دیاری دەکات لە بوارە زانیارییە تایبەتکارەکاندا، وەک کیمیا، زیندەوەرزانی، پزیشکی...هتد.

## گرنگی زاراوەسازی:

گۆڕان و پێشکەوتنی خێرا و زۆر بەلەزی زانست و تەکنۆلۆژیا هۆیەکی سەرەکی بوون بۆ زێدە بوونی چەمکەکان تا ئەو رادەی وشەکانی زمان بەشیان ناکات، لەبەر ئەوە پێویست دەکات بە دوای شێوازی چارەکردنی ئەم گیروگرفتەدا بگەڕێین و بە شێوەیەکی زانستیانە هەوڵی دۆزینەوە و هەڵبژاردن و دانانی زاراوەی نوآ بدەین کە بە وردی ئەو چەمکانە دەربڕێت، لێرەوە زاراوەسازی سەری هەڵداوە، زاراوەسازی زانستێکی هاوبەشە لە نێوان زمانناسی و ژیربێژی و ئەنتۆلۆژی و بوارە تایبەتمەندییەکانی زانست، زۆربوونی زاراوەکان بووە هۆی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو پێکهێنانی بانکی زاراوەکان، بۆ ئەرشیف کردنی زاراوەکان و هەموو ئەو زانراوانەی پەیوەندیدارن بە زاراوەسازی وەک سەرچاوە و دام ودەزگا کاراکان لەم بوارەدا. ئاشکرایە یەکخستنی زاراوە زانستیەکانی دابینکاری یەک زمانی زانستیە کە دابینکاری یەکێتی رۆشنبیری و نەتەوەیە: بۆ کارا کردنی ئەم پرۆسەیە پێویستە:

١- (تیۆری گشتی زاراوەسازی) و بنەماکانی زاراوەسازی زانستی و تەکنۆلۆژی بە زمانی کوردی لە بەشەکانی زمان و لە بەشە زانستیەکاندا بخوێندرێت.

٢- دروست کردنی بانکی زاراوە وەک دەزگایەکی سەربەخۆ.

٣-هاندانی توێژینەوەو نووسین لەسەر بابەتی تیۆری گشتی زاراوەسازی و تیۆری تایبەت بە زاراوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە سیستەمی واتاکان لە بوارە جیاجیاکانی زانست و زانیاری بۆ ئاسانکردنی دانانی زاراوەی بەرامبەریان.

## لەبارەی چەمک و زاراوە

لەبەر ئەوەی زاراوە بەگشتی کۆمەڵە هێمایەکی زمانین، ئاماژە بۆ چەندان چەمک یان شت دەکەن، هەر زاراوەیەکیش کە پەیوەندیدارە بەلکێکی زانستی یان تەکنەلۆژی یان: هێمایەکە، لەسەری رێک کەوتوون، بۆ گەیاندنی چەمکێک ، لەچەندان دەنگی تێکبەستراو یان لەوێنەی نووسراوی ئەم دەنگانە (پیتەکان) پێک دێت. پێویستە دوو مەرجی سەرەکی تێدابێت:

یەکەم: پێویستە هەر چەمکێک یان شتێک، یەک زاراوەی سەربەخۆی بۆ دابنرێت.

دووەم: زیاتر لەیەک زاراوە بۆ چەمکێک یان شتێک دانەنرێت.

بەڵام بەگشتی ئەو دوومەرجە سەدی سەد لەزۆر زاراوەدا نەهاتۆتەدی، لەبەر ئەوەیە زۆرجاران یەک وشە بۆ چەندان واتا بەکاردێت، زمانزانان بەو دیاردەیە دەڵێن، هاوبێژەیی یان هاوبەشی لەبێژەدا.

وەک: (گوڕی: کەچەڵ / گوڕی : تێنا ئاگری)

(دان: دەم، کات "دانی ئێوارە"

دان: دانێ گەنمی)

(بیر: "بئر"، چاڵ

بیر: هزرو رامان)

گیروگرفتەکانی زاراوە دانان زۆرن بە گشتی هۆیەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ:

١- گیروگرفتەکانی زمانی کوردی:

٢- گیروگرفتەکانی زمانی بیانی (واتە زمانی سەرچاوەکە ئەو زاراوانەی لێ وەردەگیرێت).

یەکەم: گیروگرفتەکانی زمانی کوردی: زمانی کوردی زمانێکی زیندووی جیهانە، بەڵام چەندان گیروگرفتی هەیە:

١- فرە دیالێکتی:

بەگشتی دوو دیالێکتی سەرەکی زۆر پەرەیان سەندووەو لەرووی زاراوەو رێزمان و رووبەری جوگرافی بەکارهێنانەوە. دەوڵەمەندن و نووسین و نووسینکاریان پآ

دەکرێت و لەدام و دەزگاکاندابەکاردێن کە دەکرآ پەیوەندی نێوانیان بەم هێلکارییە دیاری بکەین.

ژمارەکانی ناو بازنەکان توخمی زمانین، کە دەشێ هەندێکیان توخمی هاوبەش بن لەگەڵ دوو دیالێکتە دەوڵەمەندەکە، ئەم دوو دیالێکتە هەرچەند لەڕووی رێزمانەوە زۆر زۆر لەیەک نزیکن بەڵام هەندآ تایبەتی زاراوەیی خۆیان هەیە.

لەبواری زاراوەسازیدا پێویستە ئەم دیالێکتانە لەبەرچاو بگیرێت. لەبەر ئەوەی دەشێ ببێتە هۆی دانانی دوو زاراوە بۆ هەمان چەمک بەنموونە دەشێ بۆ زاراوەی (صحە) زاراوەی (تەندروستی) یان (ساخلەمی) بەکاربێت بەڵام دەبێتە هۆی دوانەیی لەزاراوە داناندا، وەک چەندان و چەندان زاراوەی دیکە.

٢- زۆری وشەی هاوواتا:

دیالێکتەکان وایان کردووە زمانی کوردی دەوڵەمەند بێت لە وشەی هاوواتادا، هەتا لەنێو هەمان دیالێکتدا وشەی هاوواتا زۆرە، ئەو دەوڵەمەندیە بۆ زمانی ئەدەبی مایەی شانازییەو بواری دەربڕین لەبەردەم ئەدیب و نووسەران دەکاتەوە، بەڵام لەبواری زاراوەسازیدا کێشەو گیروگرفت

دروست دەکات، گەر چەند  وشەیەکیان بۆ یەک چەمکی زانستی یان تەکنەلۆژی بەکاربێت، وەک:

(گێل، گەمژە، دەبەنگ، نەزان، هێڕ) یان (دارستان، لێر، چەم، جەنگەڵ، لێڕەوار..)

٣- گیروگرفتەکانی زمانی سەرچاوە (بیانی):

هەندێ لەگیروگرفتەکانی زاراوەسازی دەگەڕێتەوە بۆ گیروگرفتی زمانی سەرچاوە - کە زاراوەکانی لێوەردەگیرێت:

١- فرە سەرچاوەیی زاراوەکان:

دەشێ سەرچاوەی هەندآ زاراوە (کە هەندێ جار لەڕێی زمانی عەرەبیەوە گەیشتۆتە زمانی کوردی) زمانی فەرەنسی یان ئینگلیزی بێت.

هەرچەندە هەردوو زمانی ئینگلیزیو فەرەنسی هەندێ زاراوە بەکاردەهێنن کە لە بنجدا گریکی یان لاتینین، بەڵام سەر بەدوو تیرەی زمانی لێک جیاوازن.

شێوازی جیاواز لە دەربڕین بەکاردێنن.

١- لەوکاتەی لەزمانی فەرەنسی و ئینگلیزیدا دوو ناوی جیاواز بۆ یەک شت یان چەمک دادەنێن، گەر لەهەردوو زمان  بە جیا  وەرگیران ، ئەوا دوو زاراوەی لێک جیا لە ڕووی بنچینەی داڕشتنەوە پەیدا دەبن  واتە دوانەیی لەزاراوەدا دروست دەبێت، بەنموونە:

نێترۆجینNITROJEN   لە زمانی ئینگلیزیدا

ئازۆتAZOT   لەزمانی فەرەنسیدا

هەمان گاز دەگەیەنن گەر هەردوو وشە وەرگیران ئەوا دەبن بە دوو زاراوەی سەربەخۆو دوانەیی لەزارەوەدا دروست دەبێت.

٢- گەر دوو زاراوە هەبن لە تیرەی داڕشتندا هەریەکە جیا بێت لەوی دیکە چ لەهەمان زمان یان دوو زمانی لێک جیادا  ئەوا دوو زاراوەیی دروست دەبێت.

زانین و پاراستنی ریشەی زاراوەکان لەکاتی داڕشتنی زاراوەدا سوودی فێرکاریشی هەیە بۆ فێربوون و لەبەرکردن. کەواتە پێویستە لەهەڵبژاردنی زاراوە ئاگاداری فرە شەرچاوەیی و ڕیشەی زاراوەکان بن لەزمانی سەرچاوەوە.

٣- دووانەیی زاراوە لەزمانی سەرچاوەدا:

هەندێ جار هەتا لەزمانی سەرچاوەدا دووزاراوەیی هەیە، بەنموونە دەشێ لەزمانی ئینگلیزیدا زانایانی ئەمریکی زاراوەیەک بەکاربێنن کەچی زانا بەریتانییەکان زاراوەیەکی دیکە بەکاربێنن. ئەگەر وەرگێڕی کورد هات دوو کتێبی لەبەر دەستدا بوو یەکێکیان ئەمریکیو ئەوی بەریتانی، ئەوا دووزاراوە بۆهەمان شت چەمک دروست دەکات.

٤- وشەی هاو واتا لەزمانی سەرچاوەدا:

ئەم کێشەیە لەزمانی سەرچاوەدا دژوارییەکی دیکە دروست دەکات لە دژوارییەکانی گواستنەوەی زاراوە زانستی و تەکنیکیەکان بۆ زمانی کوردی، لەباری هاو واتاییدا دەشێ وەرگێڕ نەزانێت ئەم دوو بێژەیە هاوواتان، یان هەردوو وشە هاوواتاکان لەلایەن چەند کەسێکەوە وەربگێڕدرێن، بەوەش دووانەی تر لەزاراوەی کوردیدا دروست دەبآ.

٥- وشەی هاوبێژ واتە هاوبەش لە بێژەدا لە زمانی سەرچاوەدا، کە دەشێ هەر وەرگێڕێک بەجۆرێک وەریان بگێڕێت. بە نموونە دەشێ زاراوەی

فەرەنسی(PRETE VALVE) "هەڵگری دەرەچە" بێت (کەلێنی دەرەچە) لەبەر ئەوەی بیژەی (PORTE) هەردوو واتا دەگرێتەوە، کە واتای هەڵگرە، کون، کەلێن دەگەیەنێت.

ئەم بەشە پوختەی ئەوزانیاریانەن کەوا لەم سەرچاوەیەدا هاتووە:

**(د. علي القاسمي– مقدمة فى علم المصطلح – سلسلة الموسوعة الصغيرة**

**.بغداد –١٩٨٥.)**

## گیروگرفتەکانی زمانی کوردی:

لەگەڵ شانازیمان بە زمانی کوردی، کە لە زمانە زیندووە دەوڵەمەندەکانە، بەڵام وەک زۆر زمانانی دیکە، رووبەرووی هەندێ گیروگرفت بۆتەوە لە بواری زاراوەی زانستی و تەکنۆلۆژیادا، هۆی سەرەکی ئەم گیروگرفتانەش بە گشتی ئەمانەن:

١- ژێردەستەیی، هەر لە فەرمانداریەتی دەوڵەتی عوسمانیەوە بگرە هەتا سیەکانی سەدەی بیستەم زمانی کوردی خزمەتێکی بەرچاوی نەکراوە لەم بوارەدا و لە کارگێڕی و فێرکردندا بە فراوانی بەکار نەهاتووە، ئەوەشیان بووە هۆی لاواز بوون و پووکانەوەی لەم بوارەدا.

٢- نەبوونی دۆزینەوەو داهێنانی گەورەی زانستی لە کوردستان بۆ ئەوەی زاراوەی کوردی بەسەردا ببڕێت، وەک دەزانین زۆربەی زاراوە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان لە دانانی داهێنەران و دۆزەرەوان و زانایان دایان ناوە، یان بەناوی ئەوانەوە داندراون.

٣- هوروژمی رۆژانەو بەردەوامی زاراوەی نوێباوی وڵاتە پێشکەوتووەکان  وا دەکات زمانی کوردی بە سەختی بتوانێت بەرگەیان بگرێت و لەخۆیان گرێت.

٤- نەبوونی یەک سەرچاوەی ناوەندی دانانی زاراوە هەرچەند کۆڕی زانیاری رۆڵێک لەم بوارەدا دەبینێت بەڵام زانکۆو  وەرگێڕان و دام و دەزگاکانی دیکەش سەرەڕای نووسەرو رۆژنامەنووسان و بنووسانی رادیۆو تەلەفزیۆن.. هتد. ئەمڕۆ رۆڵێکی بەرچاویان هەیە.

## گیروگرفتی ڕێکخستن:

سێ جۆر لەم بوارەدا هەن:

١- زۆری دانەرانی زاراوە.

٢- پشت گوێ خستنی کولتووری کۆنی کوردی.

٣- پشتگوێ خستنی رادەی ئاسانی بڵاوبوونەوەی زاراوە لەنێو خەڵکدا.

بۆ ئەوەی زاراوەکان تەنیا وەک مەرەکەبی سەر کاغەز نەمێننەوە پێویستە:

١-ئەو زاراوانەی خەڵک بەکاردێت، خاوەن پیتەکان، بوارەجیاجیاکانی ژیانی رۆژانە، زاراوەسازان و پسپۆر ئاگاداری ئەو زاراوەش بێت و جیۆماڵێکی گشت زاراوەکان بکرێت پێش دانانی زاراوەی تازە.


٢-هەند ێ زاراوەکە دادەنرێت زۆرگرانن بۆ بەکارهێنان لەبەر ئەو لەتەک وشە بیانییەکە دادەنرێت.


٣- نەخوێندەواری هۆکارێکە بۆ بڵاونەبوونەوەی زاراوەی نوێباو.


# شێوازەکانی زاراوە دانان

# وەرگێڕان



# شێوازەکانی زاراوە دانان

## وەرگێڕان

ئایا شێوازەکانی زاراوە دانان چین ؟

لەوەڵامدا و بەپێی لۆجیکی زمان و بەرنامە سازیەکەی داتوانین بڵێین ، بە گشتی سێ شێوازی زاراوەدانان پەیڕەودەکرێن :

١-وەرگێڕان : بۆئەم وشانەی بەرانبەرێکی زانراوی (کوردیان ) هەبێت ،کۆن، یانوێ .واتە: دۆزینەوەی بەرانبەرێکی کوردی کە واتای زاراوە بیانییەکە بدات.

٢-دانان: واتا دانانی بێژەیەکی نوێ بەرانبەر زاراوە بیانیەکە بەڕێبازێکی ڕۆنانی وشەی کوردی: دانان، یان دروست کردنی وشەیەک لە پێشدا نەبووبێت، بەرامبەر وشە بیانییەکە. بە داڕشتن و لێکدان و داتاشینی وشەی نوێ لە رەگی وشەی کوردی یان رەگی وشەی کوردی و بیانی، وەک: زەکات دان، زانکۆ، وشکاوییەکان... هتد، یا خوازە (مجاز) بەهەمو لقەکانییەوە ، لە

خواستنەوەو ژیاندنەوە ، هەمو ئەمانە لەبەر ئەوەی وشەکان کوردین و لەڕەگی وشەی کوردیەوە رۆنراون، بۆیە ناومان نا دانان ... هتد.

٣-وەرگرتن : ئەمیشیان دووجۆرە:

١-سازدانی بێژەیی(زاراوەی سازێندراو) :

واتا وشە بیانیەکە بەکاربێنین دوای گونجاندنی لەگەڵ سیستەمی دەنگیی زمانی کوردی، بەگونجاندنی هەندێ لە کێش ،یا پیت ،یادەنگەکانی ،وەک :سەروەت ،تەیارە،زاڵم،زەلیل،حەوز، فەلسەفە ..

٢ –خواستنەوە (زاراوەی خوازراوە): بە واتای گوازتنەوەی زاراوە کە بە بێژەو(تلفظ)ی خۆیەوە (بێژەوی بیانی) بۆ زمانی کوردی،واتا وشە بیانیەکە وەک خۆی بەکار بێنین ، لەبەر بێتوانایی سازاندن یا لەبەر پەلەکردن ، بەڵام بە هاوردە دەژمێردرێت ، وەک: رادیۆ، پانکە، زەکات، ئۆکسجین ،پەرلەمان ، تەلەفۆن .
(ممدوح١٩\٢٠).

## وەرگێڕان

وشەی وەرگێڕان، لەواتا فەرهەنگیەکەی گواستراوەتەوە بۆ واتا زاراوەییەکەی :

واتە ڕاڤەی وشەو دیاری کردنی واتای ، بەتایبەتی لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بەڕاڤەکردنی دەوترێت (وەرگێڕان) ، بەگشتی : گۆڕینی وشەیەکە بەوشەیەکی دیکە ، لەزمانێکەوە بۆزمانێکی دیکە .

وەرگێڕان، واتە زاراوە بیانیەکە ،بەرانبەری لەزمانی کوردی بۆبدۆزرێتەوە، کەپێشتر هەبوبێت ، بەکار هاتبیت ،یاتۆمار کرابێت.

بەدەستەواژەیەکی دیکە : وشەی بیانی- زۆربەی جاران زاراوەیەکی زانستییە ـــبەرانبەرە کوردییەکەی پێشترهەبووە ،گەر بەرانبەر وشە بیانیەکە وشەی دیکە نەدۆزرایەوە ، هەوڵدرا وشەیەکی نوێ لەوشەکانی زمانی کوردی بخرێتە شوێن وشە بیانیەکە ئەم کارە (وەرگێڕانە) ، ئەم وشە نوێیە دەشێ بڵاو بێتەوەو دواتربکەوێتە زمانی کوردی بۆ بەرانبەر وشە بیانیەکە، وەک وشەی (

گوتەکان) بەرانبەر (المقولات ) (لیستەی زاراوەکانی فەلسەفەوژیربێژی،گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد،بەرگی چوارەم،١٩٧٦.ل ٤٥٨)، ئێستا کەدەقێکی بیانی ئەم وشەی تیادابێت یەکسەر بە (گوتەکان ) وەری دەگێڕیت،یا وەک وشەکانی:

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٣، چا. کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا

زاراوەی کارگێڕی-

اجازە:وچان

اجازە(رخێە عمل):رێ دان ل ٤٤٢

ادب:وێژە

ادیب :وێژەوان ل ٤٢٦-٤٢٧

الالە الحاسبە:پێژمار ل٤٣٥

تخمین:خەمڵ- خەمڵاندن ل٤٤٥

-مخمن: خەمڵێنەر ل ٤٤٥

تقدیر(تخمین): خەمڵ ل٤٥١

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٤ چا. کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا

تجمیل: خەملاندن ل٩٠٥

تسویق:بازاڕکاری ل٩٠٥

حبوب:دەغڵ ودان ل٩١٠

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. بەرگی دووەم، بەشی دووهەم، ١٩٧٤ چا. کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا

التعقیم:پاک کردنەوە،پاکژکردنەوە،دژەگەنی ل١٩٤

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. بەرگی سێیەم، بەشی دووهەم، ١٩٧٤ چا. کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا

حاسبە:ژمێر ل٥٣٣

وەرگێڕان ،لەهەمو زمانێکدا ، پلەی یەکەمی هەیە لەچارەسەرکردنی زاراوە بیانییەکان و کۆڕی زمان و ئەکادیمیەکان زۆر کاریان لەسەرئەم لایەنە کردوە . لەبوارەکانی فەلسەفەو جوگرافیا ......هتد

ڕێژەیەکی زۆر لەزاراوەکان بەوەرگێڕان چارەکراون ، بەڵام لەزانستە هاوچاخەکان وەک فیزیاو کیمیاو ئەلکترۆنیەکان ،ڕێژەی وەرگیڕان کەمتر دەبێت .

سەرچاوەکانی وەرگێڕان :

وەرگێڕان، واتە زاراوە بیانیەکە ،بەرانبەری لەزمانی کوردی بۆبدۆزرێتەوە، کەپێشتر هەبوبێت ، بەکار هاتبیت ،یاتۆمار کرابێت ،واتادەبێ بەدوای ئەم وشانەدا بگەڕێین بیاندۆزینەوە ،لە:

١-فەرهەنگە کوردییە گشتییەکان :

فەرهەنگە گشتییەکان، سەرچاوەی دەوڵەمەندن بەوشەی پێویست بۆوەرگێڕان ، بەتایبەتی وەرگێڕانی واتا گشتییەکان ، وەک : سیفەت و چاوگەکان ، لەبەر ئەوەی ئەوەندە وشەیان تێدایە بەرانبەر وشەبیانیەکان بوەستن ،

وەک: ئاو (ماء)، گوڵاو(ماء الورد)، ئاسنگەر(حداد)،ئازا(شجاع)،ئەندازیار(مهندس)،بەربانگ

(الفطور)،بەردین(حجری)،تاریک وروون(الشفق)،جاڵجاڵۆکە(عنکبوت)،Espace بۆشایی ، ڤاڵای ، چۆڵایی .

زۆرلەمێژە کار لەبواری فەرهەنگ نووسیی کوردی دەکرێت.هەرلە نووسینی یەکەم فەرهەنگی کوردییەوە، لەساڵی( ١٧٨٧ ز) لەلایەن (ماوریزۆ گارزۆنی ) وچاپکردنی لە (رۆما)لە پاشکۆی کتێبەکەی (وشەورێزمانی کوردی) تیایدا (٥٠٠٠٠)وشەی ئیتاڵی بەکوردی لێکداوەتەوە،تا نووسینی یەکەم فەرهەنگی کوردی (نوبهار) لە (١٦٨٢-١٦٨٣ )لەلایەن شاعری گەورەی کورد (ئەحمەدی خانی ) وبڵاوبوونەوەی لەساڵی (١٨٩٣ )لە دووتوێی کتێبی (الهدیه الحمیدیه فی اللغه الکردیه) لە ئەستەنبۆڵ، تا بە ئەئەمڕۆ دەگات ، کەوا ژمادی فەرهەنگە کوردییەکان لە پێنج سەد فەرهەنگ زیاترە، گەنجینەیەکی گەورەی وشەو زاراوە بۆ زمانی کوردی دابین دەکەن.

**ئاشکرایە فەرهەنگ رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دەست نیشانکردنی واتاکان و ئاڕاستە کردنی خوێنەر بەرەوواتای نوێ‌و بلاْوکردنەوەی وشەی نوێباو،**

لەیەکەم فەرهەنگی کوردی (نوبهارا بچوکان- چاپی١٩٩٠ بەغداد)ی شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی ، لە سالّی ١٦٨٢-١٦٨٣ ز ، کەفەرهەنگۆکێکی دانا بۆ یارمەتی دانی مندالأنی کورد بۆفێربوونی زمانی عەرەبی ،ئەوەتا لەواتادانەوەی چەندان وشەی عەرەبی زاراوەی نوێی داهێناوە:

هەرلەپێشەکییەکەیدا(ل ١١) دەلّێت:

(ئەڤ چەند کەلیمەنە ژ لوغاتان ، ڤێك ئێخستن ئەحمەدێ خانی ، ، ، )

تیایدا بۆ:

تالیف: ڤێك ئێخستن،

ی بەکارهێناوە، یا دەلّێت: (لازمە ل سەوادێ چاڤ ناس بن، )

ماهر: چاڤ ناس،

مؤمن: خودێ ناس ل (١٣)

اطلاق: بەردان ل(٢٤)

ام: ماك ل (٢٥)

ربع: ئێورگە ل(٣١)

**الروضة: چیمەن ل(٣١)**

**حزمة: گورزە ل (٣٣)**

**حمی: پاوان ل(٣٣)**

**اقبل: بەردا ل(٣٦)**

**ادبر: پشت دا ل(٣٦)**

**عرش: بان ل(٤٥)**

**ربا: زێدەیی ل(٤٩)**

**جنة: ڕەز ل(٥٠)**

ئەم فەرهەنگانە بەوە رەخنەیان لێدەگیرێت:

١-وردنین لەدەست نیشان کردن و واتا .

٢-خراپ پۆڵین کراون .

٣-زۆر وشە هەر نەخراونەتە فەرهەنگەکانەوە.

٤- وشەی مردوویان تێدایە.

بۆیە پێویستە بەوریاییەوە وشە لەفەرهەنگەکان وەربگیرێت،لەگەڵ ئەوەشدا گەنجینەیەکە لەم وشانەی دەکرێ بکرێنە زاراوە ،ئەوەندە ڕەگەی تیایە شیاوی وشە رۆنان بن.

٢-کتێبی زمان : ئەو کتێبانەن باس لەبابەتی تایبەتی دەکەن و دەوڵمەندن بەوشەی ڕەسەن و نووباو.

٣-کتێبەکانی لەبارەی زانستەکان دەدوێن .

٤-زمانی ڕۆژانەی خەڵک بۆنموونە: زۆر وشە هەن یەکسەر خەڵک کوردانویانە ،

وەک : درێڵ drill، وەرشە workshop ،سەندەویچ ، تاقم \الەtagmaی تورکی ..زۆروشەی دیکەخاوەن پیشەکان بەکاری دێنن.

هەروەها وشەگەلی وەک: گومرگ ، شال ،فلچە، ..

٣-وەرگێڕانی پیتگەری و وەرگێڕانی واتایی:

وەرگێڕان گواستنەوەی بێژەو بیرزاکانە(فکرە)،لەدەقێکدا،لەزمانێکەوە بۆزمانایکی دیکە

. ئەمەش بە دوو قۆناخ دەکرێت{فوزي عطية محمد: علم الترجمة ٢١،ممدوح ٣٩}:

قۆناخی یەکەم:

لێکدانەوەو ڕاڤەی وشەو دەستەواژەکان

قۆناخی دووەم:

وەرگێڕانیانە بۆ بەرانبەرەکانیان لەزمانی دووەم.

ئەرکی زاراوە ساز پەیوەستە بەوشەکان ، بەڵام ئاخاوتن لەدووتوێی دەقەکەوە دەزاندرێت وتێی دەگەیت ، ئەم ناوەڕۆکەش بابەتی دەقەکەو بیرزا\بیرۆکە گشتیەکان دیاری دەکەن ، هەروشەیێک واتایێکی زمانەوانی فەرهەنگی هەیەو چەندان واتای بەکارهێنانەکی و زاراوەیی هەیە.

هەروشەیێک لەدەقێکدا،لە هەربوارێکی زمانەوانی، یا یاسایی، یا فیزیایی، یا مێژوویی ،دەشێ بەواتایێک وەربگێڕدرێت جیاواز لەواتاکەی لە بوارەکەی دیکە .

وەرگێڕانی وشە بەواتای زمانەوانیی فەرهەنگی،پێشی دەوترێت:

-(وەرگێڕانی پیتگەری- الترجمه الحرفيه)، وەک:ئاست کردن-تسويه- levelling (وەرگێڕانێکی تیپ بە تیپی (تسويه)عەرەبییەکەیە ونەمبیستووە هیچ کەسێک لە هیچ بوارێکدا بەکاری بهێنێت،(تەخت کردن)،ئەندازیار و وەستاو کرێکارو خەڵکی رەمەکیش بەکاری دەهێنن وهەمووکەس یەکسەر تێی دەگات،یان هەرنەبێت (هاوئاست کردن)و(ئاستاندن)یش هەر لە (ئاست کردن)باشترە،یا وەک: (جێگای ئەندازیاری)-محل هندسی- locus ،ئەمیش (وەرگێڕانێکی تیپ بە تیپی (تسويه)عەرەبییەکەیە و مرۆڤ کەسەیری دەکات ،یەکسەر (محل هندسی) (شوێکارێکی ئەندازیار ی دێتە) بەرچاو،لەکاتێکدا مەبەست زاراوەیەکی تەنەئەندازەیە(الهندسه المجسمه)وپێی دەڵێن (ئەندازگە)(جەمال عەبدول،٢٠٠١،ل ٤٥-٤٦).

-(وەرگێڕانی وشە بەواتای بەکارهێنانەکی زاراوەیی) ،ئەوەیان پێشی دەوترێت (وەرگێڕانی واتاگەری – الترجمه بالمعنى ) ناسراوە.

وەرگێڕانی هەندێ وشەو زاراوە:

، pneumatic -

دەشێ بە(سییەکی) وەربگێڕدرێت، وەک(وەرگێڕانی پیتگەری) ، بەڵام لەزانستە سروشتیەکان زاراوە دارێژڕاوەکانی ئەم بێژەیە (pneuma)رەچاوی واتای دانە پاڵ لە هەواو هەناسە کراوە نەک سی ، کەواتە دەشێ بە (وەرگێڕانی واتاگەری)بوترێت:(هەواییەکی).

، conference -

دەشی بە (بەراوردو هاوسەنگی ) وەربگێڕدرێت ، بەڵام وەرگێڕان بە واتاگەری دەبێتە (کۆنگرە ).

، (sumposion)

وەرگێڕانی پیتگەری واتە: خوان ، بەزم (ئاهەنگی خۆشاو(شراب)خواردنەوە دوای خوان )، بەڵام وەرگێڕانی واتاگەری (کۆربەند/ندوە) یە ، (عبدالکیم الیافی : دراسە بعچ المێگلحات فی مجال الاجتماعات العلمیە، مجلە مجمع دمشق ١٥٦ : ١٥٦ (ممدوح\٤٠).

rodiom bom :

بە وەرگێڕانی پیتگەری واتە (تەڤێنی رادیوم) ، بە پێی وەرگێڕانی واتاگەری بەکار براوی زاراوەکە، واتە(سەرچاوەی تشکدانی رادیۆمی).

پرسەکە ئەوەیە : ئایا واتای فەرهە نگی زمانەوانی وشەکە (پیتگەری) وەربگرین یا واتاگەریی بەکارهێنانەکی زاراوەیی ؟

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت گرنگ ئەوەیە ، ئایا وەرگێرانەکە لەگەڵ رەوتی(سیاق) بابەتەکە دەگونجێت یان نا ؟ کەواتە وەرگێڕانی رەوتگەری(سیاقی)دروستە .

وەرگێڕانی پێشگرو پاشگرەکان :

زمانەکان لەبەر ڕۆشنایی تیۆری (گوستاف فلوگیل (Gustav Leberecht Flügel) (١٨٠٢ – ١٨٧٠)

سێ جۆرن :

-زمانە شیکارییەکان (التحليلية)

-زمانە گیرەکییەکان (الالصاقية)(التركيبية)

-زمانە ناگەردانییەکان (غير الصرفية-العازلة)

هەرچەندە ، کەم تا زۆر لەهەموو زمانەکان هەرسێ دیاردە ،دەردەکەون بەڵام زۆرینە ،بەم جۆرەن .

-زمانی ناگەردانیی :بنیاتی وشەکانی ناگۆڕێن ،ڕەگ و بنجی گیرەکی نایەنەسەر (پێشگر، پاشگر ، ناوگر)، زمانی چینی و چەندین زمانی دی لەم جۆرەن .

-زمانی گیرەکی :زمانێکە گیرەک وەردەگرێت ،پێشگرو پاشگر وەردەگرێت و بەڕەگ وقەدی وشەوەدەلکێن و

واتایان دەگۆڕن لەم زمانانەش کوردی و زۆرلەزمانە هیندۆ ئەوڕوپییەکان .

زمانی شیکارەکی یا داڕشتەکی (اشتقاقی )

زمانی شیکارەکی : ئەوزمانانەن بنیاتی وشە بەپێی گۆڕانی واتای دەگۆڕێت وەک ، زمانە سامییەکان ، لەوانەش عەرەبی . (د.صبحی الصالح:دراسات فی فقه اللغة (٣٥) (ممدوح٤٥)

زمانە ئەوڕوپیەکان ،بەگشتی گیرەکین لەداڕشتنی زاراوە زانستیەکاندا ،زۆربەی زاراوەکان ئاوێتەن لەیەکە، یابڕگەی جیاخراونەتە گەر یەک، زاراوە زانستییەکەیان پێکهێناوە ، لەوشەیەکی بنچینەیی (ڕەگ) و واتای بنچینەیی زاراوەکە هەڵدەگریت ، وپێشگرو پاشگر، یاگیرەکی دەخرێتە سەر بەوەش واتای دیکە دەدەن ، زۆربەشیان ڕەگی وشەکانیان لەبنجدا (ئەنگلو سەسکونین )، گیرەکەکانیش لەبنجدا ، لاتینی ، یا یۆنانی (گریکی)ن ، یالەهەردویانن بەیەکەوە (د.محمد صادق الهلالی :السوابق واللواحق فی مصطلحات العلوم الطبیە ،مجلة المجمع الاردني ١٤٧/٣٢) (ممدوح٤٦).

ئەم گیرەکە لکێنراوانە گەرلەپێشەوە هاتن ، ئەوا پێشگرن ، گەر لەدواوە بوون پاشگرن ،بەگشتی لەم زاراوانە پێشگر زیاترن لە پاشگر .

دەشێ زاراوەیێک لەڕەگ و گیرەکێک پێکبێت وەک :

(mangeable)واتە (شیاوی خواردن) ، ڕەگی (mange)وپاشگری (able) ،دەشێ زاراوەیێک لەرەگێک و دوو گیرەک پێکهاتبێت وەک:

(immangeable) بەواتای (شیاوی خواردن نییە)، لەڕەگی (mange) پێشگری (im) و پاشگری (able) پێکهاتووە، دەشێ زاراوەیێک لەڕەگێک وسێ گیرەک پێکهاتبێت .دەشێ ڕەگەکە خۆی لەڕەگ و گیرەکان پێکهاتبێت .

(breakable)( قابل للكسر )، شکستەنی (لەسەر پێودانگی: وتەنی،کابراوتەنی،کورواتەنی.. )( جەمال عەبدول،بەرکولێک، ٢٠٠١،ل ٩٥)

(perishable)(عرضة للفساد)، رزۆک (لەسەر پێودانگی:چنۆک،نەزۆک،جولۆک.. )

(eatable)(صالح للاكل )، خواردەنی ( سەرچاوەی پێشوو ،ل ٩٥).

دەشێ (گەندۆک)یش بەکاربێت.

وەک زاراوەی :

پێشگری(hyper)، پێشگرێکە بەواتا :

١-ژووروو ،وەک: hyperphysical ژوورفیزیایی.

٢-فرە ،وەک:hyperesthesia فرە هەستیارێتی.

٣-فرە ،زۆر ،وەک: hypercritcal فرە (زۆر)رەخنەگری. )( جەمال عەبدول،بەرکولێک، ٢٠٠١،ل ١١٦-١١٧ ).

(Hypercholesteralaemia)واتە(زێدەبونی کۆلیسترۆل لەخوێندا ) لەم زاراوەیەدا (cholesterol ) (کۆلیسترۆل ) ڕەگەکەیەو ئەوانی دیکە گیرەکن.

هەتا ئەم ڕەگەش لەسێ کەرتی لکێنراو پێکهاتووە(chol) واتە مایەی زەرد و (ster) واتە مایەی توند (رەق ) ، پاشگری(ol) واتە مایەکە لەبنچینەی کحولی دروست

بووە ،ئەم پاشگرە لە کۆتایی وشەی (alchol)دایە. (ممدوح ٤٦/٤٧).

پێشگری (bar)واتای (گرانی (کێش)-فشار —پەستان )دەگەیەنێ لەوشەی (barometre پێوەری فشار ).

پێشگری(de)هێمایە بۆ(پچڕین —داگرتن —لابردن )

لەزاراوەی (desarme): بێ چەک .

پاشگری (ose)واتای شەکر، یا شەکرە ،دەدات لەزاراوەی (maltose) (شەکری جۆ).

پاشگری (logie) واتای (زانست ) (ناسی) دەدات لە زاراوەی (geologie) :زەویناسی).

دیارە وەرگێڕانی گیرەکەکان بەشێکی گرنگن لەوەرگێڕانی زاراوەی زانستی کەتیایدا بێت .

چوار ڕێگای وەرگێڕانی گیرەکەکان:

١-وەرگێڕانی(بەواتا)واتایی: بەدۆزینەوەی وشەیەک واتای گیرە کە بدات،لە گە ڵ واتای وشەبنچییە کە کۆی

دەکەینەوە،وەرگێڕانێکی دیکە بەوە سفکردن دە بێت،وەک-زاراوەی:

Hypersensibite

پێکدێت لە پێشگری (hyper) واتە (زێدە ،یا فرە) ،وشە بنجیەکە (sensibilite)واتە (هەستیاری –حساسیە)بەم جۆرە وەرگێڕانەکە دەبێتە (فرەهەستیاری –فرط الحساسیە)ئاوێتەیەکی خستنە پاڵە. (ممدوح٤٨)

٢-وەرگێڕان بەداڕشتن :

رێژەی :

-بچووک کردنەوە.

-دانەپاڵ (تنسیب).

-چاوگی سازکراو (مصدر صناعی).

گیرەک- اللواصق : بەشێکە لەوشەیەک لەگەڵ وشەیەکی دیکە یەکخراوە واتایێکی نوێ دەبەخشێت ، واتای هەردووشەکەی تێدایە.

دەكرێ ئەم گیرەكانە لەبەر چاو نەگیرێن  و وشەی دیكە بەكاربێت.

-وەرگێڕانی ناوە كورت كراوەكان

(المختصرات /منحوتات البدء) :

بۆ كورت كردنەوەی ناوی هەندێ لە دامودەزگا وشت ، بەوەرگرتنی پیتی بەرایی هەروشەیێک ناوێكی نوێی لێدەنێن .

لەبری :radiodetection and rangin، واتە : دۆزینەوەو پێوانی دوورایيەكان بەرادیۆ   وتیان : Radar : رادار

كتێبی (معجم عمقية للمختصرات الانكليزية: بسام عمقية ،دارا الاحباب، بيروت ١٩٩٠م )،دەهەزار كورت كراوەی تیایە .

كورتبڕی

هەتا ئەم دوايیە ، زمانی كوردی ، بە دەگمەن ، بەكارهێنانی  كورتبڕی – الاختصارات –

abbreviation یا وشە بەراییەکان - الكلمات الاولية – acoronyms - تێدا نەبوو، وەک لەزمانی ئینگلیزیدا هەیە .

بە کورتی : کورتبڕی لە زمانی ئینگلیزیدا کورتکراوەی وشەیێکە ، یا ناوێکی ئاوێتە – compound noun ، یا دەستەواژەیێکە - phrase - ، ئەو کاتە دروست دەبێت ، کەوا هەندێک پیتی وشەکە لا دەبرێت ، یا بەکارهێنانی پیتی بەرایی وشەکە ، بە نمونە :

g کورتبڕی gram لە دەستەواژەکانی پەیوەست بە کێش .

کورتبڕی:

(BBC ) کورتکردنەوەی دەستەواژەی

British Broadcasting corporation

شێوازەکانی کورتبڕی

شێوازی یەکەم : لەیەکەم پیتی وشە کە پێکدێت ، وەک :

m بۆ meter مەتر

P بۆ page لاپەڕە

F بۆ Fahrenheit فەهرەنهایت

N بۆ North باکوور

شێوازی دووەم :

لە چەند پیتێکی بەرایی وشەکە پێکدێت ، وەک :

Cont بۆ continued بەردەوام بوو

Usu بۆ usually ئاسایی ، زۆربەی جاران

شێوازی سێیەم:

لە چەند پیتێکی وشەکە پێکدێت بێ ریزبەندی :

asst بۆ assistant یاریدەدەر

Km بۆ kilometer کیلۆمەتر

شێوازی چوارەم:

لە پیتی بەرایی هەر وشەیێکی لە دەستەواژەکەدا هەیە پێکدێت ، وەک :

Mp بۆ member of parliament ئەندام پەرلەمان

Cp بۆ compact disc سی دی ( دەپی پەستراو )

شێوازی پێنجەم :

ئەم جۆرە لە کورتبڕییە پێی دەوترێت (وشە بەراییەکان ) acronyms ، وەک :

بۆ BASIC

beginners all purpose symbolic instruction code

زمانی بەرنامەی بێسک:ڕێسای فەرمانە هێماییەکانی گشت مەبەستەکانینووکاران .

بۆ OPEC


organization of petroleum exporting countries

رێکخراوی دەوڵەتانی نەوت هەناردە دەکەن

(lean english with ms.Mohy).


# شێوازەکانی زاراوە دانان

## دانان












# شێوازەکانی زاراوە دانان

## دانان

دانان،واتە شتێک لەشتێک پەیدا بکەیت ، ووشەیەک لەوشەیێکی دیکە پەیدا بکەیت ،لەپێش ئەودا هەبووبێت ، وەک: لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد،بەرگی یەکەم ،بەشی یەکەم ،١٩٧٣،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا ،هاتووە:

سەربازگری:تجنید ل ٤٤٣

زانکۆ:جامعة ل ٤٤٤

روونووس:استنساخ ل ٢٩

دادکار:حاکم ل ٤٦١

بەشگە:شرکة ل ٤٧٩

ئاژیار: سائق ل٤٧٤

وردەک:دقیقة ل ٤٦٩

تیپنووس:طابعة ل ٤٨٤

پرسەک: علامة الاستفهام ل٤٨٩

هەروەها وەک: لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ،بەرگ چوارەم ، ١٩٧٦ ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ــبەغدا.

دیمانە:النظرية ل٤٥٩

ڕێبازەکانی ڕۆنان .

-داڕشتن

-خوازە (پێچەک)

زمان ئەو کاتە ئەرکی خۆی جێ بەجی دەکات ، کەوا لەهەر چاخێکدا ، بتوانێت پێداویستییەکانی گەیاندنی زمانەکی (التواصل اللغوی ) لەنێوئاخێوەرانی ئەم زمانەدا بکات .

ناو : نیشانەو هێمایێکە ، ناوهێنانی واتاکەی بەبیردەگەیەنێت ،پێناسە نییەبۆشتەکە .

جۆرەکانی ڕۆنان

-دارشتن

-خوازە (پێچەک)

-دارشتن

واتەوەرگرتنی وشەیێک لەوشەیێکی دیکە ،یازیاتر ،وشەکان (وەرگیراو)و(لێوەرگیراو)لەگەڵ یەک گونجاوبن.

جۆرەکانی دارشتن

١-دارشتنی گۆڕانەکی ،دەنگ\پیتگۆڕین (الابدال)

٤- دارشتنی داتاشینەکی (النحتی)(لەدوو وشە وشێک دروست بکرێت)

بنجی دارشتەکان (المشتقات ) ناوی شتن ،لەسەر بنەڕەتی ئەوەی :ئەوەی مایەکی وبەرهەستە ،لەپێشترە، بۆبیرو هزر لەوەی واتای وگوزارەیی رەهایە.

دووەم :خوازە(پێچەک)

(المجاز (هواسم مكان من (جاز الموچع)اژاسار فيه وسلكه،ای المسار والمسلک او الممر )،لەڕووی زاراوەوە :

واتە: - راڤەو خەملاندن و لێکدانەوە

- رێی وتەو سەرچاوەی

- بەکارهینانی وشە بۆشتێک (چەمکێک)جیا لەوەی بۆی داندراوە، لەبەربوونی پەیوەندییێک وبوونی هاوبەڵگە بۆنەهێنانەوەی واتا رەسەنەکەی.

خوازە ،بەپێی پەیوەندی نیوان هەردوو وشە ،راستەقینەو خوازە ،دووبەشە:


-خواستن (الاستعارە)بەهۆی بوونی پەیوەندی هاوشێوەیی(المشابهە)

-رەوان (بەهۆی بوونی پەیوەندییێک ،جگە لە هاوشێوەیی (غیر المشابهە ).

بواری خوازە، پشت بە وشە رەسەنەکانی زمان دەبەستێت و واتاو بارگەی دیکەی ،دەخرێتە سەر ، بۆیەپاراستنی هەموو وشەییێکی زمان ، کەرەستەو سەرچاوەیەکە

بۆزاراوە دانان لەرێگەی خوازەوە. (علم المصطلح وطرائق وضع المصطلح فی العربیة ،د. ممدوح محمد خسارة، دار الفکر،دمشق،٢٠٠٨).

# بنیاتی وشە لەزمانی کوردیدا



## بنیاتی وشە لەزمانی کوردیدا

بەپشت بەستن بە زانیارییەکانی کتێبەکەی د، ئەورەحمانی حاجی مارف: وشە رۆنان لەزمانی کوردیدا، چ: کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا، ١٩٧٧:

بۆ دانانی زاراوە دەبێت لە بنیاتی وشە بگەین لەزمانی کوردیدا:

وشە لە رووی پێکهاتنەوە لە زمانی کوردیدا دەبێ بە دوو بەش:

یەکەم: وشەی سادە،

دووەم: وشەی ناسادە،

وشەی سادە:

ئەو وشانەی بەسەر ڕیشە (مۆرفێم)دا دابەش نابن، ڕیشە (مۆرفێم)- بچووکترین دانەی واتاداری زمانە ، وەک:

سەر، شەڕ، بن، ڕان، شەو، ژن، ، هتد،

بەشی دووەم: وشەی ناسادە:

ئەو وشانەی بەسەر ڕیشە (مۆرفێم)دا دابەش دەبن، ڕیشە (مۆرفێم)- بچووکترین دانەی واتاداری زمانە، وەک: کۆگا، بەڕێز، دەست بڕ، ساردی، شەکرە بۆ، سەرما بردەڵە،

بە وێنە: مۆمدان- (مۆم+ دان)، هەر یەکێک لەم ڕیشە(مۆرفیم)انە بچوکترین پارچەی واتاداری ئەو وشەیەن و ناکرێ بچووکتر بکرێنەوەو ماناش ببەخشن،

وشەی ((پەری)) لەوە بچووکتر بکرێتەوە (پە+ ری) واتای ون دەبێ کەواتای ون بوو بە مۆرفێم ناژمێردرێت دەبێت بە دوو کەرت(بڕگە)، یاخود چوار پارچە:

(پ + س+ ر+ی) کە دەکاتە چوار دەنگین (فۆنێم)،

(دەنگین(فۆنێم)کاری جیاکردنەوەی گۆڕینی واتای وشە دەکات)،

دەنگینەگیرەکییەکان (مۆرفێمە ئافێکسییەکان) دوو رۆڵی گرنگ دەگێڕن:

١- پێکهێنانی وشە (ئەم کارەش (پێشگرو پاشگر) بەجێی دەهێنن،

٢- گۆڕینی ڕێژەی وشە، کە (نیشانە) سازی دەکات، بۆوێنە: (گۆزەڵە) گۆزە+ ڵە (نیشانەی بچووکی بارستە) (دەفرێکە ئاوی تێدەکرێ) ،

وشەی ناسادە،

وشەی ناسادە لە ڕووی پێکهاتنەوە لە زمانی کوردیدا دەبێ بە دوو بەش:

١-وشەی داڕێژراو (الكلمە المشتقە Derivational Word)،

٢-وشەی لێکدراو (الكلمە المركبە- Compuond)،

وشەی داڕێژراو:

ئەو وشە ناسادەیەیە کە لە وشەیەکی سادەو زیادی پێکهاتبێت، ئەو زیادییە پێشگر یا پاشگر یا هەردوو پێکەوە بن، وەک: کارگە، تێ چوون، هەڵکەندنەوە،

وشەی لێکدراو: ئەو وشە ناسادەیەیە کەوا بەلای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێ، وەک: بەردەنوێژ، ڕەشپۆش، گوڵەگەنم، ، هتد،

١-هەمان سەرچاوەی پێشوو،

لە زمانی کوردیدا بۆ پێکهاتنی وشە چەند ڕێگەیەک هەیە، ئەوەی لەناویاندا سەرەکی بێت دووانن:

١- دارشتن، ٢- لێکدان،

١- وشەی داڕێژراو (الکلمە المشتقە Derivational Word)

وشەی داڕێژراو بەگوێرەی بەشەکانی ئاخاوتن دەتوانێ بکرێتە ئەم جۆرانە:

١- ناوی داڕێژراو، ٢- ئاوەڵناوی داڕێژراو، ٣- کاری داڕێژراو،

٤-ئاوەڵکاری داڕێژراو،

١- ناوی داڕێژراو:

ناوی داڕێژراو لە زمانی کوردی، بەزۆری بە یارمەتی پاشگر پێکدێت، بۆ پێکهاتنی ناوی داڕێژراو هەندێ پاشگر هەن دەچنە سەر:

(١- ناو،

٢- ئاوەڵناو،

٣- کار،

٤- ڕەگی کار،

٥- ئاوەڵکار، )ی سادەو دەیانکەنە ناوی داڕێژراو:

ڕ) پاشگرەکانی دەچنە سەر ناوی سادەو دەیانکەنە ناوی داڕێژراو:

١- گەر، دار، ساز، بەندە، (وان/ەوان)، چی، باز، کەر، مەند،

بەزۆری یارمەتی داڕشتنی ناوێک دەدەن کە پیشەو ئیشی یەکێک دیاری بکات،

٢- یی، ەتی، ێتی، ایەتی، ێنی،

ناوی مەعنەوی دروست دەکەن، کە مانای ئەبستراکت-تجرید دەبەخشن واتای نەوعیەت و خاسیەت و بارو جۆری چاکییان تێدایە،

٣- گا، گە، ستان، خانە، دان، ەن، جاڕ، ەوار،

بەشێوەیەکی گشتی شوێن و جێگەنیشان دەدەن،

٤- ڵە، یلە، وولە، ۆڵە، چکە، ۆکە، لە، وولکە، ۆچکە، چە، ۆلە، ۆڵ، وو، ۆک، ۆ، ەڵ، یلکە، ۆل، بەزۆری بۆ بچووک کردنەوەو مانای نازداری بەکاردێت،

٥- ڵان/ ەڵان، زار، ێن، ێنە، ینە، وانە، ک/ik/ کە، گار، وەر/ ەوەر/، ە، ین، ەوا، انە، ەمەنی، اک، ندە،

٢-) ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵناوی سادەو دەیانکەن بەناوی دارێژراو:

ی، ەتی، ێتی، ایەتی، ایی، ە، ڵان/ەڵان، ێن، ک/ik/، ان، انە، ەن، ەک، ین، ندە، ەمەنی،

٣-) ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر کاری سادەو دەیکەنە ناوی دارێژراو:

ئەو ناوانەی بە /ناوی کاری Verbal noun ناسراون،

هەندێ پاشگر بە:

١- ڕەگی کاری رابردوو و ئێستاو ناوی چاوگ (اسم المصدر)ەوە دەلکێن و ناوی داڕێژراو دروست دەکەن،

ار، یار، ەر، مان، ۆکە، ە، گە، ەن، ەک، اک، وەرەوە، کە، ەوار، ندە، مەنی،

٤-) ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵکاری سادەو دەیانکەنە ناوی داڕێژراو، ین، ار، ەوا،


هەندێ پێشگریش هەن کە بە رەگی کار یا ناوەوە دەلکێن و ناوی داڕێژراو دروست دەکەن: پێ، ڕا، بەر، هاو،

هەندی َلەو پێشگر و پاشگرانەی بە:

١- ڕەگی کاری رابردوو و ئێستاو ناوی چاوگ (اسم المصدر)ەوە دەلکێن و ناوی داڕێژراو دروست دەکەن،

ار، یار، ەر، مان، ۆکە، ە، گە، ەن، ەک، اک، وەرەوە، کە، ەوار، ندە، مەنی،

هەندێ پێشگریش هەن کە بە رەگی کار یا ناوەوە دەلکێن و ناوی داڕێژراو دروست دەکەن: پێ، ڕا، بەر، هاو.. .




پرۆفیسۆر وریا عمر امین دەنووسێت:

لە(رێزمانی کار)دا دەڵێت:

(ژمارەی چاووگە رەسەنەکانی وەک { کردن - هاتن - بوون - خواردن......) بە شێوەیێکی گشتی لە زمانی کوردیدا زۆر نین و لە دەور وبەری (٤٠٠)دا دەبن،

هەر لەم ژمارە کەمە سنووردارە سەدان و هەزاران چاووگ و کاری تریان لێ وەردەگیرێ و دادەرێژری

بەهۆی پێشگر و پاشگر و ناو و ئاوەڵناو ئاوەڵکردار و...، هتد و بە پێی ئەم یاسایانە :

یاساکانی دارِشتنی چاووگی لێکدراونموونە:

١ پێشگر + چاووگ هەڵ ـ هاتن / هەڵاتن

٢ چاووگ + پاشگر بردن ـ ەوە / بردنەوە

٣ ناو + چاووگبیر ـ کردن / بیر کردن

٤ ئاوەڵناو + چاووگ پڕ ـ کردن / پڕکردن

٥ پێشبەند + چاووگ لێ ـ کردن / لێکردن

٦ پێشگر + چاووگ + پاشگر هەڵ ـ دان ـ ەوە / هەڵدانەوە

٧ ناو + چاووگ + پاشگر بیر ـ کردن ـ ەوە / پڕکردنەوە

٨ پێشبەند + ناو + چاووگ + پاشگر لە + یەک + دان + ەوە / لێکدانەوە

٩ ئاوەڵناو + چاووگ + پاشگر روون ـ کردن ـ ەوە / روونکردنەوە

١٠ پێشبەند + ناو + چاووگ به ـ سک ـ دان / بەسکدان

١١ پێشبەند + پێشگر + چاووگ تێ ـ بەر ـ دان / تێبەردان

١٢ پێشگر + پێشبەند + پێشگر + چاووگ دەر ـ به ـ دەر ـ بوون / دەربەدەربوون

١٣ پێشبەند + چاووگ لێ ـ دان / لێدان

١٤ پێشبەند + ناو + چاووگ له ـ بیر ـ کردن / لەبیرکردن

١٥ ناوی سروستی + اندن چریکه - اندن / چریکاندن

١٦ ڕەگی تێنەپەڕ + اندن ترس + اندن / ترساندن

هەروەها پرۆفیسۆر وریا عمر امین دەنووسێت:

ڕەگی کار و یاساکانی وەرگرتنی

رێزمانی کوردی چاووگی کردۆتە سەرچاوە لێیەوە ڕەگی کاری لێ وەردەگیرێ، چاووگ بە (ن) کۆتایی دێت، پێش (ن) یەکێ لەم پێنج فۆنیمانە دەردەکەوێ { /ا/ - / ت / - / د / - / وو / - / ی / }،

ڕەگی رابردوو: بە لابردنی (ن) ی چاووگ دەست دەکەوێ:

پرسین - ن پرسی

هێنان - ن هێنا

چاندن - ن چاند

بوون - ن بوو

خەوتن - ن خەوت

ڕەگی داهاتوو: لە ڕەگی رابردووەوە بەم پێڕەوە وەردەگیرێ:

١ - دوا فۆنیمی ڕەگی رابردوو لادەبرێ { /ا / ی تێنەپەڕ و / وو / ی تێپەڕ نەبێ }،

٢ - / ا / دەکرێتە / ێ / لە چاووگە یائی یەکانا نەبێ،

جۆری چاووگ     یاسا     نموونە رەگی رابردوو
رەگی داهاتوو

ا     تێپەڕ - ڕ     کێلان کێلا کێل

تێنەپەڕ ڕ ێ     تۆران تۆرا تۆرێ

ت     تێپەڕ - ت     پاڵاوتن پاڵاوت پاڵێو

تێنەپەڕ     خەوتن خەوت خەو

د     تێپەڕ - دڕی     بژاردن بژارد بژێر

تێنەپەڕ     مردن مرد مر

وو     تێپەڕ ---     دروون دروو دروو

تێنەپەڕ - وو     بوون بوو بــ

ی     تێپەڕ - ی     تاشین تاشی تاش

تێنەپەڕ     وەرین وەری وەر

چاووگە ناوێزەکان

ئەم (٣٢) چاووگە ناوێزەن، هەر چاووگێک لەم لیستەیەدا نەبێت بە یاساکان رەگی داهاتوویان دەست دەکەوێ:

بردن - بە

بەستن - بەست / بەس

بیستن - بیست / بیس

پشکووتن - پشکوێ

چێشتن - چێژ

خستن - خە

خواردن - خۆ

خواستن - خواز

دان - دە

دیتن - بین

رستن - رێس

رشتن - رێژ

ژیان - ژی / ژیێ

سەندن - سێن / سەن

کردن - کە

رۆیشتن - رۆ

کڕۆشتن - کڕۆژ

کوشتن - کوژ

گواستن - گوێز / گواز

گوتن - ڵێ

گەستن - گەز

گەیشتن - گە

مان - مین / مێن

ناشتن - نێژ

نان - نێ

نوستن - نوو

وتن - ڵێ


ویستن - ەوێ

هاتن - ێ / هێ

هاویشتن - هاوێ / اوێ

(هەڵ) ستان - ست / س

هێشتن - هێڵ




یاساکانی دانانی وشەی داڕیِژراو بەیاریدەی

پێشگرو پاشگر و ڕەگی داهاتوو

بەپشت بەستن بە زانیارییەکانی کتێبەکەی د، ئەورەحمانی حاجی مارف: وشە رۆنان لەزمانی کوردیدا، چ: کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا، ١٩٧٧:

١-ناوی داڕێژراو نموونە:

١-ناوی سادە +پاشگر ئاسنگەر / ٥٨ پاشگر

٢-ئاوەڵناوی سادە+ پاشگر   درێژی / ١٧ پاشگر

٣-کاری سادە:

(ڕەگی چاوگ)+ پاشگر وتار/١٥ پاشگر

٤-ئاوەڵکاری سادە + پاشگرپێشین / ٣ پاشگر

٥-پێشگر+ڕەگی چاوگ     پێویست / ٣ پێشگر

٦- پێشگر+ ناوی سادە       هاوڕێ / ١ پێشگر

٢      ئاوەڵناوی داڕێژراو

١- پێشگر+ ناوی سادە       بێ هۆش/ ٢ پێشگر

٢- ناوی سادە +پاشگر       زێڕین/ ١٧ پێشگر

٣-پێشگر+ئاوەڵناوی سادە یا داڕێژراو
نەخۆش/ ٢ پێشگر

٤- پاشگر+ ئاوەڵناوی سادەیا داڕێژراو
نەرمۆڵە/ ١٢ پێشگر

٥- پێشگر+ ڕەگی چاوگ   نەمر/ ١ پێشگر

٦- پاشگر+ ڕەگی چاوگ   گەڕۆک/ ٥ پێشگر

٧- پاشگر+ئاوەڵکاری سادە سەرەکی / ٣ پێشگر

٣ کاری دارێژراو

١- پێشگری سادە +کاری سادە(چاوگ)
دابەزین / ١٢ پێشگر

٢-پێشگری ناسادە +کاری سادە(چاوگ)
تێوەگلان/ ١٢ پێشگر

٣- پاشگر+ کاری سادە(چاوگ) ١

٤ ئاوەڵکاری دارێژراو

١-پێشگر+ناوی سادە بێ گومان/ ٢ پێشگر

٢-پاشگر+ناوی سادە ژیرانە / ٤ پێشگر

کۆ ١٧٠ حاڵەت

کۆ بەسوودوەرگرتن لە٤٠١چاوگ واتەرەگ،
پاشگروپێشگروبەیەکەوە

x ١٦ ڕەوش بەبەکارهێنانی چاوگ...، ،

ناوی داڕێژراو

ڕەگی چاوگ پێشگر پاشگر

یائی ١ ٧ \تائی ٢٢ \دالی - ٣ \ئەلفی ١٧\ واوی - ٧

ئاوەڵناوی داڕێژراو ڕەگی چاوگ پێشگر پاشگر

یائی ١ ٣ \تائی - ١ \دالی ١ ١\ئەلفی - ٢ \ واوی

کاری داڕێژراو ڕەگی چاوگ پێشگر پاشگر

یائی ٦ -\تائی ١١ - \دالی ١ ١ ١\ئەلفی ٩ ١

واوی ١٠ ١

کۆ ڕەگی چاوگ پێشگر پاشگر

یائی ٨ ١٠ \تائی ١٣ ٣ \دالی ١٢ ٥\ئەلفی ١٠ ١٠

واوی ١٠ ٢

کۆ ٥٣ ٣٠

زاراوە ڕەگی چاوگ پێشگرو پاشگر

یائی ۱۱۳  ۸ \تائی ۸۵  ۱٦ \دالی ۳۸  ۱۷

ئەلفی ۲۰۰  ۲۰ \ واوی ٤  ۱۲

وشەی لێکدراو

۱ ناوی لێکدراو

۱- دوو ناوی سادە، شاهەنگ

۲ ۲- دوو ناوی سادە، بەیارمەتی یەکێک لەم (ئینتەرفیکسی)انە:

۱-(ە)،

۲-(و)،

۳-(بە)

بەردەنوێژ،

هێلکەوڕۆن،

سەربەگێچەڵ

٣- ناوێکی سادەو ئاوەڵناوێک، بەیارمەتی ئینتەرفێکسی (مۆرفێمی پەیوەندی) ی (ە)،

مێرگەسوور

٤- ئاوەڵناو+ ناو، ڕەشماڵ

٥- ئاوەڵناوێک و ناوێکی سادە، بەیارمەتی یەکێک لەم (ئینتەرفێکی)انە:

١-(ە)،

٢- (و)

ڕەشەبا

گەندوگوو

٦- لە ناوێکی سادەو ڕەگی کار،

دارتاش

٧- لە ناوێکی سادەو ڕەگی کار، بەیارمەتی (ئینتەرفێکس) (و)،

٨-- لە دوو ڕەگی کار، بەیارمەتی ئینتەرفێکی (و)، دەست وبرد،هات وچۆ

٩- ئاوەڵکارێک و ناوێکی سادە، بەرماڵ

١٠- ناوێکی سادەو وشەیەکی بێ واتا، بەیارمەتی ئینتەرفێکی (و)، گوڵ ومۆڵ

١١- رەگی کارو وشەیەکی بێ واتا بەیارمەتی ئینتەرفێکسی (و)، کوڵ وکۆ

١٢- دووپاتکردنەوەی ناوێک بەیارمەتی ئینتەرفێکسی (ە)، لوورەلوور

٢- ئاوەڵناوی لێکدراو:

١- دوو ناو، بەژن چنار

٢- ناو + ئاوەڵناو، سەرگەرم

٣- ناو + ناوی بەرکار (اسم المفعول)، سەرشکاو

٤- دوو ناو، بەیارمەتی ئینتەرفێکسی (بە)، قوڕبەسەر

٥- ئاوەڵناو + ناو،

خۆش باوەڕ

٦- ئاوەڵناو + ناو، بەیارمەتی ئینتەرفێکسی (ە)،

کورتەباڵا

٧- ناو + ڕەگی کار،

٨- ئاوەڵناو + ڕەگی کار، باركێش

ڕاستگۆ

٩- ژمارە+ ناو، دوودڵ

١٠- ئاوەڵناو + وشەیەکی بێ واتا، بەیارمەتی ئینتەرفێکسی (و)، نەرم ونۆڵ

١١- ئاوەڵکارێک + ناوێکی سادە، ژێردەست

١٢- دووپاتکردنەوە، کون کون

١٣- ئاوڵکار + ڕەگی کار، کەم خۆر

٣ کاری لێکدراو: بەیاریدەی ناو و ئاوەڵناو پێکدێ:

١- بەیاریدەی ناو:

ناو (مادی بێ یا مەعنەوی)، ناوی داڕێژراو و لێکدراویش وەک ناوی سادە دەتوانن یارمەتی پێکهێنانی کاری لێکدراو بدەن:

ڕ- ناوی سادە، مل نان

ب- ناوی داڕێژراو، ڕێگاگرتن

جـ- ناوی لێکدراو، ماستاوکردن

٢- بە یارمەتی ئاوەڵناو:

ئاوەڵناویش (سادە، داڕێژراو یا لێکدراو) هەروەک ناو دەتوانێ لە دروستکردنی کاری لێکدراودا بەشدار بێ:

١- ئاوەڵناوی سادە سووربوون

٢- ئاوەڵناوی داڕێژراو بەهێزبوون

٣- ئاوەڵناوی لێکدراو، سەرخۆش بوون

٣- هەندێ وشەی مانای سەربەخۆیان نییە لە کاری لێکدراو بەشدار دەبن:

کاری (کردن) (لەگەڵ ناو و ئاوەڵناو لە کاری لێکدراو بەشدارە)    زین کردن

کاری (بوون) (لەگەڵ ناو و ئاوەڵناو لە کاری لێکدراو بەشدارە)    ڕەش بوون

کاری (دان)، گرتن، بردن، کەوتن، هاتن، ، ، هتد کاران،        بڕیاردان

٤    ئاوەڵکاری لێکدراو:

١- دووپاتکردنەوەی (ناو، ژمارە، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار        دوودوو

٢- دووپاتکردنەوە بە یارمەتی:

ڕ) ئینتەرفێکسی (او)،        پشتاوپشت

ب) ئینتەرفێکسی (ەو)،        بانەوبان

٣- ئاوەڵناو + بە + ناو        پڕبەدڵ

-د. ئەورەحمانی حاجی مارف: وشە رۆنان لەزمانی کوردیدا، چ: کۆری زانیاری کورد. بەغدا، ١٩٧٧.

ناوی دارِێژراو(بە پاشگرەکانی):

(ار، یار، ەر، مان، ۆکە، ە، گە، ەن، ەک، اک، وە/ ەوە، کە، ەوار، ندە، مەنی، )

(بە پێشگر ەکانی): ((پێ، ڕا، بەر، هاو)،

رەگی کاری داهاتوو لە چاوگی یائی (ین) وەرگیراون: بەتایبەتی پاشگری:

یار، ار، ۆکە، ە، ندە،

پێشگری(بە)و (بەر)،

ئاژنین \ ئاژن\

ئاژنیار، ئاژنار، ئاژنۆکە، ئاژنە، ئاژنندە، بەئاژن، پێئاژن، ڕا ئاژن، بەرئاژن

، هاو ئاژن

ئانین \ ئان \

ئانیار، ئانار، ئانۆکە، ئانە، ئانندە، بە ئان، پێئان، ڕائان، بەرئان، هاوئان

بارین \ بار \

باریار، بارار، بارۆکە، بارە، بارندە، بە بار، پێبار ، ڕا بار، بەر بار، هاو بار

بەخشین \ بەخش\

بەخشیار، بەخشار، بەخشە، بەخشندە، بەخشۆکە، بە بەخش، پێ بەخش،

ڕابەخش، هاو بەخش

بەزین \ بەز

بەزیار، بەزار، بەزە، بەزندە، بەزۆکە، بەبەز، پێ بەز، ڕابەز، هاوبەز

بڕین \ بڕ

بڕیار، بڕار، بڕە، بڕندە، بڕۆکە، بەبڕ، پێبڕ، ڕابڕ، هاوبڕ

بوورین \بوور

بووریار، بوورار، بوورە، بوورندە، بوورۆکە، بە بوور، پێ بوور، هاو بوور

# تەکنۆلۆجیا لەخزمەت زمانی کوردیدا

ئەمڕۆ، تەکنۆلۆجیا لەخزمەت مرۆڤایەتی دایە ، بەتایبەتی کۆمپیوتەر ڕۆلی کاریگەر لەم بوارە دەبینێت،

بۆیە دەکرێ بۆئەوەی خێراو دروست و ئامێرەکیی وخۆکارانە بگەین بە زاراوەی پێویست، سود لە بەرنامەکۆمپیوتەرییەکان وەرگرین،

سەرەتا، دەکرێ سەرجەم کەرەستە زمانیە پێویستەکانی وەک: رەگی کار، ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکاری بەردەست کۆبکرێنەوەوبەسیستەمێکی تایبەت بخرێنە کۆمپیوتەرەوە،

بەسوود وەرگرتن لە کتێبەکەی ڕەوانشاد ، د. ئەورەحمانی حاجی مارف:

وشە رۆنان لەزمانی کوردیدا، چ: کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا، ١٩٧٧، وئەم یاسایانەی لێوەی وەردەگیرێن وئەم یاسایانەی:

پرۆفیسۆر وریا عمر ئەمین نووسیوینی و لە(رێزمانی کار)دا ئاماژەی پێداون ولەسەرەوە هناومانەتەوە،


بەیارمەتی پرۆگرامسازێکی کۆمپیوتەر ، بەرنامەیەکی پوخت دابندرێت بۆ زاراوە دانان لەڕێگای کۆمپیوتەرەوە،


دەشێ ئەم بەرنامە کۆمپیوتەرییە ناو بنێین(ئەوڕەحمان-ئەمین) بۆ رێزلێنان لەئەرک وماندووبوونی ئەم دووماموٚستا بەڕێزانە.


# شێوازەکانی زاراوە دانان

## وەرگرتن



# شێوازەکانی زاراوە دانان

## وەرگرتن

سێیەم شێوازی زاراوە دانانە : وەرگێڕان ،دانان ،وەرگرتن .

وەرگرتن دواپەناگەیە زاراوەساز هانای بۆدەبات ،دوای ئەوەی ناتوانێت لەفەرهەنگ و کتێبەکان وشەیێک بدۆزێتەوە بەرانبەر زاراوە یا وشە بیانییەکە و دوای ئەوەی پەکی دەکەوێ لەڕۆنانی زاراوەیێکی نوێ بەدارِشتن یا خوازە (پێچەک) .

وەرگرتن ،دیاردەیەکی گشتیە لە نێو زمانە هاوچاخەکاندا ، شایانی باسە ((لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ئەوە دەخەنە ڕوو ،زیاتر لەنیوەی وشە ئینگلیزییەکان ، لەبنچینەدا ئەنگلیزی نیە ،وەنزیکەی نیوەی وشە فەڕەنسییەکان ،لەبنجدا لاتینین ، وئەوەی دیکە لەبنجی دیکەن ))(د.عبدالكريم خليفة :اللغة العربية والتعريب فى العصر الحديث ٢٢٥.،ممدوح٢٣٨)

زمانی عەرەبی ،بەپێی لێکۆڵینەوەی چەند توێژەرێک ---
-(٢٥٠) وشەی لەیۆنانی و

-(٢٧٧) وشەی لە لاتینی وەرگرتووە، هەروەها

-(١٤٠٠)وشەی لەفارسی وەرگرتووە،

- (٢٥٠)وشەی لەتورکی وەرگرتووە .

(د.محمدالمنجی الصیادی :التعریب وتنسیقه فی الوطن العربی ٦٢) .
ئێستاش لەئیتاڵی و ئینگلیزی و فەڕەنسی بێژماروشە وەردەگرێت ،ئەم لەیەک وەرگرتنەشی شوونەواری بەیەک گەیشتن وبەریەک کەوتنی شارستانێتییەکانە .

زمانی کوردیش لەم دیاردەیە بەدەرنیە ،بەزیادەوە ،ئەم دیاردەیەی پێوە دیارە .

دەشێ وشە وەرگیراوەکان ، بکەونە سازگەی پێوەری دەنگ و گەردانی زمانی کوردی ، ئەوکاتە پێی دەوترێت: سازدانی بێژەیی(زاراوەی سازێندراو)، دەشێ نەکەو نە بەرپێوەری دەنگی و گەردانی زمان کوردی، ئەوکات پێیان دەوترێت: خواستنەوە (زاراوەی خوازراوە) ،وەک :

سیڕات (سراط): سازێندراو

سەروەت (ثروة ) : سازێندراو

-کۆمپیوتەر : خوازراوە

سازدان:

وشەی سازدراو واتە :کورد وشە بیانییەکە،بەپێی ڕێسای خۆی دەسازێنێت،وەک: سەروەت (ثروه) ،درەم (درهەم) و دینار ،سیڕات (سراط)،فەلسەفە، زیندیق ،تاخم (طقم) (تورکییە) ...

خواستنەوە (زاراوەی خوازراوە): واتە :کورد وشە بیانییەکە،و ەک خۆی بەکاردێنێت،ناکەوێتە سیستەمی دەنگیی کوردی( پیت و دەنگ و بنیاتی دەنگی )وەک: کۆمپیوتەر،هایدرۆجین...

بەمجۆرە وەرگرتن بە(سازێندراوو خوازراوە ) ی شێوازێکی پەرەپێدان و دەوڵەمەندکردنی زمانە .

لە بوارە جیاجیاکانی رۆشنبیری وزانستی بە سەدان زاراوە لەهەربوارێکدا، لە زمانە بیانییەکان وەرگیراون،هەر کتێبێکی فێرگەیی بکەیتەوە بەدەییان

وزیاتر وشەو زاراوەی وەرگیراو بەرچاو دەکەون،چەند زاراوەیێک لە :فەرهەنگی زیندەزانی(القاموس البایولوجی) ،زاهیر محەمەد سەعید ،دەهێنینەوە:

ئەنزیمی ترشە فۆسفات:فوسفاتیز حامضي ل ٧

پرۆتینی:بروتینی،زلالي ل ١٠

ئەنۆکسیما،نەئۆکسانی خوێن:انوکسیما ،عدم تاکسد الدم ل ١٥

دژەڤایرۆس:ضدالفایروس ل١٧

زیندەکیمیازان :کیمیائی حیوي ل ٢٥

فۆرمالین(پاکژکەرەوە):فورمالین ل ٩٦

گەمیتەخانە:خلیە الامشاج ل٩٩

فیسیۆلۆجی،کار ئەندامزانی:علم وظائف الاعضاء ل٤٦٨

هۆرمۆنزانی:علم الهرمونات ل٤٦٨

ڤێتێرنەری:علم البیطرة ل٤٦٨

بەکتریازانی:علم الکتریا ل٤٦٨

بایۆفیزیا:علم الفیزیاء الحیویة  ل٤٦٧

کرۆمۆسۆمی-  : کروموسوم -       ل ٤٥٩

سپۆری نامۆ :بوغ دخیل  ل ٤٥٧

زاهیر محەمەد سەعید(٢٠٠٩)، فەرهەنگی زیندەزانی(القاموس البایولوجی) ،ئینگلیزی -عەرەبی - کوردی،چاپی چوارچرا-سلێمانی.

زمان ،بەرهەمێکی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە،هەرکۆمەڵە مرۆڤیک بەپێی مێژووی گۆڕان و پەرەسەندنیان لەکۆمەڵگەیێکی دیاریکراودا و بەکاریگەری ژینگەی خۆیان پەرەیان بەزمان داوە . هەرچەندە بۆچوون هەیە دەڵێت ، بنجی زمانەکان یەکە ،ولەیەک زمانی دایک، زمانەکانی دیکەپەیدابووین.

پێشکەوتنی شارستانی و بەیەک گەیشتنی شارستانیەکان، وشەو زاراوە گەلی و دەردەکەون پەیوەندی بەم قۆناغەوە هەیە ، ئەوەتا :سەنجە قدار، یوزباشی ،تابور ،حەکەمدار،..نیشانەی سەردەمێکی مێژوویین.

ڕێبازی نوێ

-پابەندبوون بەسیستەمی دەنگیی کوردی( پیت و دەنگ و بنیاتی دەنگی )ئەوەی لەگەڵ سیستەمی دەنگی کوردی گونجاوە لەزاراوە وەرگیراوەکاندا،ئەوا زاراوەی سازێندراوە ، ئەوەی مەرجێک یازیاتری تیا نەهاتەدی بەزاراوەی هاوردە دادەندرێت .

-بێژەی بیانی (ناو) سازێندراو، پێویستە وەک زمانی یەکەم بێژە بکرێت ، ببێژرێت، لەزمانی یونانی و لاتینی Ch :

چ(چ) لەئینگلیزی ،ش لەئەڵمانی ،ک،خ (لەیۆنانی )(ممدوح ێ٢٦٩) ،(بەئەڵمانی )،ژ (بەفەرەنسی ) ،خ (بەئیسپانی) (ممدوح ص٢٦٩)

کۆڕی زمان لەقاهیرە (مجمع القاهرة ــ ١٩٣٣ ) لە١٩٣٧،خولی چوارەم ،سەبارەت نووسینی ناوی بیانی بەپیتی عەرەبی (١٦) بڕیاری دەرکرد :لەژمارە (٩): نووسینی:

پ :p

چ : ch

گ : g

ژ :j

(المجمع القاهرة قرارات كتابة الاعلام الاعجمية ٤/ ١٢٤،(٢٧٢)ممدوح.

واتە : پێویستە بێژەی بیانی بخرێتە سازگەی دەنگی کوردی و شێوازی بێژەوی (اسلوب النطق) کوردی ،وتایبەتمەندی زمانەکە بپارێزین و پەیژەی دەنگی زمانی کوردی بپارێزین .

کەواتە پێویستە پیت / دەنگی بیانی بگوازرێتەوە بۆنزیکترین پیت /دەنگی زمانی کوردی ،بەلەبەرچاوگرتنی چۆنەتی بێژەوە (نطق)بیانیەکە.

پیتی J - لەئەڵمانی بە(ی) دەخوێندرێتەوە ، وەک لە یینا jena= ،لەفەڕەنسی بە(ژ) دەخوێندرێتەوە و، لەئیسپانی بە(خ) گۆدەکرێت

Ch- لەفەڕەنسی (ش) ، لەئینگلیزی (چ) ،لەئەلمانی (ش) یا (خ) ولە هەندێ زمانی دیکە بە(ک) گۆدەکرێت .ممدوح ێ٢٨١)

شایانی باسە لە(١٩٢٥) کۆنگرەی زمان لەکۆبنهاگن بەستراو بڕیاری (دانانی سیستەمێکی نێودەوڵەتی دا بۆنوسینی دەنگەکان و گواستنەوەیان .(د.محمد رشاد

الحمزاوی : اعمال مجمع القاهره ٢١٦) (ممدوح ص ٢٨٢)، هەروەها بڕیاری دا: ڕای سپارد ،ناڕاستەوخۆ ،بەپەیڕەوکردنی پێشنیازەکانی پەیوەستن بەبەکارهێنانی پیتی لاتینی،لە ٢٤یولیو ١٩٢٩ ،وەک پیتی نێودەوڵەتی وبە پشتگیری تایبەتی لەئینستیتیوتی نێودەوڵەتی بۆهاوکاریی هزری،کەلەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان داندرابوو)(د.محمد رشاد الحمزاوی :١٩٩)ممدوح (٢٨٢)

٢- هەبوونی کێش\رەزمی زمانی کوردی:

نزکترین کێشی وشەی زمانی کوردی رەچاو بکرێت لەسازدانی زاراوە وهاوردەکردنی .واتە رەوت (نسق)و بەدوایەکداهاتنی (پیت /دەنگ) ە کانی وشەکە، نزیک بێت لەڕەوتی بەدوایەکدا هاتنی پیت/ دەنگە کوردییەکان .

٣-بنیاتی دەنگی کوردی

ئەم کۆمەڵە تایبەتمەندییە بێژەوییە /گۆکردنەکی (النطقیة) یەی  زمانی کوردییە، واتە سروشتی نەریتە دەنگییە خۆزاییەکانی مرۆڤی کورد،کەواتە بنیاتی دەنگی کوردی مەرجە بۆ وشە /زاراوەی هاوردەی بیانی وجیایدەکاتەوە.

وشەکانی: ئەپستمۆلۆجیا ،ئۆپۆزیسیۆن ،ئیکۆلۆجی، ترانستۆر..زاراوەی هاوردەن .

گونجانی دەنگ/ پیتەکان:

شایانی باسە سازگەی دەنگەکان / پیتەکان، لەوشەدا،ئەوشوێنانەن لەدەزگای ئاخاوتن / گۆکردنی دەنگەکانی مرۆڤ ،لەئەوپەڕی دەزگای ئاخاوتن دەست پێدەکات (هەوک) پلە پلە تادەگاتە لێوەکان و بەچەندان شوێندا ڕەتدەبێت .

وشە /زاراوە هەیە لەزمانە جیاجیاکاندا بێژەوی جیاوازی هەیە، تیایاندا هەیە نزیکە لەسازگەی دەنگی کوردی، ئەوەیان پەسەند دەکرێت .

micron مایکرون (ئینگلیزی )میکرۆن (فەڕەنسی)

Fibrin فایبرین (ئینگلیزی )،فیبرین (فەڕەنسی ) (ممدوح ل٣٥٠)

کەواتە ڕەچاوکردنی ئەلفوبێی دەنگیی / فۆنەتیکی کوردی ورەزمی گەردانی زمانی کوردی و بنیاتی دەنگی کوردی (سیستەمی دەنگی کوردی)،مەرجە بۆزاراوەی سازدراو،لەبەر ئەمە پێویستە چاو بەوەرگیراوەکانی

پێشووبگێڕینەوە بۆئەوەی بەپێی ئەم بەرنامەیە راست بکرێنەوە.

زۆرلە وشەو زاراوە بیانیەکان لە ڕەگ و گیرەک پێکهاتوون،

Prehistoire : پێش مێژوو

Geologie : جیۆلۆجیا

سازدانی پاژەکی

لەزاراوە سازیدا ،لەهەندێ زاراوەدا، سازدانی پاژەکیشیان بەکارهێناوە:

Partile:ربع \چواریەک +یل ile (چواربەشی یەکسان)

Pecile: عشر /دە +یل ile (دەبەشی یەکسان )

Centile : مئ(مئە)/ سەد + یل (سەد بەش)

Quart : چواریەک

Ile :دابەشی یەکسان

Aceton =خل /سرکە +ۆن on

Acetile   =خل /سرکە +ile  /یل

Carbonile =فحە /کاربۆن +ile / یل

Peptide  =هضم /هەرس+ide /ید

Vreide= بول / میز+ide/ ید

Idedogie  :  فکر /هزر +logi /ایدیوجیا

Axiologie  :قیم /بەها +logia لوجیا

بەڵام ،لەبری ئەم رێبازەی وەرگرانی گیرەک ، بەباش نەزاندرا لەبەئەوە :

ideologie  :   -علم الافکار –ئایدیۆلۆجیا

esthetique  :علم الجمال –جوانیناسی

یاخود دەوترێت : ایدولوجیە ،استاتیک

# بوارەکانی وەرگرتن

هەندێ بوار هەن لەزمانی بیانی پێویستە وەرگرتن لەبەرچاو بگیرێت ، وەک: ناوی کەسی و شتان /ناوی وڵات و جوگرافیایی وجل و بەرگ و خواردن و خواردنەوە و کەل و پەل و دەرمان ، پەیوەندی مایەکی و ناوی ئاژەڵ و روەکەکانی لەلایەن کورد نەناسراون ، هەروەها ناوی نەخۆشییەکانی لەکوردیدا نەناسراون .یاگەر وشە زاراوە کوردیەکە ، لەوشەبیانیەکە نامۆتر بوو ، یاوشە بیانیەکە لەبەکارهێناندا باوبوو، یا سیفەتی جیهانی وەرگرتبوو ، وەک ئەوەی لەزۆربەی زمانەکانی دیکە هەبووە.ناوی کانزاو توخمی کیمیایی نەناسراو لەنێو کوردا .

شایانی باسە ،لەمبوارە دەبێت هەموو شێوە زارە کوردییەکان لەبەر چاو بگیڕێن لە هەر لەشێوەزارێکدا هەبێت و لەوانەی دیکە دا نەبێت .

## وشە جیهانیەکان

وشە جیهانیەکان، وەک :مەترو گرام و کەرتەکانیان ، کالۆری ،ئەلکترۆن ،ئەتودو ،کاسود ،کۆمپیوتەر،سینەما ،بەلەکۆن ، سالۆن ،تاوڵە ،شەوال،فلّچە ،فلم، کادر، ئوتێل،تروپە، بوفیە.

خوازراوە،یا هاوردە (لاییدە)، ئەو وشە بیانیانەن ناکەونە بەر سیستەمی دەنگیی کوردی ،سازدراو ئەوەیە بکەوێتە بەر سیستەمی دەنگیی کوردی .

هەرچەندە وەرگرتن دیاردەییێکی زمانەوانیی جیهانییە،هیچ نەتەوە ناتوانێت دەستبەرداری بێت. بەڵام کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر زمانی نەتەوەیی.

-رەنگە وشەی کوردی بەهای دەربڕینی لەدەست بدات.

-بنیاتی دەنگی کوردی ، بەهاوردە کردنی دەنگی بیانی تێکدەچێت .بنیاتی دەنگی هەرزمانێک ، تایبەتمەندی زمانەکەیە و جیای دەکاتەوە لەزمانی دیکە.

-کار لەڕیزبەندیی فەرهەنگی \ قاموسی دەکات.

-پێناسە نەکردنی وشە هاوردەکان لەفەرهەنگ.

-بێژەوی وشەی وەرگیراو /هاوردە کەوا دەبێت ڕێکخرابێت ،یەک بێژەوی هەبێت .

-زێدەبوونی هاوبەش لەبێژەدا،لەزمانەوانی ،مەرجە هەر ڕاگەیەندراوێک (مدلول) یەک ڕاگەیێنی (دال)/هەبێت ، وشە نابێت واتای زۆربێت .لەبەر ئەوەی بنج ئەوەیە هەرناونراوێک یەک ناوی هەبێت .

واتە وشە هاوردەکە هاوبەشێکی هەبێت لەزمانی کوردیدا لەبێژەودا، بەواتاییێکی دیکە جیا لەواتای وشە هاوردەکە.

هەرچەندە بنیاتی زمان پێکهاتەی رستە و پیت ودەنگەکانیەتی ، بەڵام وشەی هاوردە کاریگەری خۆی دەبێت .

ساڵانە نزیکەی پازدە هەزار زاراوەی نوێ دەکەونە زمانە جیهانییەکان ،واتە ،بەلای کەم پێنج هەزار زاراوەی وەرگیراو ساڵانە دەکەوێتە زمانی کوردی ، دیارە کاریگەری نەرێنی لەسەر زمان دەبێت ،لەچاخەکانی داهاتودا ، بێگومان کەڵەکە بوونی زاراوە وەرگیراوەکان لەئەنجامدا گۆڕانی چونەکی دروست دەکەن ، زمان دەگۆڕن.

## چەند بنەمایەکی دۆزینەوەو دانانی

## زاراوەی زانستی

١- پێویستە پەیوەستی یان هاوبەشی یان لێکچوونێک هەبێت لەنێوان واتای زاراوەی زمانەوانی و واتا زاراوەییەکەی، مەرج نییە زاراوە هەموو واتا زانستییەکە بگرێتەوە.

٢- دانانی یەک زاراوە بۆیەک چەمکی زانستی، کەیەک ناوەڕۆکی هەبێت لەیەک بوار(مەیدان)دا.

٣- دوورکەوتنەوە لە فرە واتایی بۆ یەک زاراوە لەیەک بواردا، بێژەی تایبەتمەند لە پێشترە لە بێژەی هاوبەش.

٤- لێگەڕان و بووژاندنەوەی کەلەپووری کوردی، بەتایبەتی زاراوە زانستیەکان، کە دەشێ ئەمڕۆ بەکاربێت.

٥- پەیڕەوکردنی سستەمی دەولی لەهەڵبژاردنی زاراوەی زانستی، واتە:

١- هەوڵدان بۆ نزیک کردنەوەی زاراوەی کوردی و زاراوەی جیهانی بۆ ئاسانکردن و بەرامبەرکردنیان بۆ زانا و لێکۆڵەران . .

٢- پشت بەست بە پۆلێنکردنی دەیانەیی دەولی بۆ پۆلینکردنی زاراوەکان بەپێی بوارو لێکۆڵینەوەکانیان.

٣- دابەشکردنیان و پێناسەکردنیان و ڕێکخستنیان بەپێی هەربوارێک.

٤- هاوبەشی کردنی تایبەتمەندان و بەکاربەرانی زاراوە لە هەڵبژاردن و دۆزینەوەو دانانی زاراوەدا.

٥- بەردەوام توێژینەوەو لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت سەبارەت بە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دانەران و بەکاربەرانی زاراوە زانستیەکان.

٦- دەکرێ ڕەچاوی ئەم ریزبەندییە بکرێت لەدانانی زاراوەی زانستی:

کولتوور، دانان (پێچەک، داڕشتن، داتاشین، لێکدان، وەرگرتن)

٧- سوودوەرگرتن لەهەموو زاراوەکان و بەراورد کردنیان و هەڵبژاردنی نزیکترینیان لە واتای زانستییەکەو درووستتر بەپێی بنایاتی زمانی کوردی.

٨- رێژەی رەوان و ئاسان لەپێشترە لەڕێژەی گران ونامۆ.

٩- بێژەی بواری داڕشتن و داتاشین زیاتر بێت لە پێشترە لەوەی ئەم توانایەی بێت.

١٠- وشەی تاک لە پێشترە  لە وشەی ئاوێتە.

١١- وشەیەک  وردو گەیەنەر بێت لە واتادا، باشترە لەوەی  واتای گشتی و لێڵ بدات،

١٢- لەبەرچاوگرتنی رێک کەوتنی زاراوە کوردییەکە لەگەڵ واتای زانستی زاراوە بییانیەکە، بێ خۆبەستنەوە بە واتا بێژەییەکەی زاراوە بیانیەکە.

١٣- لە حاڵەتی هاوواتایدا یان نزیک لەو، ئەو بێژەیە لە پێشترە کە رەگەکەی هێما بۆ چەمکە بنچینەییەکە دەکات بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا.

١٤- وشەی باو لە پێشترە لەوشەی نامۆ مەگەر واتای زاراوەی زانستی لەگەڵ واتای وشە باوەکە ئاڵۆزکاوی دروست بکات.

١٥- دیارکردنی واتای زانستی وردی هەر وشەیەک بە جیا لەگەڵ هاوواتاکانی یان نزیک لە هاوواتاکانی.

١٦- لەبەر چاوگرتنی ئەو زاراوانەی تایبەتمەندان بەکاریان دێنن، چ خوازراوە بێت یان وەرگێڕدراو.

١٧- ئەو زاراوانەی لە بنجدا یۆنانی یان لاتینین یان ناوی زانایانن و وەک زاراوە بەکاردێن یان توخم و ئاوێتە کیمیاییەکان دەردەبڕن وەک خۆیان (واتە بە بێژەوی ئەوان) بەکاردێن .

# سەرچاوەکان

## کوردی

١-      د، ئەورەحمانی حاجی مارف: وشە رۆنان لەزمانی کوردیدا، چ: کۆری زانیاری کورد. بەغدا، ١٩٧٧

٢-د. ئاوڕەحمانی حاجی مارف، لە بواری فەرهەنگ نووسیی کوردیدا، بەغدا-١٩٧٨،

٣- نوو بهارا سەیدایێ مەزن ئەحمەدی خانی، صادق بەهائەدین ئامێدی، ١٩٧٩.

٤- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٣، هەروەها بەرگەکانی دیکەی.

٥-عەبدولڕەحمان زەبیحی ،قاموسی زمانِی کوردی،بەرگی دووەم،چا پخانەی  کۆری زانیاری کورد،بەغدا،١٩٧٩.   ل ٤٦

٦- مەسعود محەمەد-زاراوەسازی پێوانە-چاپخانەی سۆمەر-بەغدا-١٩٨٨،

٧- ئەورەحمانی حاجی مارف،رێزمانی کوردی- بەرگی یەکەم-مۆرفۆلۆژی - کۆڕی زانیاری عیراق - بەغدا- ١٩٧٩،

٨- د. کامل حەسەن بەصیر، زمانی عەرەبی وکێشەی زاراوەی کوردی ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا- ١٩٧٤.

٩- هەژار موکریانی، کورد و سەربەخۆیی زمان،گۆڤاری کۆڕی زانیاری،ب٢،ب١، ١٩٧،ل ٢٨٥ .

١٠- جەمال عەبدول ،زاراوەسازی و زانستاندنی زمانی کوردی،گۆڤاری ئەکادیمی کوردی ژمارە٧،کوردستان- هەولێر،٢٠٠٨. ل ١٣٣ .

١١-رۆژان نوری عەبدوڵڵا (٢٠١٣)،فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی،چ.چوارچرا،چ.٢، ٣٧٥ ل

١٢- جەمال عەبدول (٢٠٠١)،بەرکوڵێکی زانستە زاراوەسازیی کوردی، چ١ ،چا قەشەنگ،کوردستان- هەولێر،٢٠٠٨. ل ١٣٣ .

عربي

١- علم المصطلح وطرائق وضع المصطلح في العربية ،د. ممدوح محمد خسارة، دار الفكر،د مشق،٢٠٠٨)،

٢- د. على القاسمى- مقدمه فى علم المصطلح -بغداد - ١٩٨٥ .

٣-الأستاذ الدكتور علي القاسمي، علم المصطلح: أسسه النظرية وتطبيقاته العملية (بيروت: مكتبة لبنان ناشرون، ٢٠٠٨)، ٨٢١ صفحة من القطع الكبير.



**محەمەد وەسمان عەزیز**

لە دایکبووی: ١٩٥٣/١/١٨- هەولێر

ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا

کارنامەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی:

* بواری کارکردن: نووسەرو رۆژنامەنووس:

سەرنووسەری گۆڤاری داد.

* (٢٠) ساڵ لە رۆژنامەی (هەرێم) و گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) کاری کردووە.
* ئەندامی لێژنەی بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی. لە (٢٠٠٨)ەوە تا (٢٠٢١).
* ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردە.
* ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

بەرهەم و چاپکراوەکانی:

- دەروازەیەکی زیندەوەرزانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ١، هەولێر، ٦٤ لاپەڕە، ١٩٩١.
- بەرەو رۆشنبیری هاوچەرخ، هەولێر، ٤٨ لاپەڕە چاپی یەکەم، ١٩٩٢.
- د. شێرزاد نەجار، لەبارەی ڕۆشنبیری سیاسی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (o. p. l. c) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.
- چەند لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەنووسی، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر، ٢٠٠٤، ٢٣٢ لاپەڕە.

- کەسێتی تاکی عێراقی، نووسینی: د. عەلی وەردی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانکۆ، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٧٢ لاپەڕە. چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.
- م. رۆزنتال، ب. یوردین، ئینسایکلۆپیدیای فەیلەسوفان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٤، ٥٥٠ لاپەڕە.
- گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ٧٥ لاپەڕە، قەبارە: (٢١×١٤. ٥)سم.
- ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.
- من گەورەبووم، رێبەری کچان، وەرگێڕان، لەلایەن وەزارەتی تەندروستی چاپ کراوە، (٢٠٠٥)

- نویگەری، کۆمەڵێک وتار، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤، ١٠٧ لاپەڕە.
- کریس هارمان، مارکسیزم چۆن کاردەکات، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.
- د. شێرزاد نەجارِ، هزرو سیاسەت، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان ( o. p. l. c)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ٥٠ لاپەڕە.
- ڕێبەری کابان بۆ شیرنەمەنی و چێشت لێنان، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.
- نەوال سەعداوی، ڕوخساری رووتی ئافرەتی عەرەب، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.
- ئێرک فرۆم، هونەری خۆشەویستی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

- ئەجێندای کارەکان لە هەرێمی کوردستان، وەرگێڕان، هاوبەش، ژوورە بازرگانییەکانی هەرێم، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ١٧٢ لاپەڕە.
- ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام، فەلسەفەی دوالیزم لە هزری د. زەکی نەجیب مەحمووددا، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
- دەستوور کلیلی ماف و ئازادییەکانە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی یاسایی لە کوردستان (O. P. L. C)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ٦٢ لاپەڕە.
- کورتنووسیی لە زمانی کوردیدا، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.
- ڕێسا بۆ فێربوونی ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی، ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی

وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩، ٧٦ لاپەڕە، قەبارە: (٢٢×١٥. ٥)سم، نرخ: (٢٠٠٠) دینار.
- د. محەمەد مەحمود مەندەلاوی، مێژوو و شارستانیەتی کورد، لە لایەن دەزگای زهرە الرافدین بۆ ڕۆژنامەوانی و پەخش و بڵاوکردنەوە، بە هاوکاری کۆمپانیای ئاسیا سێل چاپکراوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ٣٦٧ لاپەڕە.
- ئینگلیزی گشتگیر- ڕێبەرێکی گشتگیر بۆ ڕێزمانی ئینگلیزی، وەرگێڕان، هاوبەش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ٣٢٧ لاپەڕە.
- ڕێبەر بۆ ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان، ٢٠١٠.
- بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی، بەشی یەکەم، زمان بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠وەک ئەندامێکی لیژنەی بیبلۆگرافیا.
- ڕەخنەو دەقی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی، هەولێر، ٢٠١٠.

- فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان، چاپی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١١.
- یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩، تیایدا هەموو هەموارکردنەکان دەستنیشانکراون کە لە هەرێمی کوردستان- عێراق تا کاتی چاپکردنی کارپێکراون، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، هەولێر، ٢٠١١.
- ئیتێکی ڕۆژنامەنووسی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ٩١ لاپەڕە.
- توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ٢٠١١، هاوبەش، رۆڵی رەگی کار لە زاراوەداناندا، ل ٢٤٥-٢٨٢، چاپخانەی رۆشنبیری چ١، هەولێر ٢٠١٢، ٣٧٠ لاپەڕە
- سوقرات، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ٣٢٧ لاپەڕە.

- فەلسەفەی سۆفیگەری، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ٣٢٧ لاپەڕە.
- لەبارەی سەرچاوەکانی پابەندبوون، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی، هەولێر، ٢٠١٣.
- زمانی یاسا، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان ( o. p. l. c) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم هەولێر، ٢٠١٣.
- فەرهەنگی زاراوە یاساییەکان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی، هەولێر، ٢٠١٤.
_ دادکارییەکانی یاسای جێبەجێکردن، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی، هەولێر، ٢٠١٤
- ڕێبەری داواشارستانییەکان، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠١٥.
- یاسای بازرگانی تیۆری گشتی، وەرگێڕان، نووسینی: د. باسم محمدصالح محمدسامی، چاپخانەی رۆژهەڵات، چ٣، هەولێر، ٢٠١٨، ٤١٥ لاپەڕە.

- یاسای بازرگانی پەڕاوە بازرگانییەکان، وەرگێڕان، نووسینی: د. فوزی محمدسامی و د. فائق محمودالشماع، بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی تەبایی، چاپخانەی هێڤی، چ١، هەولێر٢٠١٩، ٤٣٠ لاپەڕە.
- فەرهەنگی نەوەکان- الاجیال، چاپخانەی سنوور، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩. ٢٩٤ لاپەڕە.
- ژیاندۆستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سنوور، هەولێر، ژمارەی سپاردن، (٥٩٦)، ٢٠١٩، ٢٧٥ لاپەڕە.
- لە ژیاننامەی فەیلەسووفان،چاپ: سنوور- هەولێر،نۆرەی چاپ: یەکەم: ٢٠٢٠ .
-زاراوةزانی، چاپ: سنوور- هەولێر،نۆرەی چاپ: یەکەم: ٢٠٢١ .

فەیسبووک: MohamadWasman ژمارەی مۆبایل: ٠٧٥٠٤٦١٦٦٢٨

محەمەد وەسمان

# زاراوەزانی
# – terminology -
# علم المصطلح

هەولێر-٢٠٢١